# زمانناسی

ژمارە (١٣)ی ٢٠١٢

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

هەورامی لەهجەیە یان زمان؟

سوداد ڕەسول

مستەفا بارزانی و زمانی ستانداردی کوردی

سەلام ناوخۆش

گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی

محەمەد وەسمان

خزمایەتی لە زماندا

سەلام ڕەحیم

کۆنفراسی چێکردنی زمانی کوردی

ئەمجەد شاکەلی

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

ژمارە (١٣) ٢٠١٢



گۆڤاری زمانناسی

لەسەر ئەم ماڵپەڕە بخوێنەوە:

www. zimannasi.com


خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی. سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا ڕەحمان

بەڕێوەبەری هونەری
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
خەلیل هیدایەت مام شێخ



**ناونیشان**

کوردستان - هەولێر

شەقامی ئاراس

پشت قوتابخانەی ئەیوبییە

بۆ پەیوەندیکردن:

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

### سەروتار

جیاوازی لەنێوان زار و زمان..........خاوەن ئیمتیاز ٣

### لێکۆلینەوە

هەورامی لەهجەیە یان زمان ؟.......... سوداد ڕەسول ٧
ڕستەسازی.......... نەریمان خۆشناو ٥٥
شیکردنەوەی ڕستە .......... د. ئومێد بەرزان ٦٥

### وتار

لە باشووری کوردستان زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ.......... تاریق جامباز ٧٥
لە وێستگەکانی وشەسازیی کوردی .......... د.شەهاب تەیب ٧٨
خزمایەتی لە زماندا .......... سەلام ڕەحیم ١٠٩
(جەوەل) یان (جەبەل) کامیان ڕەسەنترن؟!..........بەختیار مام حەمید ١١٤
کۆنفراسی چێکردنی زمانی کوردی یا کۆنفرانسی کوژتنی زمانی کوردی..... ئەحمەد شاکەلی ١١٨
مستەفا بارزانی و زمانی ستانداردی کوردی .......... سەلام ناوخۆش ١٢٤

### بەدواداچوون

گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی.......... محەمەد وەسمان ١٣١

# جیاوازی لەنێوان زار و زمان

خ. ئیمتیازو
سەرۆکی رێکخراوی زمانناسی

زمان و زار زۆر جیاوازیان هەیە. نوسەر و ڕەخنەگران زۆریان لەسەر ئەو دوو قۆناغەی زمان و زار نووسیوە، هەروەها باسیان لە هۆکاری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری کردووە. هەرچەندە زمانی ستاندارد قۆناغی یەکزمانی و یەك دەولەتی و نەتەوەیی و بەزاندنی سەردەمی عەشیرەت و هۆزە.زمانی ستاندارد لە ڕووی هونەریوە لە زار جودایە، هەر یەکەی دەڤەرێك بۆ خۆی دادەبڕێ ،بەلام سنووری دەسەلاتی زمانیی زمان فراوانترە لە زار. دەکرێ هەندێ جیاوازیەکان لەو خالانە کورت بکەینەوە:

**یەکەم / زاراوەی تایبەت**

هەر یەك لە زمان وزار زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە زمان بەو مانایەی ئێمە لێرە بەکاری دەهێنین زیاتر بوارە پەروەدەیی و سیاسی و کارگێری و دامودەزگایی دەگرێتەوە لەو بوارانە چەندە زاراوەی تایبەت بەخۆیان بەکاردێن بە دەگمەن هەلدەکەوەێ هەندێ زاراوەی تر لەوبوارانە بەکاربێن زۆربەشیان ئەگەر تێکەل بکرێن لەگەل زاری (زمانی)ڕۆژانە قورسایی خۆیان

لەدەست دەدەن ،کەواتە زاراوەی یاسایی کارگێری سیاسی پەروەردەیی تەنیا لە زمان بەکار دێت .پێویستە ئەوانەش بە شێوەیەك دابرژێن لە لایەن لێژنەکەوە لێژنەیەکی تایبەتەوە رۆنان بکرێن هەتا وەك زمانێکی یەکگرتوی ستاندەر هەموو لەسەری کۆك بن وهەرچی هەندێ زاراوەی رۆژانە هەن ئەوانە خۆی لە خۆیاندا تایبەتن بە زارو بن زاری شوێنەکە،ئەوانەی دوایی وەك زار مامەلەیان لە گەل دەکرێ :وەك زاراوەی مێوە فرۆش و سەوزە فرۆشان زاراوەی تایبەت بە جوتیارو سەپان زاراوەی هەراچ چی، زاراوەی عەمەلە وکرێکار لەناو زمان جێگایان بۆ نەکراوەتەوە زاراوەی مێوان ،مندالّ بازو ژن بازان ئەوا لە زمانێکی وەك زمای ئینگلیزی لە فەرهەنگی ئاسایی نین.هەروەها رۆنانی ئەو جۆرە وشانە لە زمانی کوردی بە زۆری لەدەرەوەی رێساکانی رۆنانی وشەن لە زمانی کوردای دا.

دووەم/ ئەدەبی بوون

بێ گومان ئەفسانە و فۆلکلۆر زمانی ئەو دەقانە زیاتر لە چوار چێوەی زار دان نەك زمان چونکە خەسلەتی ناوچەیەیان بەسەر دا زالّە .لاوك وحەیران هۆرە بەستە نەك هەر ناسنامەی ناوچەو دەڤەیان دەردەخەن بەلکو هەتا وشەکانیش لەو چوار چێوە دەرناچن واتاشیان لە دەڤەری تر ئاسان نییە بە شێوازێکی تر وشەکانی لاوك وحەیران زیاتر تایبەتن بە دەڤەری هەولێر بۆیە کەسێکی هەورەمان تەواو لەو وشانە ناگات چونکە وشەکانی ئەو دەقانە لە سنوری ئاخاوتن دەرناچن .

ئـەو جـۆرە (زمانـە ) دەقێکـی ئـەدەبی–هونـەری پێنانوسـرێ و وێـڕای ئەوەش ،ناتوانێ ببیتە (زمان)ێکی پەروەردەیی لە دامودەزگاکانی خوێندندا .هەر هەولێك بدرێ دەبیتە هەلۆەشاندەوەی زمانی ستاندەری نەتەوە

ئەگەر زمانی ئـەو دەقانـە توانسـتی بـە ئـەدەبیبوونی نـەبوو ، ئـەوا ئـەو دەقانە هەمیشە ناسنا مەیان نابێت . دەقی ئەفسانە و فۆلکلۆر لە بنەڕەتـدا دەقێکی وتراون.هەرئەوەش وایکـردووە کـە بونیـادی هـەموو ئەفسـانەیەك ، هەرچەندە لە عەشیرەت و دەڤـەرو کـەلتوری جیـاواز بـن ،ئـەوا زمانیـان لـە زمانێکی ناوچەیی دەرناچن و لەیـەك بچـن! ! لـەم روانگـەوە کـە ئەفسـانەو فۆلکلـۆر و چـەندەها ژانـری ناوچـەیی دی هـەر لـەناو چوارچـێوەی زمـان دەمیێننەوە .

**سێیەم/ زمانی لێکۆلینەوە**

زمانی لێۆلینەوە وا رێکەوتووە زمان بێت نەك زار چونکە زار گوزارشت لە ناوچـەیەك دەکـات کـە ناوەنـدی خوێنـدنی فـەرمیی تێـدا کـەم بێ.لەوانەیـە مەسـەلەی لێکۆلێنەوەکـە لـە چوارچـێوەی کۆمەلگایـەك بـێ.وەك زمـانی دەڤەرێك یان کەلتوری دەڤەرێك:ئاین کەلتورە یان نەخێر؟؟ زمان خـۆی لـە چوارچێوەی زمانە؟؟...دەکرێ هەموو ئەمانە بـە زاری ناوچـەکە ،گوزارشـت تـاوتوێ بکرێـت هـەروەها گـۆرانی ، لاوك ، حـەیرانی دەڤەرەکـە بـە زاری هەرێمەکە بچڕێ! ! ناکرێ گفتوگۆی تاکەکانی ناوچەکە بە زمـانی ستاندارد بێت چونکە ڕەوشی زمانەکە و زارەکە دەشێوێن. زمانی لێکۆلینەوە دەکرێ

بە زمانی ستاندارد بۆ ئەوەی هەموو کەس لە مەسەلەکە بگەن نەك تاکەکانی دەڤەرەکە.

**چوارەم / لە یەکترگەیشتن**

ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگایەك لە یەکترگەیشتن و ئەوا چەند زارێك بە کاردێن و هێشتا لەکۆمەڵگایەکی عەشیرەتی دەژین و ڕزگارین نەبووە لە پەتای ئەو جۆرە ڕژێمەی وڵات. لە لایەکی تر ،مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی حەزی لەوەیە لە گفتوگۆکردندا زاری خۆی بە کاربێنێ.

جا ئەگەر بنەمای لە یەکترگەیشتن لە نێوان دوو ئاخێوەر هەبوو ئەوا بە دوو زاری یەك زمان قسە دەکەن ،بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە بنەمایە بوونی نەبوو :هەردوو ئاخێوەرەکە لە یەکترنەگەیشتن ئەوا بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن.لەوانەیە ئاخێوەرانی دوو زار لە یەك نەگەن و ئاخێوەرانی دوو زمانی لە یەك نزیك لە یەك بگەن، بەڵام ئەو حاڵەتە دەگمەن و کەمە.

ئەو چوار بنەما و شنگستەمان بە هەند وەرگرت، مەسەلەکەمان لە لا ئاسان دەبێت.بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەو هەموو زار و بنزارەمان هەیە کیشە و ئاریشەمان لە نێو بەرپا نابێ. سنووری زمان و زار تەواو جودایە، زمان بە گشتی پەروەدە و خوێندە هەرچی زارە بە گشتی قسەکرن و ئاخاوتنە .لە زمانەوانی گشتیدا هیچ کەس ناچار ناکرێ بە خورتی بە زمانی کتێب قسە بکات و زارەکەی وەلابنێت.

# هەورامی لەهجەیە یان زمان؟
# وەڵامێك بۆ فەرید ئەسەسەرد

سوداد ڕەسول

**دروستکردنی زمان زۆر لەوە زیاترە کە تەنها پێکهێنانی چەند سیستەمێکی هێما زمانییەکان بێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بنچینەییە کە مرۆڤەکان لەو ڕێیەوە ناسنامەی کولتوریی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنیات دەنێن کە ئینتیمایان بۆی هەیە.[1]**

**ڕۆی هاریس**

**زمانێکی سەربەخۆ یەکەم بنەمای نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. کورد، زمانێکی خۆی هەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی تورکی و فارسییەوە نییە. بەڵام بە هۆی پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو نەتەوانە کۆمەڵێك وشە و زاراوەی ئەو زمانانە هاتۆتە نێو زمانەکەیەوە، بە تایبەت لە فارسییەوە.[2]**

**فرێدریك میلینگن**

لەم سەد ساڵەی دوایی هەندێك لە کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان مشتومڕێکی زۆریان سەبارەت بە ناسنامەی لەهجەی گۆرانی و بن لەهجەکانی وەك

هەورامی و زازایی و باجەلانی، وروژاندووە. لە توێژینەوەکانیان گومانیان خستۆتە سەر کورد بوونی ئەم لەهجە کوردییانە، ئەمە لە کاتێك لەوەتەی کورد هەیە و باسوخواسی مێژووی زمانی کوردی لە ئارادایە، ئەم لەهجانە وەك بەشێکی جیانەکراوی زمانی کوردی دانراون، بە تایبەت لەهجەی هەورامی کە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردی پێ نوسراوەتەوە، هەروەها زمانی دینی ئەهلی هەق بووە و کتێبی دینەکەیان بە هەورامی نووسراوەتەوە.

لە پێشترین ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە گومانیان خستۆتە سەر کورد بوونی لەهجەی گۆران: چارلس ریو، ڤلادیمێر مینۆرسکی و مەیجەر سۆن و دەیڤید مەکەنزی بوون. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو ناوانە کەم هەتا زۆر بە نووسین و توێژینەوەکانیان زمان و مێژووی کوردییان دەوڵەمەند کردووە. لە سەردەمێك لە سەر ئەو بابەتە گرنگانە دواون کە فەرهەنگی کوردی لە ئاستێکدا بووە، زۆر پێویستی بەو توێژینەوانە بوود، بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئەوەی ئەوان نووسیوویانە لەبارەی کورد و زمان و مێژووەکەی، نابێ هەمووی بە ڕاست وەربگیرێ. ئەوانیش وەك هەموو توێژەرێك ئەو کەرەستە و بەڵگانەی لەبەردەستیان بووە، بە پێی ئەو میتۆدەی لەو سەردەمە باو بووە لێکۆڵینەوەیان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە ئامانجی سیاسی و ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی وڵاتەکانیان لەو ناوچانە، ئەو توێژینەوانەیان ئەنجام داوە، بۆیە دەکرێ بڵێین لە باسەکانیان تەواو ئەکادیمی و بێلایەن نەبوون. کاتی ئەوە هاتووە کە ڕۆشنبیری کورد بە نووسینەکانیان دابچێتەوە بە میتۆدێکی زانستیانەی نوێ، جارێکی دی بیانخوێنێتەوە و ڕاستی و چەوتیان لێك هەڵاوێر بکات.

بۆچوونی چەوتی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لەسەر ئەم لەهجە کوردییە، دواتر دەبێ بە سەردتایەك بۆ کوردناسی دیکەی دوای خۆیان کە هەمان ئەو ڕایانەی پێش خۆیان،

بە بێ لێکۆڵینەوە، دوبارە بکەنەوە. لە پاشان هەر ئەو بیروڕایانە وەك پەتایەك بە نێو هەندێك لە نوسەرانی کوردیشدا بڵاو بۆتەوە، جاروبار لێرەو لەوێ دەنگێك دەبیستی، یان وتارێك دەنووسرێ داوای زمانێکی سەربەخۆ بۆ لەهجەی هەورامی یان زازایی دەکەن، لەپاڵ ئەوەش داوای مافی زمانی خوێندن و ئیدارەش دەکەن کە گوایە هەورامی بۆ خۆی زمانێکی سەربەخۆیە و کوردی نیە، پێویستە مافە زمانییەکانی دابین بکرێ.

بەڕێز فەرید ئەسەسەرد وەك نووسەرێکی دیار لە ناو رۆشنبیری کوردییدا، بەمدواییە سەبارەت بە هەورامی کورتە وتارێکی لە گۆڤاری هەفتانە، ژمارە١٤٣ ، رێکەوتی ٢٢ ی مایسی ٢٠١١ بڵاو کردەوە، بە ناوی (هەورامان و هەوراەییەکان و زمانەکەیان) تیایدا بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ کە هەورامی لەهجەیەکی کوردی نییە و پێویستە کورد مافی زمانی هەوراميیەکان ڕەچاو بکات، هەر بەوەشەوە ناوەستێت داوای بە ڕەسمی ناساندنی ناوچەی هەورامان دەکات وەك یەکەیەکی ئیداری.

لەم باسەدا لە پێشدا هەوڵ دەدەین جیاوازی نێوان لەهجە و زمان روون بکەینەوە، بە خێراییش ئاوڕێك لە بیروڕای هەندێك لەو رۆژهەڵاتناسە دەدەینەوە کە سەبارەت بە هەورامی دواون. دواتر لەبەر تیشکی ئەم روونکردنەوانە بیروڕاکانی ئەسەسەرد لەمەڕ هەورامی و هەورامان تاوتوێ دەکەین، هەروەها روونی دەکەینەوە کە ئایا هەررامی لەهجەیەکی زمانی کوردییە یان زمانێکی سەربەخۆیە.

## لەهجە و زمان

توێژینەوە لە بارەی لەهجە و تایبەتمەندییەکانی و جودا کردنەوەی لەهجە لە زمان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زمانناسی کۆمەڵایەتی sociolinguistics چونکە ئەم مەسەلەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە ئەو زمان و لەهجانە ئاخاوتنی پێ دەکەن. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لقێکی زمانناسی

بە ناوی لەهجەناسی dialectology پەیدا بوو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە لەهجە و کۆکردنەوەی لەهجە مەحەلییەکان بە تایبەت هی گوندەکان، هەروەها چۆنیەتی پەیوەندییان لەگەڵ زمانی دایك، کێشەی لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتنی ئاخێوەرانی ئەو لەهجانە لەگەڵ یەك، سەرەڕای روونکردنەوەی پەیوەندی لەهجە لەگەڵ زمانێکی ستانداردی خوێندن و نووسین.

زمانناسان تا ئێستا نەگەیشتونەتە پێوەرێکی راست و دروست بۆ جیا کردنەوەی لەهجە لە زمان. هەندێك تێگەیشتن لە زمانی یەکدی دەکەن بە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی زمان لە لەهجە، واتە ئەگەر دوو شێوە ئاخاوتن لە یەك تێبگەن ئەوا دوو لەهجەی زمانێکە، ئەگەر لە یەکدی تێنەگەن ئەوا دوو زمانە. ئەم پێوەرە لە نێوان هەندێك زمان بە ڕاست ناگەڕێ، بۆ نمونە لە نێوان زمانە ئەسکەندناڤییەکان وەك سوێدی و نەرویجی و دانیمارکی کە هەتا رادەیەکی باش ئەم زمانانە لەیەك تێدەگەن، هەڵبەت ئەمانە نابێ لەهجە بن، چونکە ئەمانە زمانی سەربەخۆی ئەو نەتەوانەن. یان لە نێوان زمانی چیکی و سلۆڤاکی کە بە چاکی لەیەك تێدەگەن بەڵام ئەمڕۆ دوو زمانن و خاوەن دوو دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازن. هەندێك لەهجەش کە لەیەك تێناگەن وەك لەهجەی عەرەبی مەغریبی لەگەڵ لەهجەی عەرەبی عێراقی، کەچی ئەم دوو لەهجەیە بە دوو لەهجەی عامی زمانی عەرەبی دادەنرێن، یانیش تێنەگەیشتنی ئاخێوەرانی هەندێك لەهجەی کوردی لەیەك، ناکرێ پێوەرێکی راست بێ کە ئەو لەهجە کوردییانە، کوردی نەبن.

هەندێکی دی پێکهاتی زمانی وەك جیاوازی ڕێزمان دەکەن بە پێوەر، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکە لەیەك نزیك بوو یان وەك یەك بوو، ئەوا دوو لەهجەی زمانێکە، ئەگەر لەیەك دوور بوون ئەوا دوو زمانن. ئەم پێوەرە بۆ جیا کردنەوەی هەندێك زمان لەیەکدی راستە، وەك کوردی و تورکی و کوردی و عەرەبی، یان

ئینگلیزی و چینی کە بە پێکهاتی زمانیی و بە وشە و زاراوە و موفرەدات و ڕێنووسیش تەواو لەیەك دوورن، بەڵام بۆ هەندێك زمانی دی ئەم پێوەرەش سەرکەوتو نییە. سوێدی و نەرویجی و دانیمارکی لە رووی پێکهاتی زمانەوە زۆر لەیەك نزیکن، بەڵام ناکرێ بە لەهجە دابنرێن، ئەمانە زمانی سەربەخۆن، یان کرواتی و سربی و بۆسنی لە رووی پێکهاتی زمانەوە تەواو وەك یەکن، بەڵام ئەمڕۆ بە سێ زمانی سەربەخۆ دادەنرێن، هیندی و ئوردو و پونجابی چ لە رووی پێکهاتی زمانییەوە چ لە رووی وشەوە زۆر لەیەك نزیکن، بەڵام ئەمانە لە واقیعدا زمانی جیاوازن. هەر بۆیە زمانناسان هاتونەتەوە سەر ئەو باوەڕە کە زمان و لەهجە ناکرێ تەنها و تەنها بە مەفهومێکی زمانەوانی وەربگیرێ، بەڵکو زۆر هۆکاری دیکەی غەیری زسانی وەك بارودۆخی سیاسی و مێژوویی و جوغرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوری دەوریان هەیە لە بڕیاردان لەسەر ناسنامەی زمان و لەهجە. ئەگەر هەر سێ زمانی ئەسکەندناڤی(سوێدی و دانیمارکی و نەوریجی) سەرەڕای تێگەیشتنیان لەیەك کە بە زمانی سەربەخۆ دادەنرێن لەبەر ئەوەیە چونکە هەر سێ زمان، سێ زمانی ستانداردی خاوەن ڕێنووس و کتێبی ڕێزمان و ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیان هەیە، سەر بە سێ دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازن و ئاخێوەرانیشیان زمانەکانیان بە زمانی سەربەخۆ دەزانن.[٣]

بۆ زیاتر ڕۆشن کردنەوەی ئەم بابەتە، بارودۆخی زمانیی و لەهجەیی چەند وڵاتێك بە نمونە باس دەکەین. لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هۆڵەندە و ئەڵمانیا، بە درێژایی مێژوو جۆرێك لە نزیکی و لەیەکگەیشتنی لەهجەیی هەبووە و هەیە، کە لە لەهجەناسیدا پێیدەگووترێت( dialect continuum)[٤]، خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ ئاخاوتن پەنای بۆ دەبەن. ئەو خەڵکەی هەردوو لای سنوور لە قوتابخانە و زانکۆ و سیستەمی ئیداری، زمانی ستانداردی هۆڵەندی و ئەڵمانی بە کاردێنن، کە ئەوان بەم

دوو زمانە ستانداردە لەیەك تێناگەن، بەڵام بە لەهجەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خۆیان لەیەك تێدەگەن. لە دیوی هۆڵەندە خەڵك دەڵێن ئەمە لەهجەیەکی هۆڵەندییە، لە دیوی ئەڵمانیاش دەڵێن ئەمە لەهجەیەکی ئەڵمانییە کە ئەو دوو کۆمەڵە خەڵکە لەگەڵ یەك پێی دەدوێن. لەیەك گەیشتنی ئەو خەڵکە لەگەڵ یەك، ئەو دوو لەهجەیەی نەکردووە بە دوو لەهجەی یەك زمان. لێرەدا ئەو هۆکارەی کە ئەو دوو لەهجەیە لە یەك جیا دەکاتەوە، جیاوازی پەیوەندی نەتەوەیی و مێژوویی و سیاسی گەلی هۆڵەندی و ئەڵمانییە، سەرەڕای جیاوازی و سەربەخۆیی ناسنامەی زمانیی هۆڵەندی و ئەڵمانی، دەستنیشانی ناسنامەی ئەو دوو لەهجەیە دەکەن نەك پێوەرە زمانییەکان.(٥)

لە وڵاتێکی گەورەی وەك چین کە کۆمەڵێك لەهجەی هەمەچەشنی هەیە، یەك زمانی ستانداری نووسینی هەیە بە ناوی ماندارین Mandarin، کە ئەو زمانە بە چینی ناوەکەی پوتۆنگوا Putonghua یە. لە پاڵ ئەم زمانە ستانداردە زمانێکی دی هەیە بە ناوی کانتۆنی Cantonese کە لە هۆنگ کۆنگ و ماکاو چەند هەرێمێکی دی بەکاردێت و سەر بە لەهجەیەکە بە ناوی یوی Yue، ئەم زمانە هەرچەندە بووە بە زمانێکی ڕەسمی بۆ ئەو ناوچانە بەڵام بە هۆی پەیوەندی هاوبەشی فەرهەنگیی و مێژوویی لەگەڵ چین تا ئێستا هەر بە لەهجەیەکی زمانی چینی دادەنرێت. (٦) زمانی چینی کۆمەڵێك لەهجەی هەمەچەشنی هەیە و تێکڕای ئەو لەهجانەش سەر بە یەك گروپی ئەتنیکی چینین بە ناوی هۆن Han کە گەورەترین گروپی نەتەوەییە لە جیهاندا و لە ٩٨٪ دانیشتوانی چین پێکدێنێ. لەهجەکانی چین بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ یەك جیاوازن هەندێك بە زمانە چینییەکان ناویان دەبەن، زۆربەی ئاخێوەری لەهجەکان بە زەحمەت لەیەك تێدەگەن. لەهجەکان بە زۆری لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەن. بۆ نمونە لەهجەی وو Wu کە ٧٧ ملیۆن ئاخێوەری هەیە، لە هەرێمی جیانگسو و شانگهای و چەند هەرێمێکی دی قسەی

پێدەکرێ، لە هەندێك ناوچەی شاخاوی ئەم هەرێمە تەنها ئەو لەهجەیە بە سەدان بن لەهجەی دی هەیە کە بە زەحمەت لەیەك تێدەگەن. لەهجەی مین Min کە ٦٠ ملیۆن ئاخێوەری هەیە لە هەرێمی فوجیان و تایوان قسەی پێدەکرێ. لەهجەی شیانگ Xiang کە ٣٦ ملیۆن ئاخێوەری هەیە و لە بەشی ناوەراستی باشوری رۆژئاوای وڵاتەکە لە هەرێمی هونان قسەی پێدەکرێ، ئەمانە و زۆر لەهجەی هەمەجۆری دی لەو وڵاتە، تەنها یەك زمانی یەکگرتوو بە یەك شێوازی نووسین writing system هەموو خەڵکی چینی لە یەك کۆکردۆتەوە. نهێنی مانەوەی ئەو هەموو لەهجە زۆرە بە یەکگرتوویی لەو وڵاتە پڕ دانیشتوانە تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چین بە درێژایی مێژوو هەر لە هەزارەی سێهەمی پێش میلاددەوە تاوەکو ئەمڕۆ بێ بڕانەوە خاوەن یەکێتییەکی بەهێزی کولتوریی چینی بووە.[٧] کولتورێکی هاوبەش لەگەڵ زمانێکی یەکگرتووی نووسین و بە یەك شێوازی نووسینی چینی، ئەو هەستەی بە ئاخێوەری لەهجەکان بەخشیوە کە ئەوان سەر بە یەك زمانی نیشتیمانین. دوبارە لە پرسی جیاوازی لەهجەیی لە چین، فەرهەنگ و مێژووی هاوبەش و یەك ئەتنیکی هاوبەش رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ لە دەستنیشان کردنی سنووری لەهجە و زمان، ئینتیمای لەهجەکان بۆ یەك زمان و یەك نەتەوە، سەرەڕای ئەوە کە لەهجەکان لە رووی پێکهاتی زمانییەوە لەگەڵ یەك جیاوازن و لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی کێشەی لەیەك گەیشتنیان هەیە، هەر بۆیە ئەمڕۆ وڵاتێکی زەبەلاحی وەك چین کە لە هەموو وڵاتێك زیاتر هەمەچەشنی لەهجەیی هەیە، کەچی لە هەمان کاتیشدا کێشەی لەهجەیی نییە.

لێرەدا روون دەبێتەوە، بۆ دیاری کردنی لەهجە و زمان پێویستە پەیوەندی نەژادی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی و سیاسیی ئاخێوەرانی ئەو لەهجانەش رەچاو بکرێن. بۆ نمونە زمانی کوردی و فارسی لە رووی رێزمان و مۆرفۆلۆژی و فۆنەتیك و سینتاکسەوە بە رادەیەك لە یەك نزیکن کە لە رووی زمانەوانییەوە دەکرێ

یەكێكیان بە لەهجەی ئەویدی دابنرێت، بەڵام وەك دەبینین لە رووی ئەتنیكی و كولتوری و سیاسی و مێژوویی و كۆمەڵایەتی، فارس و كورد تەواوێك لە یەك دوورن، هەر بۆیە ئەمڕۆ بوون بە دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز، هیچ گومان لەوەدا نییە كە لە بنەچەدا ئەو دوو زمان و دوو نەتەوەیە لە یەك زمان و یەك نەژاد بە پاشكەوتوون. زمانەكانی وەك سربی و كرواتی و بۆسنەیی لە یۆگوسلاڤیای پێشوو لە بنەچەدا یەك زمانن و بە باشیش لە یەك تێدەگەن، لە رووی رێزمان و مۆرفۆلۆژی و فۆنەتیك و سینتاكسەوە تەواو لەیەك نزیكن، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی هەڵوەشانەوەی یۆگوسلاڤیا و تێكچوونی رەوشی سیاسی نێوانیان و جیاوازی پێكهاتی دینی و كولتوری نێوانیان، هەر یەك لە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە كە لە پێشدا یەك زمان بوون بە ناوی زمانی سربی- كرواتی[٨] ئەمڕۆ بوون بە زمانی سەربەخۆ و نەتەوەی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ.[٩] سربەكان بە مەزهەب مەسیحی سەر بە كەنیسەی رۆژهەڵاتن و ئەرتەدۆكسن و ئەلفوبێكەیان كرلیكییە، كرواتەكان بە مەزهەب كاتۆلیكن و ئەلفوبێی لاتینی بە كاردێنن، بۆسنییەكان بە دین موسڵمانن و ئەلفوبێی لاتینی بەكاردێنن. ئەم جیاوازییانە بووە مایەی ئەوەی كە زمانی سربۆ – كرواتی كە زمانێكی یەكگرتووی ئەو وڵاتە بوو بەرەو دابەش بوون بچێت. بە مانایەكی دی، بە هۆی گۆڕانی باردۆخی سیاسی و كێشەی كولتوریی، هەر لەهجەیەك بۆی هەیە ببێ بە زمان و سنووری ئینتیمای ئەتنیكی و نەتەوەییشی بگۆڕێ.

دەكرێ هەمان شت بگووترێ سەبارەت بە زمانە سلاڤییەكان و زمانە جەرمەنییەكان و زمانە سێلتیكەكان. كە رۆژگارێك یەك زمان بوون بەڵام بەهۆی دوور كەوتنەوەیان لەیەك و گۆڕانی ژیانی كۆمەڵایەتی و كولتوریی و سیاسیی و ئەتنیكییان ئەمڕۆ بوون بە كۆمەڵێك زمانی سەربەخۆ.

ئینسکلۆپیدیای زمانناسی کەمبریج بەم شێوەیە پێناسەی لەهجە Dialect دەکات: زمان لە کۆمەڵە لەهجەیەك پێکهاتووە، هیچ زمانێکیش بە بێ لەهجە نییە. لەهجە، شێوە ئاخاوتنێکی سەر بە زمانێکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکەوە قسەی پێدەکرێ، لەهجە، کۆمەڵێك رەفتاری زمانیی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەیە. بۆ دیاری کردنی لەهجە دەبێ لە پێشدا ئەو زمانە دیاری بکرێ کە ئەو لەهجەیە ئینتیمای بۆی هەیە. لەو زمانەدا هەر لەهجەیەك بۆی هەیە لە رووی گۆکردن یان تەلەفوز pronunciation ، فەرهەنگۆکی وشە vocabulary و رێزمان grammar لەگەڵ یەك جیاواز بن، یان وردتر بڵێین، بۆی هەیە لە رووی دەنگناسی phonology و وشەکانی فەرهەنگیی lexical وشەسازی morphology و رستەسازی syntax و ماناناسی semantics و پێکهاتی رستە syntactic structure ەوە لەگەڵ یەك جیاواز بن.[١٠]

بە گوێرەی ئەم روونکردنەوەیە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی لەهجە یان دیالێکت بکەین دەبێ لە پێشدا بزانین کە ئەو لەهجەیە سەر بە چ زمانێکە و چ پەیوەندییەکی نەتەوەیی و کولتوری لەگەڵ زمانە سەرەکییەکە بەیەکەوەیان گرێ دەدا. هەروەها لەهجە بۆی هەیە لە رووی رێزمان و فۆنەتیك و وشە و دەربڕینی دەنگەکانی و دروستکردنی رستەوە لەگەڵ یەك جیاواز بن، بۆی هەیە ئاخێوەرانی لەیەك تێبگەن بە باشی و بۆی هەیە لەیەك تێنەگەن بە باشی، بوونی ئەم جیاوازییانە لە لەهجەدا نابنە پێوەر بۆ ئەوەی بە زمانی سەربەخۆ دابنرێن و یانیش لە لەهجەی زمانێك دابنرێن.

کەواتە لەهجە کوردییەکان ئەگەر لە رووی پێکهاتی زمانییەوە لەگەڵ یەك جیاواز بن، ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەوانە لەهجە نین و زمانی سەربەخۆن، پەیوەندی مێژوویی و کولتوریی و کۆمەڵایەتی هاوبەشی ئاخێوەرانی لەهجەکان، بە درێژایی مێژوو، ئەو لەهجانەی بە بەشێکی زمانی کوردی داناوە. هەر لەسەر ئەم

بنەمایە، شەرەفخانی بدلیسی لە سەدەی شازدەیەم ، پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلات، زۆر بە جوانی لەهجەکانی زمانی کوردی دەستنیشان کردووە کە دەڵی کوردەکان کە زمان و دابونەریتیان لەگەڵ یەك جیاوازە لە چوار بەش پێکدێن، یەکەم: کرمانج، دووەم: لوڕ، سێهەم: کەلهوڕ، چوارەم: گۆران.(١١) ئەمە بێجگە لەوەی لەهجە کوردییەکان لە هەموو ڕوویەکی زمانەوانییەوە، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی دی، لە زمانی کوردی زیاتر نزیکن تا زمانی دی. سەبارەت بە ڕادەی لەیەکگەیشتنی ئاخێوەرانی، ئەمەش بە پێی لەهجە و ناوچە دەگۆڕێ، بەڵام بە گشتی لەیەکگەیشتن لە نێوان زۆربەی لەهجە کوردییەکاندا هەیە. لە سەرانسەری کوردستاندا، کورد بە لەهجەی جیاواز لەگەڵ یەك دەئاخفن. ئەگەر کەسێك بۆ یەکەم جار لەگەڵ لەهجەیەکی دی ئاشنا بێت، بۆ ماوەیەکی کورت مانەوەیان لەگەڵ یەك، بە لەهجەی یەکدی شارەزا دەبن و لەگەڵ یەك بەکوردی دەدوێن.(١٢)

شیاوی گووتنە لە وڵاتێکی شاخاوی وەك کوردستان کە پڕیەتی لە بەربەستی سروشتی، وەك ڕوبار و چیا و دۆڵ و .. . کە هەتا ئەم دواییەش ڕێگاوبانی هاتوچۆی زۆر کەم بووە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری نێوان عەشیرەتە کوردەکان زۆر کەم و بێهێز بووە، نەبوونی شاری گەورە و پەرە نەسەندن و کەڵەکە نەبوونی سەرمایە لە کوردستان، سەرەڕای دابەشبوونی خاکەکەی، لە ڕووی سیاسییەوە، بە سەر چوار دەوڵەتدا کە ئەو دەوڵەتانەش هەمیشە هەوڵی تواندنەوی زمانی کوردییان داوە. بوونی تێکڕای ئەم فاکتەرانە، زۆر ئاسییە لە وڵاتێکی وەك کوردستان، لەهجەی هەمەچەشن پەیدا ببێت. ئەمە بەتایبەت بۆ ناوچەی هەورامان کە پڕیەتی لە کێوی بەرز و تەلان و کەند و لەند، ئەگەر جیاوازی لەهجە لەوێ قوڵتر و فرە تر بێ، ئەمە دیارە بۆ هۆکارە سروشتییەکەی دەگەڕێتەوە.

## هەورامی و رۆژهەڵاتناسان

هەر لەسەدەكانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمی میلادییەوە كۆمەڵێك لە مسیۆنێر و رۆژهەڵاتناس، چ وەك گەڕیدە یان وەك بەرپرسی وڵاتەكەیان ڕوویان لە كوردستان كردووە یان پێیدا تێپەڕیون. زۆر ڕووداوی گرنگ و مێژوویی ئەو سەردەمەیان لای خۆیان تۆمار كردووە، بە تایبەت لە بارەی دابونەریت و ژیانی هۆزەكانی كورد. هەتا رادەیەكیش سەبارەت بە زمانی كوردی بیروڕای خۆیان دەربڕیوە. هەندێكیان زمانی كوردییان هەر بە زمان دانەناوە، هەندێكیش پێیان وابووە كە زمانی كوردی جۆرێك لە فارسی شێوێنراوە كەس لێی تێناگا و هیچ سەربەخۆییەكی زمانیی نییە.[١٣] سەبارەت بە لەهجە كوردییەكانیش باسوخواسییان لەسەر كردووە هەر یەكێك بە جۆرێك لە سەری دواوە. بەڵام ئەو لەهجە كوردییەی كە لە هەمووان زیاتر لای رۆژهەڵاتناسان جێگەی باس و مشتومڕ بووە، لەهجەی هەورامی بووە، كە زۆربەیان، بەتایبەت لەم سەد ساڵەی دوایی، پێیان وا بووە ئەمە كوردی نییە.

چارلس ریو Charles Rieu لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، یەكەم كەس بووە كە گومان دەخاتە سەر كورد بوونی هەورامی و بە لەهجەیەكی فارسی داناوە. دوو پارچە شیعری هەورامی، وەك لە پێشەكییەكە باسی دەكات، كەوا جێمس ریچ[١٤] لە گەشتەكەی بۆ كوردستان لە ساڵی ١٨٢٠ لە سنە كڕیویەتی، ئەم دوو پارچە شیعرە لە كتێبێك لەگەڵ كۆمەڵێك دەقی دیكەی فارسی بە ناوی كاتالۆگی دەستنووسی فارسی لە مۆززەخانەی بەریتانی، ساڵی ١٨٨١، بڵاوی كردۆتەوە. ریو، لێكۆڵینەوەی لەسەر دەقە هەورامییەكە كردووە و لەگەڵ فارسی بەراوردی كردووە، لە ئەنجامی ئەم بەراوردە دەڵی ئەم لەهجەیە هەرچەندە لە كوردستان قسەی پێدەكرێ، بەڵام لە رووی وشە و پێكهاتی ڕێزمانییەوە، بە شێوەیەكی بنچینەیی فارسییە،

هەروەها لەگەڵ فارسی، لە رووی فۆنەتیك و گەردان کردن و ئامرازەکانی پەیوەندی prepositions و چەند وشەیەکی دیکەی تایبەت، جیاوازی هەیە.(١٥)

دەکرێ سەرلەبەری بۆچوون و بەڵگەکانی ریو بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی ئەم باسەی ئێمە بەدەرە. تەنها لە رووی وشەوە vocabulary سەرنجێکی ئەو چەند وشەیە دەدەین کە ئەو لە ئەنجامی بەراوردەکە هێناویەتەوە، پێی وایە ئەو وشانە لە فارسییەوە گۆڕانی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە بووە بە هەورامی:

| فارسی | هەورامی | کرمانجی ناوەڕاست (١٦) |
|---|---|---|
| دیدار | دیار | دیار |
| زیادە | زیا | زیاد |
| سپید | سپی | سپی |
| پیادە | پیا | پیادە |
| زود | زوو | زوو |
| دید | دی | بینی، دی |
| شهر | شار | شار |
| فهم | فام | فام |
| زهر | ژار | ژار، ژەهر |
| مهر | مۆر | مۆر |
| کوە | کو | کێو |

فارسی هەورامی کرمانجی ناوەڕاست

| | | |
|---|---|---|
| محنت | مەینەت | مەینەت |
| شعله | شۆڵە | شۆڵە، بڵێسە |
| وعده | وادە | وادە |
| زخم | زام | زام، برین |
| ساعت | سات | سات،سەعات |
| شب | شەو | شەو |
| زبان | زوان | زمان، زوان |
| گونه | وێنە | وێنە، شێوە |
| کدام | کام | کامە، کام |
| صحرا | سارا | سارا، بیابان |
| مرغ | مەل | مەل، باڵندە |

ئەگەر سەرنج بدرێ لەم بەراوردە، لە ستونە کوردییەکان روون دەبێتەوە کە هەورامی لە رووی وشەوە چەندە لە کوردی نزیکترە تا فارسییەکە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە چارلس ریو شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی لەهجەکانی زمانی کوردی نەبووە، بە تایبەت هەورامی. وا پێدەچی فارسی زانیوە، بەڵام هەورامی و لەهجەکانی دیکەی کوردی نەزانیوە، هەر بۆیە لە بەراوردەکەی بەهۆی بوونی چەند وشەیەکی نزیک بە فارسی لە شیعرە هەورامییەکە، هەورامی زیاتر بە لای زمانی فارسییدا بردووە. بەڵام بۆ کەسێك کە کوردی و فارسی چاك بزانێ، روون دەبێتەوە کە هەورامی لە کوردی نزیك ترە تا فارسی.

مەیجەر سۆن ، دوای چارلس ریو، لە نووسینەکانی زۆر بە توندی نکوڵی لە ناسنامەی کوردی هەورامی دەکات. هەمان بۆچوونی ریو دوبارە دەکاتەوە و دەڵێ هەورامی لەهجەیەکی فارسییە، وای بۆ دەچێ لەسەردەمی هاتنی عەرەب، هەورامی لەهجەیەکی فارسی بووە بەڵام بە هۆی شاخاوی و سەختی شوێنەکەی، خۆی لە وەرگرتنی وشەی عەرەبی پاراستووە و ئەو گۆڕانەی کە بەسەر فارسی نوێدا هاتووە بە سەر هەورامییدا نەهاتووە. دابڕانی هەورامی هەر لە زووەوە لە زمانی دایك، دوچاری هەندێك گۆڕانی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی هاتووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند شیعرێکی هەورامی بە نمونە هێناوەتەوە لە بەراوردەکەی هەمیشە تەئکید دەکاتەوە کە ئەمە لەهجەیەکی فارسییە.[١٧] لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەو نووسینە کە دێتە سەر لە لەهجەی زازا دەڵی ئەویش کرمانجی نیە، وەك هەورامی وایە بەڵام ئەو لە کرمانجی گەلێك وشەی خواستووە، نەکەوتۆتە ژێر تەئسیری فارسی نوێ، لەهجەیەکی گۆرانی باش پارێزراوە.[١٨] سۆن لە نووسینی دیکەی کە دێتە سەر زمانی کوردی هەمیشە ئەو بانگەشەیە دوبارە دەکاتەوە، بۆ نمونە لە کتێبێکی دیکەی کە راپۆرتێکە سەبارەت بە ناوچەی سلێمانی، کە دێتە سەر زمانی کوردی، باسی هەورامی دەکا و دەڵی هەورامان زمانێکی تەواو جیاوازی هەیە، لەهجەی هەورامی وەك دیارە فارسییە، بەوە دەناسرێتەوە کە لەلایەنی فرمانەوە verbs شێوە ڕێزمانەکەی کوردی نییە.[١٩] لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەو کتێبە لە لاپەڕە ٨٠ – ٨١ دوبارە لە باسی زمان دێتەوە سەر هەورامی و دەڵێ: " لە بنەچەدا کوردی نیە هەر لە فارسی کۆنەوە نزیکە، یان رەنگە زمانی تاجیکی بی لە سەردەمێك لە ناوەڕاستی ئێران قسەی پێکراوە، یان بۆی هەیە لە رەگەزێکی دی بن و لە ئێرانەوە بۆ باشوری کوردستان کۆچیان کرد بێ، بەهەرحاڵ لە ئەسڵێکی کوردی نین ". سۆن لە کتێبێکی دیکەی دوبارە دێتەوە سەر باسی گۆرانەکان، دەڵێ ئەگەر گۆرانەکان لە رووی ئەتنۆگرافییەوە لێکۆڵینەوەیان

لەسەر بکرێ ئەوا بۆی هەیە بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەوانە کورد نەبن، ئەوجا یان فارسن یان لورِن، هەروەها دەڵێ لەو ناوچەی سنووری نێوان کوردستان و لورِستان، چەند هۆزێك هەن، ئەوانە نە کوردن و نە لورِن، بە لەهجەیەك قسە دەکەن کە وا پێدەچێ پاشماوەی فارسی (تاجیکی) کۆن بێ.[٢٠]

لە بۆچوون و بیرورِا جیاوازەکانی سۆن لە بارەی گۆرانەکان و لەهجەی هەورامی، جۆرێك لە نارۆشنی و هەڤدژی و دوودڵی هەیە، ئەو هەمیشە دوبارە و چەند بارەی دەکاتەوە کە ئەوانە کورد نین و لەهجەکەشیان کوردی نییە، هەندێك جار زۆر بە راشکاوی ئەوە دەڵێ، لە هەندێك شوێنی دی بە جۆرێك لەسەریان دەدوێ وەك بڵێی هێشتا بە باشی دڵنیا نییە ئەوانە چیین. هەر بۆیە وای پێ باشە لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافییان لەسەر بکرێ. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر ئەو هێشتا دڵنیا نییە کە ئەوانە چین، کەواتە بۆ دەبێ ئەوەندە پێداگری لەسەر کورد نەبوونیان بکات؟

دیارە سۆن- یش وەك ئەوانەی پێش خۆی تەنها بە بەراوردێکی سەرپێی نێوان هەورامی و فارسی ئەو برِیارەی داوە نەك بەورد بوونەوە و بەراوردێکی زانستیانە بۆ لەهجەکانی کوردی لەگەڵ هەورامی، ئەمە بێجگە لەوەی لە دیاری کردنی ناسنامەی ئەم لەهجەیە ئەویش تەنها حیسابی بۆ پێودرە زمانەوانییەکان کردووە، ناسنامەی کولتوری و ئەتنیکی هەورامییەکانی رەچاو نەکردووە کە لە بنەچەدا کوردن.

لە زمانناسیدا، ئەو زمانانەی کە سەر بە هەمان خێزانی زمانیین لە رووی وشە و رێزمانەوە لەیەك چوونیان هەیە. زمانی کوردی هەورامی یان لەهجەکانی دیکەی کوردی و فارسی ئەگەر لە یەکچوونیان هەبێ، ئەمە زیاتر بەهۆی ئەوەیە کە سەر بە گروپی زمانە ئێرانییەکانن، ئەمە هەرگیز مانای ئەوە نییە کە هەورامی لەهجەیەکی فارسی بێ. هەروەك هەمان پەیوەندی کە لەنێوان زمانە جەرمەنییەکان هەیە، وەك نزیکی نێوان هۆڵەندی و ئەڵمانی لە رووی رێزمان و وشەوە، یان لە زمانە

جەرمەنییەکانی باکور لە نێوان سوێدی و نەرویجی و دانیمارکی. ئەم نزیکییە هەرگیز نەبۆتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو زمانانەن یەك لەهجەی ئەویدی بێ و زمانی ئەو نەتەوانە نەبێ. لە بارەی تاجیکییەوە کە لەهجەیەکی زمانی فارسییە ئەمڕۆ لە ئەفغانستان و تاجیکستان لەلایەن تاجیکەکانەوە پێی دەدوێن، ناوی فارسی (دەری)یە، سۆن، پێی وایە لە ناوەڕاستی نێران بوو بن و هەورامییش دەداتە پاڵ ئەو لەهجە فارسییە، ئەمە لە کاتێك تاجیکی شوێنە مێژووییەکەیان ئاسیای ناوەڕاستە نەك ناوەڕاستی نێران.

سۆن لە نووسینەکانی لە بارەی زمانی کوردییەوە هەر بە تەنها لەهجەی هەورامی ناکا بە فارسی، بەڵکو لەهجەی ئەردەلانی و کەلهوڕ و لوڕیش دەخاتە پاڵ زمانی فارسی کۆنەوە. لە بارەی لەهجەی ئەردەلانییەوە، پێی وایە ئەو لەهجەیەش هەر لە فارسی کۆن وەرگیراوە، لە کۆندا وەك هەورامی بووە، لەپاشان دوای کۆچکردنی کوردەکانی سەرەوەتر، واتە لە ناوچەی موکریان، بۆ سنە و دەروبەری، لەهجەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لە لەهجەی موکری نزیك بۆتەوە.[٢١] سۆن بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم ڕایانەی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و زمانەوانیی پتەو نادات بە دەستەوە، بۆیە ئەمانەش تەنها دەچنە نێو خانەی گریمانکارییەوە.[٢٢]

دوای سۆن، ڤلادیمێر مینۆرسکی وەك ئەوانەی پێش خۆی نکوڵی لە کورد بوونی هەورامی دەکا، کە ئەو بە (گۆران) ناوی دەبا، پێیوایە گۆرانەکان کورد نین و لەهجەکەشیان کوردی نییە. لە مێژوودا بە دوای ڕیشەی ناوی گۆران دا دەگەڕێ و وای بۆ دەچێ کە گۆرانەکان لە ناوچەی دەریای خەزەر( قەزوین ) بۆ ناوچەی ئێستای خۆیان کۆچیان کرد بێ و زمانەکەشیان هەر زمانێکی کۆنی ئەو ناوچەیە.[٢٣] لەم باسەی مینۆرسکی تەنها باس لە ریشەی ناوی گۆران دەکا کە بە پێی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی ئەوان لە بنچەدا لەو ناوچەیە هات بن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نادا بە دەستەوە کە ئەوان کەی و چۆن و بۆچی کۆچییان کردووە و لە سەر چ بنچینەیەك ئەوانە

هی ئەو ناوچەیە بن. بوونی چەند ناوێکی وەك دەیلەم و دەیلەمستان ـ گیلان و لاهیجان لە ناوچەی گۆرانەکان و رۆژئاوای ئێران دەکاتە بەڵگەیەك کە ئەوانە لە ناوچەی گیلانی سەر دەریای خەزەرەوە کۆچیانکرد بێ و ئەو ناوانەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بێ. یانیش پێی وایە ناوی دملی (زازایی) هەڵگەڕاوەی ناوی دەیلەمە. ئەم جۆرە بۆچوونانە لە رووی مێژووییەوە تەنها بە گریمانکاری دادەنرێت بەڵگەیەکی سەلمێنراوی ئەم مەسەلەیە نییە. هەروەك خۆیشی هەر وای بۆ دەچێ.

دەیڤید مەکەنزی، چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی سەبارەت بە زمانی کوردی و لەهجەکانی نووسیوە. لە بواری لێکۆڵینەوە لەمەڕ لەهجەی هەورامی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (The Dialect of Awroman) لەم کتێبە لە پێشەکییەکەی باسی ئەوە دەکا کە لە ساڵی ١٩٥٧ کەسێکی خەڵکی هەورامانی لهۆنی لە لەندەن بینیوە، سەرچاوە و کەرەستەی لەهجەی هەورامی لەو کەسە وەرگرتووە، لەپاشان لە رووی فۆنەتیك و مۆفۆلۆژی و سینتاکسەوە دیراسەی کردووە، وای بۆ دەچێ کە ئەو لەهجەیە لە لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە دوورە و لە زۆر رووەوە بە لەهجەیەکی کۆنی ناوەڕاستی ئێرانی دەچێت.(٢٤) لە لێکۆڵینەوەکەی بە دەردەکەوێت کە ئەویش وەك ئەوانەی پێش خۆی نەچۆتە ناوچەی هەورامان و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکات و لەهجەکەیان بە چاکی فێر بێ، ئەوجا بەراوردێکی ورد و زانستی هەورامی و لەهجەکانی دیکەی کوردی بکات. بوونی وشە و موفرەداتی کۆن لە هەورامی کردووە بە بیانویەك بۆ ئەوەی لە زمانی کوردی دابڕێ.

مەکەنزی لە نووسینێکی دیکەی لەبارەی (گۆران) لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، دەڵێ ئەو گریمانەی کە ئەسڵی گۆرانەکان دەباتەوە بۆ نزیك دەریای خەزەر (قەزوین) لە رووی زمانەوە پشتیوانی لێدەکرێ. گۆرانە زازاکان (دملی) لە دەریای خەزەرەوە بۆ رۆژئاوا بۆ ناوچەی ئەرمەنستانی کۆن، کۆچیان کردووە، بەڵام گۆرانەکانی پێشوو بۆ باشور

كۆچییان كردووە بۆ ناوچەكانی باشووری چیاكانی زاگرۆس، دواتر كەوتونەتە ژێر شەپۆلی كوردەكان كە لەو ناوچەیەدا بڵاو بوونەتەوە، زمانی گۆرانەكانیش تەئسیری خۆی لەسەر كوردی ناوەڕاست بە جێهێشتووە.[٢٥] ئەم بۆچوونەی مەكەنزی وەك ئەوەی مینۆرسكی هیچ بەڵگەیەكی مێژوویی نیە تا ئەو كۆچكردنە گەورەیە روون بكاتەوە، بۆیە ناكرێ وەك راستییەكی مێژوویی و زمانیی پشتی پێ ببەسترێ، ئەگەر لە دوا رۆژیش راستی ئەو كۆچكردنە بە دەركەوێت ئەمە دوبارە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ كە بوونی گۆرانەكان و تێكەڵ بوونیان بۆ ئەو ماوە درێژە و بە بەردەوامی لەگەڵ كورد و ناسینی خۆیان وەك كورد و ناسینی زمانەكەیان وەك لەهجەیەكی كوردی، ئەمانە رەگەزی سەرەكین بۆ ناسینی ئەو كۆمەڵە خەڵكە وەك كورد. دیارە هیچ نەتەوەیەك هەر لە نەزەلدا نەتەوە نەبووە، بە نەتەوە بوون پرۆسەیەكی مێژوویی و زمانیی و فەرهەنگیی درێژخایەنە، بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندن دایە، تا بەو رۆژە دەگا كە ئەو كۆمەڵە خەڵكە خۆیان وەك یەك نەتەوە دەناسێنن.[٢٦]

مەكەنزی نەك هەر گومان دەخاتە سەر لەهجەی هەورامی، بەڵكو گومان دەخاتە سەر لەهجەكانی دیكەی كوردی بە گشتی. لە نووسینێكی دیكەی بە ناوی (ئەسڵی زمانی كوردی)، لە ڕێی بەراورد كردنی كۆمەڵێك وشەی كوردی ناوەڕاست و هەورامی و فارسی و بەلوچی و ئاوێستایی و زمانی دیكەی ئێرانی، وای بۆ دەچێ كە زمانی كوردی لە ژێر تەئسیری زمانی فارسی ناوەڕاست – كە بە پەهلەوی ناسراوە- پەرەی سەند بێ و سەر بە گروپی زمانە ئێرانییەكانی باشووری رۆژئاوا بێت، نەك، وەك سەلمێنراوە كە سەر بە گروپی زمانە ئێرانییەكانی باكوری رۆژئاوایە، كە ئەو ناوچەیە شوێنی مێژوویی مادەكان بووە. هەر لەسەر ئەو ئەساسە زمانەوانییەش پێی وایە كورد لە نەوەی مادەكان نین.[٢٧]

ئەوەی شایانی سەرنج بێ لە کاری ڕۆژهەڵاتناسان، لە توێژینەوەکانیان لە بارەی زمانی کوردی و لەهجەکانی، هەمیشە هەوڵیانداوە ڕەچەڵەك و بنەچەی زمانی کوردی ببەنەوە سەر زمانی فارسی یان بە لەهجەیەکی زمانی فارسی دابنێن، چونکە لە توێژینەوەکانیان زمانی فارسییان کردووە بە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە ڕەسەنایەتی و ناسنامەی زمانی کوردی. وەك زمانێکی سەربەخۆ لە زمانی کوردییان نەکۆڵیوەتەوە، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی، ئەسڵ و بنەچەی لەهجە کوردییەکانیان بردۆتەوە سەر فارسی کۆن یان پەهلەوی یا تاجیکی. وەك مسیۆنێری ئەمەریکی فۆسوم Fossum درکی بەم ئیشکالیەتە کردووە، لە پێشەکی کتێبەکەی لەسەر ڕێزمانی کوردی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ کاری مسیۆنێری لە ناوچەی موکریان، دایناوە، دەڵێ: زمانناسە ئەوروپییەکان لە چاویلکەیەکی فارسییەوە لە زمانی کوردییان ڕوانیوە، یان دەڵێ، ئەوان بۆ تێگەیشتن لە بنەچە و فۆرمەکانی زمانی کوردی بە (ئەسپی فارسی) لێیاخوڕیوە.[٢٨] هیچ گومان لەوەشدا نییە کە زۆربەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە چاویلکەیەکی فارسییەوە لە لەهجەی هەورامییان ڕوانیوە هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی ئەو لەهجەیان بە زمانی فارسییەوە لکاندووە.

لەم ڕوونکردنەوەیە ئاشکرا دەبێ ئەوەی ئەم کێشەیەی بۆ هەورامییەکان و لەهجەیەکی کوردی دروست کردووە، ڕۆژهەڵاتناسەکانن کە لە تێڕوانینێکی تاك ڕەهەندی زمانەوانی سەیری ئەم لەهجە کوردییەیان کردووە، تەنها لەلایەنی پێکهاتی زمانیی و جیاوازی مۆرفۆلۆژییەوە بەراوردی هەورامی و لەهجەکانی دیکەی کوردییان کردووە، بەبێ ئەوەی لایەنە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکەی ڕەچاو بکەن، کەوتونەتە بڕیاردانی چەوت و دوور لە ڕاستی لەسەر ئەم لەهجە کوردییە و لە زمانی کوردییان دابڕیوە. هەر ئەم بۆچوونە چەوتانە تەئسیری کردۆتە سەر نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی دیکەی دوای خۆیان، کە ئەوانیش هەر لە سەر هەمان شێواز، بەبێ لێکۆڵینەوە، ئەم

ڕایەیان دوبارە کردۆتەوە.[29] وەك لە نووسینەکانیان دیارە شارەزاییان لەسەر لەهجە کوردییەکان کەم بووە و بەراوردەکانیان سەرپێی و سادە بووە، بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی ئەو بڕیارەیان نەداوە.[30] هیچ کومان لەوەشدا نیە کە ڕایەکەی فەرید ئەسەسەرد و هاوشێوەکانی، سەبارەت بە هەورامی، هەر لەم سەرچاوانەوە هەڵقولاون و هەر لەوێشەوە ناو دەخۆنەوە. چونکە بەر لە بیروڕای ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە، هیچ نووسەر و مێژوونووس و زمانەوانێکی کورد تەنانەت هەورامییەکان خۆیشیان ڕۆژێك شتێکی لەم بابەتەیان نەگوتوە.[31]

## هەورامی وەك لەهجەیەکی زمانی کوردی

بیروڕای چەوتی ئەو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانە سەبارەت بە زمانی کوردی، بە تایبەت لەهجەی هەورامی لە نێو کوردا بێ وەڵام نەماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦٤ تەوفیق وەهبی لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، گریمان و بۆچوونە زمانەوانییەکانی مەکەنزی لەمەڕ بنەچە و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی ڕەت دەکاتەوە، دەیسەلمێنی کە زمانی کوردی زمانێکی ناریایی سەربەخۆیە و ڕاستەوخۆ لە زمانی ناوێستایی و مادەکانەوە پەرەیسەندووە، بنەچەی نەتەوەی کوردیش هەر بۆ مادەکان دەگەڕێتەوە.[32] بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەی، بەراوردی وشە و زاراوەکانی لەهجە کوردییەکان، بە تایبەت لەهجەی هەورامی دەکات و دەیسەلمێنێ کە لەهجەیەکی ڕەسەنی کوردییە و شێوەی کۆن archaic ی خۆی پاراستوە. هەروەها تەوفیق وەهبی بۆ قاموسە ئینگلیزی – کوردییە هاوبەشەکەی لەگەڵ ئەدمۆندز، شانبەشانی لەهجەکانی دیکەی کوردی سوودی لە وشەکانی لەهجەی هەورامیش وەرگرتووە.[33]

محەمەد ئەمین هەورامانی کە توێژەرێکی ناسراوی هەورامانناسییە، لەم بوارەدا کۆمەڵێك کتێب و لێکۆڵینەوەی بەپێزی نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری کۆڕی

زانیاری کورد لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری زمانەوانی نێوان لەهجەی سۆرانی و هەورامی لە رووی فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە، روونی دەکاتەوە کە هەورامی لەهجەیەکی رەسەنی کوردییە.[٣٤] دواتر هەر لەسەر هەمان بابەت لە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی بە ناوی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا) رەخنە لە بۆچوونەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی دەگرێ، دوبارە بە درێژی بەراوردێکی زمانەوانی هەورامی و کرمانجی ناوەڕاست دەکات و تەنکید لە سەر رەسەنایەتی لەهجەیی هەورامی دەکاتەوە بۆ زمانی کوردی. هەروەها روونی دەکاتەوە کە هەورامی بە هۆی سەختی و شاخاوی ناوچەکەی دوچاری گۆشەگیری جوغرافی بووە و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دوورە پەرێز بووە، ئەم دوورە پەرێزییە لەم دەڤەرە کۆمەڵێك جیاوازی کولتووریی بەرهەم هێناوە، لەهەمان کاتدا تەئسیرێکی زۆری لە سەر لەهجەکەش بەجێ هێشتووە کە لە رووی وشەسازی و رستەسازییەوە لەگەڵ لەهجەکانی دیکەی کوردی جیاواز بێ، هەر ئەم جیاوازییەش وای لە رۆژهەڵاتناسان و هەندێك لە زمانناسانی ناوخۆش کردووە کە بە زمانێکی سەربەخۆی دابنێن نەك لەهجەیەکی کوردی.[٣٥] هەورامانی پێیوایە لە بەراوردێکی نێوان زمانی ئاوێستا و لەهجەکانی زمانی کوردی، بەدەردەکەوێت کە لەهجەی هەورامی لە رووی وشە و موفرەدات و ماناکانی و بوونی جیاوازی نێر و مێ و وێکچوونی نیشانەی مێ، هەروەها لە رووی پاشبەندی پلەی بەراوردی و نیشانەی (**مضاف و مضاف الیه**)، نزیکترین لەهجەیە لە زمانی ئاوێستاوە.[٣٦]

لێکۆڵینەوەی دی ئەوە دەسەلمێنن کە هەورامی نزیکی لەگەڵ زمانی ئاوێستا و زمانی مادەکان هەیە. هەورەها ئەو جیاوازییەی کە لە رووی پێکهاتی رێزمانیی و وشە و گۆکردنی وشەکانەوە لەنێوان هەورامی و کرمانجی ناوەراستدا هەیە، جیاوازییەکی

رووکەشە و ریشەیی نییە، هەموو بەڵگەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە هەموو لەهجەکان سەر بەیەك خێزانی زمانین.[٣٧]

بە پێچەوانەی کوردناسەکانی دی، کوردناسی هۆڵەندی میشیل لەیزنبێرگ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی گۆرانەکان، لەوانەی پێش خۆی بە ئینسافانە تر باس لە هەورامی دەکا و روونی دەکاتەوە کە هەورامی هەرچەندە لەهجەکەیان لە رووی پێکهاتی زمانییەوە سەر بە هەمان پێکهاتی لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردی نیە، بەڵام لە رووی ئەتنیکی و نەتەوەیی و سایکۆلۆجی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە هەورامی یان گۆرانەکان بە گشتی کوردن هەر بۆیە لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین لەهجەکەشیان لەهجەیەکی زمانی کوردییە.[٣٨]

دکتۆر ئەمیری حەسەنپور دوبارە هەر لەسەر پرسی ناسنامەی هەورامی لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ و رەخنە لە تێزەکانی ریو و مینۆرسکی و مەیجەر سۆن و مەکەنزی دەگرێ و دوبارە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەورامی لەهجەیەکی کوردییە، چونکە لە رووی ئەتنیکی و کولتورییەوە گۆرانەکان خۆیان پێ کوردە و لەوەش ئاگادارن کە لەهجەکەیان لەگەڵ کوردەکانی دەوروبەری خۆیان جیاوازی هەیە و لێیان تێناگەن بەڵام هەرگیز نەوەیان نەکردۆتە بەهانەیەك خۆیان لە کورد و لەهجەکەیان لە زمانی کوردی دابڕن.[٣٩]

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە بۆ دیاری کردنی لەهجەکانی زمانێك تەنها پێوەرە زمانەوانییەکان بڕیاردەر نین لەسەر ناسنامەی ئەو لەهجەیە بەڵکو پەیوەندییە ئەتنیکی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن. ئیدی لەسەر ئەو بنەڕەتە، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو لەلایەن مێژوونووس و زمانەوانە کوردەکان وەك شەرەفخانی بدلیسی و مەردۆخی و تەوفیق وەهبی و عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و عەبدوڕەحمانی زەبیحی و دکتۆر کەمال فوئاد و محەمەد ئەمین

هەورامانی و جەمال نەبەز و دکتۆر فوئاد حەمە خورشید و.... هتد ئەم لەهجەیان لە ڕیزی لەهجەکانی زمانی کوردی داناوە هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش ئەو لەهجەیە بۆ ماوەیەکی درێژ لە میرنشینی ئەردەلان شان بەشانی زمانی فارسی زمانی دادگا بووە، هەروەها بۆ ماوەیەکیش زمانی ئەدەبی و دادگایی میرنشینی بابان بووە. هەر ئەو لەهجەیە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی کوردی پێ نووسراوەتەوە، کۆمەڵێك شاعیری هەورامی وەك سەیدی هەورامی و بێسارانی و خانای قوبادی و وەلی دێوانە و .. زۆر شاعیری دی بە هەورامی شیعرییان هۆنیەوەتەوە. هەورامی زمانی دینی ئەهلی هەق بووە کە زمانی سوڵتان سەهاك بووە و سرودەکانی یارسانی بە هەورامی پێ نووسراوەتەوە. هەورامی لای ئاخێوەرانی کرمانجی ناوەڕاستیش هەر بە لەهجەیەکی کوردی دانراوە، هەر بۆیە شاعیرێکی گەورەی وەك مەولەوی کە لە بنەچەدا خۆی سەر بە لەهجەی کرمانجی ناوەڕاستە، بەڵام گشت شیعرەکانی بە هەورامی هۆنیوەتەوە. لای شاعیرانی هەورامانیش، هەورامی لەهجەیەکی کوردییە. خانای قوبادی کە داستانی (شیرین و خوسرەو)ی بە هەورامی هۆنیوەتەوە، نەك هەر پێی وابووە کە ئەو زمانە کوردییە لەهجەیەکی فارسی نیە بەڵکو بە جۆرێك ستایشی زمانە کوردییەکەی دەکا پێی لە فارسی شیرینترە:

**جە لای عاقلان ساحیب عەقل و دین**

**دانا بوزرگان کوردستان زەمین**

**ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن**

**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن** (٤٠)

ئەگەر خانای قوبادی، هەورامی لەلای زمانی کوردی نەبوایە، بەم شێوەیە ستایشی زمانە کوردییەکەی نەدەکرد.

## هەورامی و فەرید ئەسەسەرد

لەبەر رۆشنایی ئەم روونکردنەوەیەی سەرەوە، دێینە سەر تاوتوێ کردنی رایەکانی فەرید ئەسەسەرد کە سەرتاپای نووسینەکەی پڕە لە نیشکالیەت و کەموکوڕی سەبارەت بە ناسنامەی هەورامی.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ " لەڕەسەنایەتیدا کرمانجیی خواروو ناتوانێ شان لە شانی هەورامی بداو لەم سەروبەندەشدا فۆنەتێکی هەورامی لە فۆنەتێکی کرمانجی زۆرتر لە فۆنەتیکی زمانی پەهلەوی نزیکترە." دەبوایە نوسەر بۆ ئەم ئیدیعایەی ئیشارەتی بە سەرچاوەیەك بکردبایە کە فۆنەتیکی هەورامی لە پەهلەوی نزیکترە تا کرمانجی. ئەوە لێکۆڵینەوەکەی محەمەد ئەمین هەورامانی لە رووی دەنگناسییەوە دەیسەلمێنێ کە هەورامی لە رووی فۆنەتیکەوە بۆ دەنگە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست وەك یەکن، تەنها جیاوازییەکی کەم نەبێت.[٤١] مەکەنزی- ش پێیوایە سیستەمی دەنگی هەورامی بە شێوەیەکی بەرچاو هەروەك سیستەمی دەنگی لەهجە کوردییەکانی وەك سلێمانی و سنەیی دەوروبەری خۆیەتی.[٤٢]

لەپاشان فەرید ئەسەسەرد دێتە سەر جیاوازی رێزمانیی هەورامی لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست ودەیکات بە بیانویەك بۆ دابڕینی لە زمانی کوردی و دەڵێ" کێشەی کوردیو هەورامی لەوەدایە، کە ئەگەر رێزمان بکەین بە پێودانگ، هەریەکێکیان رێزمانێکی تایبەتی دەبێو هیچ چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا پەیدا نابێ، مەسەلەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە جیاوازیی نێوان کوردیو هەورامی زۆرترە لە جیاوازیی نێوان کوردیو فارسیو ئەگەر فراوانتر سەیری مەسەلەکە بکەین دەبێ دان بەوەدا بنێین کە جیاوازیی نێوان کوردیو هەورامی زۆر گەورەترە لە جیاوازیی نێوان هەردوو زمانی سویدیو نەرویژی یان مەکەدۆنیو یۆنانی" ئەمە لە چ لێکۆڵینەوەیەك و چ بەراوردێك ئەوە سەلمێنراوە کە جیاوازی کوردی و هەورامی لە جیاوازی نێوان

کوردی و فارسی زیاتر بێ؟ ئەگەر مەسەلەی ڕێزمان بکەین بە پێودانگ بۆ جیاوازی نێوان لەهجەکانی کوردی ئەوا نەك هەورامی و کرمانجی ناوەڕاست، بەڵکو گشت لەهجە کوردییەکان کەم هەتا زۆر لە رووی ڕێزمان و فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژییەوە لەگەڵ یەك جیاوازن، ئەمە هەرگیز بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە کوردی نەبن. لە سەرەوە روون کرایەوە کە چۆن دەستنیشانی لەهجە لەگەڵ زمان دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە بەراوردێکی هەورامی لەگەڵ فارسی، بۆ کەسێك کە کوردی و فارسی بزانێ، روون دەبێتەوە کە هەورامی زۆرتر لە کوردی نزیکە تا فارسی.

جیاوازی سوێدیی و نەرویجی یان جیاوازی مەکەدۆنی و یۆنانی هەرچییەك بێ و هەرچەند بێ، ئەم زمانانە تایبەتمەندی زمانەوانی خۆیان هەیە و زمانی کوردی و لەهجەکانی کوردیش تایبەتمەندی زمانەوانی خۆیان هەیە، هەرگیز ناکرێ جیاوازی زۆر و کەمی ئەوان بکرێ بە بەهانەیەك بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە هەورامی لەهجەیە یان زمان، یان کەمی جیاوازی ئەوان بکرێ بە پێوەرێك بۆ دابڕینی هەورامی لە زمانی کوردی.

لەپاشان درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: " ئەمە پێویست بەوە دەکات، کە زانیارییەکانان دەربارەی زمانی هەورامی ڕاستبکەینەوەو لەم سەروبەندەدا نابێ هەڵوێستی زانست ملکەچی پێداویستییەکانی ناسیونالیزم بکرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە کاتی ئەوە هاتووە دان بەوەدا بنرێ کە هەورامی دیالێکتێکی زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیەو لەڕووی مێژووییەوە پاشماوەی زمانێکی دێرینە کە پێش پەیدابوونی کورد وەك گروپێکی ڕەگەزیو پێش پەیدابوونی کوردی، وەك زمانێکی سەربەخۆ هەبووە، بەتایبەتی کە تائێستا هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ کە زمانی کوردی بۆ هەورامی، زمانی دایك بوودو هەورامی لە قۆناغێکی دیاریکراودا وەك لق لێی جیابۆتەوە." ئەمە هەڵوێستی کام زانستە کە ملکەچی

پێداویستییەکانی ناسیۆنالیزم بووە؟ دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ، ئەگەر فەرید ئەسەسەرد هێشتا بۆی یەکلانەبۆتەوە هەورامی چییە و چۆن پەیدا بووە و چۆن گەشەی کردووە و چ پەیوەندییەکی بە زمانی ئەمڕۆی کوردییەوە هەیە، کەواتە لەسەر چ ئەساسێك بانگەشەی ئەوە دەکا کە هەورامی لەهجەیەکی کوردی نیە؟ یان چۆن بە بێ بەڵگە بانگەشەی ئەوە دەکا کە هەورامی سەر بە گروپێکی ڕەگەزی دیکە بن؟ ئەمە لە کاتێك زۆربەی بەڵگەکان ئەوە دەڵێن کە هەورامی لە رووی ئەتنیکی و کولتورییەوە رەسەنترین کوردن، تەنانەت لە رووی روخسار و رواڵەتی دەرەوەش هەروەك کوردەکانی دەوروبەری خۆیانن. ئەگەر ئەو هێشتا بۆی ساغ نەبۆتەوە هەورامی چیە، کەواتە بە چ هەقێك هەورامی دەخاتە پاڵ رەگەزێکی دی و مافی کورد بوون لە لەهجەکەیان دەسەنێتەوە؟ کام لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانە لە رەگەزێکی دی بن؟ مەگەر تەنها بۆچوون و گریمانکارییەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی نەبێ. ئەوانیش لە نووسینەکانیان نالێن ئەو مەسەلەیە لای ئێمە یەکلا بۆتەوە، ئەوان تەئکیدیان کردۆتەوە کە ئەمە تەنها گریمانێکە Hypothesis یان هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەسەر ئەو بابەتە کە دەکرێ مشتومڕ و باسوخواسی زیاتری لەسەر بکرێ. سەیرە ئەگەر لای ئەوان هێشتا بە تەواوەتی ساغ نەبۆتەوە، ئەمە چۆن لای فەرید ئەسەسەرد ساغ بۆتەوە و وا بە ڕاشکاوی بانگەشەی زمانێکی سەربەخۆ بۆ هەورامییەکان دەکات.

لەپاشان درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: " ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەورامییەکان کورد نین، بەڵکو بەو مانایە دێ کە هەورامییەکان، وەك ئێزدییەکان کە لەڕووی ئاینەوە تایبەتمەندییان هەیە، لەڕووی زمانەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو بەقەد ئەوەی کە ئێزدییەکان مافی ئاینییان هەیە، ئەوانیش مافی زمانەوانییان هەیە" دەی ئەگەر هەورامییەکان کوردن کەواتە دەبێ زمانەکەشیان کوردی بێ، چونکە زمان بنەمایەکی سەرەکی کورد بوونە. مافی ئایینی ئێزدییەکان و مافی زمانەوانی لەهجەیەکی کوردی،

ڕەچاو کردنی هەردوو دیاردەی کولتوری پێویستە، بەڵام هەردوو دیاردە پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. لە بواری جیاوازی لەهجەیی، نەتەوە نابێ هەرچی لەهجەی هەیە بۆ خوێندن و ئیدارە بەکار بێت، نەتەوە دەبێ یەك زمانی یەکگرتووی هەبێت. ئەگەر لە سەر ئەو تێڕوانینەی فەرید ئەسەسەرد بڕوانینە هەمەچەشنی کولتوری لە نێو کورد، ئەوا دەبێ هەر گروپە و زمانی خۆی رابگەیەنێ و هەر لەهجەیەكماڵی خۆی بکات، لە کۆتاییدا شتێك نامێنێتەوە ئێمە بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین، کەس نکوڵی لە مافی هەورامی وەك لەهجەیەکی کوردی و هیچ لەهجەیەکی دیکەی کوردی ناکات، بەڵام هەموو لەهجەیەك نابێ بە بیانوی مافی کولتوریی و هەمەچەشنی کولتوریی بکرێ بە زمانێکی سەربەخۆ و لە بواری پەروەردە و ئیداری بەکار بێت و لە کورد جیا بکرێتەوە. هەمەچەشنی لەهجەیی و کولتوریی وەك بڵێی ئەمە تەنها دیاردەیەکی زمانی کوردییە، ئەمە لە هەموو زمانێکدا هەیە. ئەوە میللەتی عەرەب و تورك و فارس و گشت نەتەوەکانی دنیا زمانەکانیان لەهجەی هەمەچەشنی هەیە و نەتەوەکانیان هەمەچەشنی ئایینی و مەزهەبی و کولتورییان هەیە، بەڵام لە رووی زمانەوە تەنها یەك زمانی نووسین و خوێندنیان هەیە. میللەتی عەرەب، دروز و مارۆنی و شیعە و سوننە و عەلەوی و مەسیحی هەیە، بەڵام یەك زمانی یەکگرتووی نووسین و خوێندنیان هەیە، لوبنانییەك یان میسرییەك یان مەغربییەك ناڵی من جیاوازی لەهجەم هەیە و پێویستە ئەم جیاوازییە زمانییەم رەچاو بکرێ، ئەمە تەنها لە نێو هەندێك لە رۆشنبیرانی کورد هەیە بە ناوی مافی مرۆڤ و مافی زمان و دیموکراسییەوە پێیان خۆشە کورد بەسەر لەهجەی جیاوازدا دابەش بێ و زمانێکی هاوبەش نەبێ کورد پێکەوە کۆبکاتەوە. دەبێ چ ستراتیژیەتێك لە پشت ئەم دابەشکردنەوە بێ؟ فەرید ئەسەسەرد خۆی سەرۆکی سێنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژییە.

ئەمجارە دێتە سەر بەراوردی هەورامی و کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی (فصحی) و لەهجەکانی زمانی عەرەبی و دەڵێ: "پەیوەندیی واقیعیی نێوان هەورامیو کوردی، وەك پەیوەندیی نێوان زمانی عەرەبیی پەتیو زمانی هەر وڵاتێکی عەرەبییە بەجیا. لە جیهانی عەرەبدا هەرهاووڵاتییەکی عەرەب بەکردەوە دوو زمانی هەیە: زمانی دایك، واتە ئەو زمانەی لەناو ماڵ و شەقام پێی دەدوێ و زمانی نووسین کە لەژیانی گشتیدا فێری دەبێ، چەمکی زمانی دایك کێشەی پەیوەندیی نێوان هەورامی و کوردی چارەسەر دەکاتو بەمپێیە هەر هەورامییەك دوو زمانی هەیە، یەکێکیان زمانی دایکە کە تایبەتەو ئەوی تر زمانی کوردییە کە گشتییە" ئەم قسەیەی نووسەر تەواو دژ بە رایەکانی خۆی دەوەستێ، ئەگەر ئەمەی پێ ڕاست بێ، ئەوا دەبێ ئەوە قبوڵ بکات کە هەورامی لەهجەیەکی کوردییە و نابێ لەهجەکەیان بۆ خوێندن و نووسین و پەروەردە بەکار بێ، چونکە لەهجە عامییە عەرەبییەکان، هیچ کامیان لە بواری پەروەردە و ئیدارە بەکار نایەن و هیچ کام لە ئاخێوەرانی لە هجەکانیش ناڵێن زمانی ئێمە لەگەڵ زمانی عەرەبی پەتی دوو زمانی جیاوازە، ئەکروان بە زمانی لۆکالیش وەك ئەو بۆ هەورامی داوای دەکا، تەنها بۆ ئاخاوتنە و بەکارهێنانیەتی لە بواری هونەری وەك شانۆ و فیلم و دراما و گۆرانی.

ئەمجارە نوسەر دەیەوێ لە ڕێی ناسیۆنالیزمی فەرەنسییەوە شەرعیەت بە فرە زمانی بدات لە نێو کورد و دەڵێ: " بەپێی خوێندنگەی ناسیونالیستیی فەرەنسایی، هەستی نەتەوەخوازیی نەك زمان بنەمای نەتەوە پێکدێنێ. لە پەیوەندیی نێوان هەورامیو کوردیدا دەشێ تیۆرییە فەرەنسییەکە لە تیۆرییەکانی تر گونجاوتر بێو لەم ڕوانگەیەوە زمانی جیاواز بەربەست لەبەردەم هەستی کوردبووندا پێکناهێنێ" ئەگەر ئەم تیۆرە فەرەنسییە لە بیری نەتەوەیی بۆ ئێمە گونجاو بوایە و زمان گرنگ نەبووایە لە ناساندن و پێکهێنانی نەتەوە، ئەوا دەبووایە هەر لە زۆر زوودوە تورکمان و ئاشوری کە دوو

نەتەوەی جیاوازن و لەمێژ ساڵە لەگەڵ کورد دەژین، ئێستا دەبوایە ئەوان خۆیان بە کورد زانیبایە. هیچ گومان لەوەدا نیە کە پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوان نەتەوە و زمان هەیە، ئەگەر وەك هەستی نەتەوەخوازیش بێ تورکمانێك خۆی بە کورد بزانێ، ئەمە تەنها هەستێکی رووکەشانەیە، بەڵام کە دێتە سەر زمان و کولتور، تەواو لەیەك دادەبڕێن، هەر یەکێك دەچێتەوە نێو چوارچێوە نەتەوەییەکەی خۆی.

ئەمجارە نوسەر باسی کوردە فەیلییەکان دەکا کە بە هەست کوردن و بەڵام بە زمان بە عەرەبی قسە دەکەن و دەڵێ : " لەم سەروبەندەدا، بوونی زمانی عەرەبی بە زمانی قسەکردنی کوردە فەیلییەکان نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، ئەمە نیشانی دەدا کە مەرج نییە هەموو جار لە مەسەلەی خۆ بەکوردزانیندا زمان لەپێشی پێشەوە بێ. نموونەی هەورامییەکانو کوردە فەیلییەکان، نیشانی دەدا، کە هەست نەك زمان، لەپێشترە" کوردە فەیلییەکان کە بە عەرەبی قسە دەکەن لەبەر ئەوە نییە کە زمانیان نییە یان زمانیان پێ گرنگ نییە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لە بەغدا گەورە بوون و کوردی فێر نەبوون. ئەوە کوردە فەیلییەکانی خانەقین و مەندەلی بە کوردییەکی پاراو دەدوێن. ئەمە دوو مەسەلەی تەواو جیاوازە، دەبێ لەگەڵ یەك تێکەڵ نەکرێن. ئەمە هەرگیز پاساوێکی راست و زانستی نییە تا پروپاگەندەی ئەوەی بۆ بکرێ کە زمان بۆ نەتەوە گرنگ نییە.

لەپاشان نوسەر دێتە سەر بە رەسمی ناساندنی هەورامی وەك زمانێکی لۆکاڵ و ناساندنی ناوچەی هەورامان بە رەسمی و دەڵێ: " ڕەنگە ئەمە پاڵپشت بێ بۆ پێویستیی ناساندنی زمانی هەورامی وەك زمانێکی لۆکاڵ. ئەمەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەمانباتە سەر وروژاندنی مەسەلەیەکی تر کە مەسەلەی بەفەرمی ناساندنی ناوچەی هەورامانە. دەستەواژەی "هەورامان" لە نووسینە فەرمییەکاندا نییەو پێویستە ئەم ناوە دێرینە بپارێزێو لەم باردیەوە ئەزموونی سەرکەوتوومان لە

پاراستنو بەفەرمی ناساندنی ناوی دێرینی هەندێ ناوچەی وەك پشدەرو شارەزوورو شارباژێڕدا هەیە، ڕەنگە کۆکردنەوەی ناوچە هەورامینشینەکان لەیەك یەکەی ئیداریدا بەناوی هەورامانەوەو ناساندنی هەورامی لەچوارچێوەیدا وەك زمانێکی لۆکاڵ، کارێکی قورس نەبێ" ئەوەی نوسەر داوای دەکا بۆ هەورامی و هەورامان، ئەمە زەمینە خۆش کردنە بۆ جودا کردنەوە و دابڕینی هەورامی لە کورد و دابڕینی ناوچەکەیانە لە کوردستان کە تا ئێستا هیچ هەورامییەك داوای ئەوەی نەکردووە، کەچی سەیرە ئەمسەرد ئەمە بۆ هەورامی داوا دەکا. نازانم بۆ دەبێ نوسەرێکی کوردی بە ئاگا ئەوەندە هەوڵی بنکۆڵ کردنی ناسنامەی کوردی لەهجەیەکی کوردی بدات و حەز بکا لەهجەی هەورامی، کوردی نەبێ و دەڤەرەکەشیان لە کوردستان دابـبڕێ؟ ئەمە چ پرۆژەیەکی نەتەوەییە ئەم میللەتە لەسەر جیاوازی لەهجەکانی پەرتەوازە بێ؟ فرە لەهجەیی زمانی کوردی دەبێ وەك دەوڵەمەندی زمانەکە چاوی لێ بکرێ نەك بکرێ بە ئامرازێك بۆ دابەشکردنی نەتەوە بەسەر لەهجاندا.

لە دوا پەرەگرافی نووسینەکەی نوسەر دێتە سەر باسی پاراستنی زمانە لۆکالییەکان لە فەوتان و دەڵێ: " گرنگترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە، کە لەم سەردەمەدا پاراستنی زمانە لۆکاڵەکان لە فەوتانو پشتگیریکردنی داواکارییە زمانەوانییەکان بەشێکی پێداویستییەکانی مافی مرۆڤ و مافە کولتوورییەکان پێکدێنێو لە وڵاتێکی فرە کولتوورو لێبوردەی وەك کوردستاندا، ناساندنی ئەو مافانە هیچ گرفتێك نانێتەوە" ئەگەر مەسەلەی پاراستنی زمان لە فەوتان لای نوسەر گرنگ بێ، ئەمە زۆر راستە چونکە هەورامی لە لیستی ئەو لەهجە مەحەلییانەیە کە مەترسی لە ناوچوونی لەسەرە. منیش پێموایە ئەم لەهجە شیرینە کوردییە پێویستە بە شێوەیەکی جددی کاری بۆ بکرێ و ببوژێنرێتەوە. رزگار کردن و پاراستنی هەورامی لە فەوتان بەمە نابێ کە ئەمسەرد بۆ هەورامی داوای دەکا و لەهجەکەیان لە کورد بوون

دەشواتەوە و دەیکا بە زمانێکی مەحەلی و داوای بە ڕەسمی ناسینی دەکا، ئەمە پرۆژەی پاراستنی لەهجەی هەورامی نییە، ئەمە پرۆژەی بە نەتەوە کردنی هەورامانە کە هەورامییەکیش ئەمەی قبوڵ نییە.

بەرنامە و پرۆژەی هەمەجۆر هەیە بۆ پاراستنی زمان و لەهجە لە فەوتان. دەکرێ هەورامی و گشت لەهجەیەکی دیکەی کوردی لە بواری ئەدەبی و هونەری، دەرفەتی گەشە کردنیان بۆ بڕەخسێ، بۆ ئەوەی لەپاڵ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، لەهجە کوردییەکان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. لە هەمان کاتدا لەهجە کوردییەکان سەرچاوەیەك بن بۆ بەهێز کردن و دەوڵەمەند کردنی زمانی ستانداردی کوردی، بە پێچەوانەوەی ئەم ئاراستەیە، بە کارخستنی ئەم هەموو لەهجە کوردییە لە بواری پەروەردە و ناساندنیان وەك زمانی سەربەخۆ، ئەنجامێکی زۆر خراپ و وێرانکەری دەبێ بۆ سەر پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد، لەم هەرێمە ڕزگار کراوەی کوردستان گەڕەلاوژەیەکی لەهجەیی دروست دەبێ کە دوای تێپەڕ بوونی چەند دەیەیەك، ئەو لەهجانە دەبن بە زمانی سەربەخۆ و داوای مافی کولتوریی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئیدی هیچ شتێك نامێنێتەوە کە پێی بگووترێ زمانی کوردی و نەتەوەی کورد. ئەگەر ئەمڕۆ لەم پارچەیەی خاکی کوردستان کە تیایدا زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، هەوڵی زمانێکی یەکگرتوو نەدرێ، ئەوا لە پاشەڕۆژ هەمان بێسەروبەری و پاشاگەردانی زمانیی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دەچێت و ئەوانیش دەکەونە هەمان گێژاوی زمانییەوە.

بردودان بە لەهجە کوردییەکان بە مەبەستی دابەشکردنی کورد، بە شێوازی هەمەچەشن، لەمێژە لە پلان و پرۆژە گرنگەکانی داگیرکەرانی کوردستان بووە. زۆر جار هەوڵیان داوە لەو کەلێنەوە بۆ کورد بێنە ژووردوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە پێشگیری لەیەکێتی زمان و نەتەوەی کورد بکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەردوو ڕژێمی ئێران و

عێراق، بە شێوازی جیاواز، ڕەواجییان بە لەهجە کوردییەکان داوە بۆ ئەوەی ببن بە زمان و لە کورد دابڕێن. ڕژێمی ئێران لە زەمانی شا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەم هەموو لەهجە کوردییانە ڕادیۆی مەحەلی دامەزراند بوو: سۆرانی، سنەیی، کرمانجی، هەورامی، قوچانی(کرمانجی کوردەکانی خوراسان)، ئەمە لە کاتێك ڕژێمی شا ئەم هەمو ڕادیۆیەی بۆ لەهجە فارسییەکان دانەمەزراند بوو، گشت نەتەوەی فارس ڕادیۆی بە یەك زمانی فارسی هەبووە و هەیە. ڕژێمی ئێران لەوە ئاگادار بوو کە لەهجەی هەورامی باسوخواسی ئەوەی لەسەرە کە کوردی نەبێ بۆیە هەوڵەکانیان زیاتر چڕ دەکردەوە تا هەرچی زووتر لە کوردی دابڕێ. ئێرانی زەمانی شا باوەڕیان نەك هەر بە لەهجە کوردییەکان نەبوو بەڵکو باوەڕیان بەوەش نەبوو کە کوردی زمانی نەتەوەیەکە، هەمیشە حیسابی لەهجەیەکی فارسییان بۆ زمانی کوردی کردووە. لە کردنەوەی ڕادیۆش بەو هەموو لەهجە کوردییانە ئامانجیان ئەوە بوو زمانی کوردی بە سەر لەهجەکان دابەش بکەن، بۆ ئەوەی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ و کورد لە ڕووی زمانەوە پەرتەوازە بێ، تا لە کۆتاییدا شتێك نەمێنێتەوە پێی بڵێن زمانی کوردی و نەتەوەی کورد. ئەوا ئەمڕۆ ئەم بەرنامەیە بە عەمەلی لە کوردستانی باشور پیادە دەکرێ، نەك لەسەر ئاستی ڕادیۆی مەحەلی، بەڵکو لەسەر ئاستی زمانی جیاواز بۆ خوێندن و ئیدارە و پەروەردە، سەرەڕای داوا کردن بۆ دروست کردنی یەکەی ئیداری سەربەخۆ بۆ هەرێمی لەهجەکان.

## ئەنجامی باسەکە

هەورامی لە ڕووی زمانەوانی و کولتووریی و نەتەوەییەوە بە درێژایی مێژوو لەهجەیەکی کوردی بووە و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردیشی پێ نووسراوەتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە بۆ یەکەمجار ڕۆژهەڵاتناسان

گومانیان خستە سەرناسنامەی کورد بوونی ئـەم لەهجـە کوردییـە و ڕایانگەیانـد کـە ئەمە لەهجەیەکی فارسییە و کوردی نیە. بوونی وشە و موفرەداتی کۆن لەم لەهجەیـە لەگەڵ جیاوازی هەندێك لایەنی ڕێزمانی لەگەڵ لەهجەکانی دیکەی کـوردی، بەهانـەی ئەوەی داوەتە دەست ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە کە ڕەگوریشە ببەنەوە سەر فارسی کـۆن یـان پەهلەوی، یان هەندێك پێیان وایە کە ئەم لەهجەیە سەر بە ناوچەی دەریای قەزوینـە و خەڵکەکەشی هەر لەو ناوچەیەوە هاتوون.

بۆچوونەکانی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە سەبارەت بە هـەورامی و لەهجـەکانی دیکـەی گـۆران وەك دملـی، لـە مـاوەی سـەد سـاڵی ڕابـردوو زۆر بـە خێرایـی چـۆتە نێـو نووسینەکانی کوردناسانی ئەورووپی و لە ڕێی ئەوانەوەش بە نێو نووسـینی نووسـەرانی کوردیشدا بڵاو بۆتـەوە. بـەبێ لێکۆڵینـەوە و ورد بوونـەوە لـە پاشـخانی مێـژوویی و فەرهـەنگی و زمـانیی گۆرانـەکان، نکـوڵی لـە ناسـنامەی کوردییـان کـراوە، چ وەك لەهجەیەکی گرنگی زمانی کوردی یان وەك بەشێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی کورد.

ئەمڕۆ کە بە میتۆدی زمانناسی کۆمەڵایەتی نوێ لە کاری ئـەو ڕۆژهەڵاتناسـانە دەڕوانین دەبینین ئەوانە لە توێژینەوەکانیان تەنها لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەك جیاوازی پێکهاتی ڕێزمانی و وشەسازییەوە ئەو لەهجەیان لە زمـانی کـوردی دابڕیـوە، کەچـی ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە کە ئاخێوەرانی ئەو لەهجەیە لە ڕووی مێژوویی و کولتـووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کوردن و خۆشیان هەر بە کورد دەزانن. لە دیـاری کردنـی لەهجەی هەورامی لایەنی ئەتنیکی و کولتوری و کۆمەڵایەتی ئـاخێوەرانی فـەرامۆش کراوە، تەنها لە ڕوانگەی چەند تیۆر و چەند کۆد و هێمایـەکی زمانەوانییـەوە سـەیری کراوە. ئەمە بێجگە لەوەی ئەو جیاوازییـەی کـە لـە نێـوان هـەورامی و لەهجـەکانی دیکـەی کـوردی هەیـە، جیاوازییـەکی ریشـەیی نیـە، لـە ڕووی زمانناسـاییەوە،

جیاوازییەکی ئاساییە کە لە نێوان دوو لەهجەی سەر بە زمانێك هەبێت. لە نێو زۆر لە زمانەکانی دنیا لەهجەی لەم جۆرە هەیە.

هەورامی وەك لەهجەیەکی کوردی رەسەن، لە کاری فەرهەنگی زۆربەی فەرهەنگنووسانی کورد، بۆ وشە و زاراوەی کوردی سوودی لێوەرگیراوە. بۆیە لە سەر ئەو بنەڕەتە جیاوازی پێکهاتی زمانیی هەورامی لەگەڵ لەهجەی دیکەی کوردی نابێ بکرێ بە ئامرازێك بۆ بنکۆڵ کردن و شێواندنی ناسنامەی کوردیی هەورامی و بانگەشەی سەربەخۆیی زمانیی بۆ بکرێ. بەکارهێنانی لەهجەی هەورامی لە بواری پەروەردە و خوێندن و ئیدارە زەمینە خۆشکردنە بۆ دابڕینی لە زمانی کوردی و کردنی بە زمانێکی سەربەخۆ و ئەوجا بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

### ژێدەر و سەرچاوەکان

١ - Roy Harris, The Language - makers, Cornell University Press, Ithaca, N.Y., 1980.

2 - Frederick Millingen, Wild life among the Koords, 1870, p.215. Hurst and Blackett Publishers, London,

3 - J.K. Chambers and Peter Trudgill, Dialectology, Cambridge University press, 1998, pp. 4-5.

٤- dialect continuum بە زنجیرە لەهجەیەك دەگوترێ کە لە لەناوچەیەکی جوغرافی قسەی پێدەکرێ و لەگەڵ ناوچەی دەوروبەری خۆی جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە. ئەگەر کەسێك لە ناوچەکەی خۆی بە هەر ئاراستەیەك سەفەر بکات

جیاوازییەکان وردە وردە زیاد دەبێت، بەرادەیەك کە قسەکەری هەردوو سەری کۆتایی ئەو ناوچەیە ناتوانن لەیەك تێبگەن یان بە زەحمەت لە یەك تێدەگەن.

5 - Ronald Wardhaugen, An Introduction to Sociolinguistics, published by Blackwell, fifth edition, 2006, p.31.

6 - Julie M. Groves, Language or Dialect—or Topolect? A Comparison of the Attitudes of Hong Kongers and Mainland Chinese towards the Status of Cantonese, University of Hong Kong, Sino-Platonic Papers, Number 179, February 2008, p.26

بۆ ژمارەی ناخێوەرانی لەهجەکانی چین و خەریتەی لەهجەکان بڕوانە ماڵپەڕی ویکیپیدیا:

+.http://en.wikipedia.org/wiki/Varieties_of_Chinese

7- Jerry Norman, Chinese, Cambridge Language - .surveys, Cambridge University Press, 2008, pp.1-2

٨- زمانی سربی – کرواتی بۆ یەکەمجا لە ساڵی ١٨٥٠ پێکهات، کاتێك کۆمەڵێك زمانناسی کرواتی و سربی لە ڤیەننا کۆ بوونەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر زمانێکی ستاندارد بۆ سلاڤییەکانی باشور بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە بە یەکگرتوویی بێننەوە. زمانێکی ستانداردیان لە سەر بنەڕەتی لەهجەی شتۆکاڤیان Shtokavian پێکهێنا. دوای دروست بوونی شانشینی یۆگوسلاڤیا، لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٩١ دەبێ بە زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتە، دوای تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و هەڵوەشانەوەی یۆگوسلاڤیا، زمانەکەش هەڵدەوەشێتەوە بۆ کۆمەڵێك زمان و کۆمەڵێك نەتەوەی وەك سربی، کرواتی، بۆسنی، مۆنتینگرۆ پەیدا دەبن. بڕوانە:

Eric A. Rice, Language politics in Bosnia, Croatia and Serbia, Naval Postgraduate School Monterey, California, unpublished, March 2010, p.13-14.

[9] - Ibid. p.3.

[10] - Patrick Colm Hogan(edited) The Cambridge Encyclopaedia of the language science, Cambridge university press, 2011,p. 254.

١١- أمير شرف خان بدليسى، شرفنامه، تأريخ مفصل كردستان، بامقدمه و تعليقات و فهارس بقلم محمد عباسى، چاپ أفست على اكبر علمى، ١٣٤٣، ص ٢٣.

١٢- من بە ش بە حاڵی خۆم لە سەفەرێکم بۆ ماوەی مانگێك لە کوردستانی باکور کە لە شاری مەلاتیاوە دەستم پێکرد بۆ ئەدیامان و نورفا و ئامەد و جزیرە و مدیات و سێرت و وان بایەزید. لەو سەفەردەم توانیم لە ماوەیەکی زۆر کورت لەهجەی کرمانجی باکور فێر بم و بەجوانی لەگەڵ کوردەکانی ئەو ناوە بدوێم، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ بەربەستێکی زمانیی بکەم.

١٣- بۆ نمونە یەکێك لەو رۆژهەلاتناسانە پرۆفیسۆر بێلا ئێدواردس Bela B. Edwards لە ساڵی ١٨٥١ نووسینێکی لەبارەی زمانی کوردی لە گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەلاتناسی ئەمەریکی بلاو کردۆتەوە. پێیوایە زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانی فارسییە و هەروەك ئەویش وایە بەلام هەندێك ڕێزمان و دەنگی زمانی فارسییان شێواندووە بە جۆرێکی دی دەنگەکان گۆ دەکەن، زمانێکە هەر بۆ قسەکردنە و هیچ بایەخێکی بۆ نووسین و ئەدەبیات نییە. بڕوانە:

Prof. Bela B. Edwards, Note on The Kûrdish Language, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 (1851), American Oriental Society, pp. 120-123.

یەکێکی دی لەم ڕۆژهەڵاتناسانە، نوستین هێنری لایارد لە ساڵی ١٨٥٣ بەمجۆرە لەبارەی لەهجەکانی کوردی دەدوێ و دەڵێ: " لەهجەکانی کوردی هیچ نیە تەنها چەند لەهجەیەکی شێواوی زمانی فارسی نەبێ، بە دەگمەن نەبێت، ئەگەرنا هەرگیز بۆ نووسین بە کار نەهاتووە" . بڕوانە :

Claudius James Rich, Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh, James Duncan, London, 1836, p.81.

Charles Rieu, Catalogue of the Persian Manuscripts in the British Museum. Vol. II, London,1881, pp.728-733.

١٤- گەڕیدەی ئینگلیز جێمس ڕیچ لە گەشتەکەی بۆ کوردستان لە هەر شوێنێك کە باسی گۆرانەکان دەکات هیچ گومانی لە کورد بوونیان نیە و لەهجەکەشیان وەك لەهجەیەکی کوردی ناو دەبا. لە سەفەری بۆ سلێمانی کاتێك سەردانی عوسمان پاشا دەکات، ڕیچ باسی گۆرانەکان دەکات، پاشای ناوبراویش بۆی روون دەکاتەوە کە گۆرانەکان دەکرێ بە ئاسانی بناسرێنەوە: بە روخساری دەموچاو و لەهجەکەیان کە کوردییە. بڕوانە:

Claudius James Rich, Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh, James Duncan, London, 1836, p.81.

15- Charles Rieu, Catalogue of the Persian Manuscripts in the British Museum. Vol. II, London,1881, pp.728-733.

١٦- ستونی کرمانجی ناوەڕاست، بۆ زیاتر روون کردنەوە، خۆم دامناوە، لە کتێبەکەی چارلس ریو دا نیە.

17 - , E. B. Soane, A short anthology of Guran poetry, Journal of the Royal Asiatic Society, Part I, January, 1921 pp. 57-81.

18- Ibid. P.60.

19 - E. B. Soane, Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910), Kurdology Center, Sulaimani, Kurdistan – Iraq, 2008, p. 18.

20- E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise with historical notices of Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1926, p.381.

21 - E. B. Soane, Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910), Kurdology Center, Sulaimani, Kurdistan – - Iraq, 2008,p.80

٢٢- مەیجەر سۆن لە زۆربەی کتێبەکانی سەبارەت بە زمان و ڕێزمانی کوردی هەمیشە ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە ئەو پروپاگەندانەی کە دژ بە زمانی کوردی کراوە کە گوایە "زمانێکی تێکەڵ پێکەڵی ناسازە و لەهجەیەکی شێواوی زمانی فارسییە، یان زمانێکی دەستکردە، لە وشەی فارسی و تورکی و ئەرمەنی پێکهاتووە، یان زمانێکە کەس لێیان تێناگا بە غەیری ئەوانەی کە بە خۆیان قسەی پێدەکەن" لەپاشان دەڵێ: " ئەوانە هیچی ڕاست نین، کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و بە پاکترین زمانی ئارییەکان دادەنرێت و پاشماوەی زمانی ئاوێستا و مادەکانە" سۆن، بەم جۆرە زمانی کوردی بەرز دەنرخێنێ، کەچی هەر خودی سۆن کە دێتە سەر توێژینەوە لەسەر لەهجە کوردییەکان، زۆر کەم لەهجەی کوردی هەیە ئەسڵەکەی نەباتەوە سەر فارسی کۆن و تاجیکی یان پەهلەوی، تەنها لەهجەیەکی کوردی کە ڕزگاری بووبێ و ئەو بە کوردییەکی ڕەسەن و پاك و پەتی دادەنێ، ئەویش لەهجەی ناوچەی موکریانە چونکە پێی وایە ئەو ناوچەیە لە باشوری دەریاچەی ورمێ شوێنی مێژوویی مادەکان بووە. هەندێك جار لەهجەی ناوچەی هەکاریش دەخاتە پاڵ ئەو زمانە ڕەسەنە کوردییە، چونکە پێی وایە ناوچەی نێوان دەریاچەی ورمێ و دەریاچەی وان، شوێنە

جوغرافییەکەی ناوەراستی کوردستانە و زمانەکەی بە پاکی ماوەتەوە، هەروەها شوێنی مێژوویی نیشتەجێ بوونی مادەکانیش بووە. بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, Luzac & Co. London, 1913, pp. 3 – 13.

E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise with historical notices of Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1926, p.387.

E. B. Soane, Notes on Kurdish Dialects: The Shadi Branch of Kurmanji. Sulamania,(Southern Turkish Kurdistan) - Includes a Southern Kurdish Folksong in the Kermanshahi Dialect, Asian education services, New Delhi, Madras, 2003.

23 - Vladrnir Minorsky, , "The Gûrân," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, Vol. 11, Part I, 1943, pp. 75-103.

24 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon) Gramma.ical sketch, texts, and vocabulary, Munksgaard, Kobenhavn 1966, pp.3-4.

25- B. Lewis, Ch. Pellat and J. Schcht (edited), The - Encyclopedia of Islam, New edition, Luzac & Co, London, .1965, p. 1139

٢٦- میهرداد ئیزەدی لە کتێبەکەی( A Concise Handbook, The Kurds) پوختەی ڕایەکانی ئەو چەند رۆژهەڵاتناسانە، بە تایبەت گریمانەکانی مینۆرسکی و مەکەنزی لەبارەی ئەسڵی گۆرانەکان و لەهجەکەیان، هەروەها مەسەلەی بوونی گۆرانەکان لەو ناوچەیە بەر لە کورد، دوبارە کردۆتەوە، وەك راستییەکی مێژوویی سەلمێنراو بڵاوی کردۆتەوە پێشکەشی خوێنەرانی دەکات، کە ئەمە تەواو بە

پێچەوانەی توێژینەوەی زانستییە. دەبوایە نووسەر گریان و بۆچوونەکانی ئەوان لەگەڵ بۆچوونی خۆی تێکەڵ نەکات. ئەمە بێجگە لەوەی لەم کتێبەدا کۆمەڵێك زانیاری پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی لەبارەی ناو و دابەشبوونی لەهجەکانی کوردی بڵاو کردۆتەوە، ناوی عەشیرەت و شاری لەگەڵ ناوی لەهجەکان وەك چێشتی مجێور تێکەڵ کردووە، هەر بە ئارەزووی خۆی ناوی بۆ لەهجە و بن لەهجەی کوردی داهێناوە». بۆ نمونە بۆ ناوی لەهجەی گۆران و کەلهوڕ و لەك، ناوی پەهلەوانی بۆ داناوە کە گوایە لە لایەن نووسەرانی سەدە ناوەنجییەکان، گۆرانەکان و کەلهوڕ و لەك ناویان بە پەهلەوانی هاتووە، بەڵام دواتر ئەو ناوە چ لەلایەن کورد و غەیری کورد لە بەین چووە، وا ئەمڕۆ ئەو دەیەوێ ئەو ناوە زیندووی بکاتەوە. بڕوانە:

Mehrdad R. Izady, A Concise Handbook, The Kurds,Taylor & .Francis, London, 1992, pp. 167- 175

27- D.N. MacKenzie, The Origins of Kurdish, Transactions of the - .Philological Society, 1961, P.86

28- L. O. Fossum, A practical Kurdish Grammar, The Inter – - .Synodical EV. Lutheran Orient – Mission Society, 1919, p. 6

٢٩ - بۆ نمونە کوردناسی روسی باسیل نیکتین لە کتێبە بە نرخەکەی لە بارەی کوردو کوردستان کە دێتە سەر ئەسڵی گۆرانەکان هەمان بۆ چوونەکانی مینۆرسکی و سۆن دوبارە دەکاتەوە، لەبارەی هەورامییەکانیش دەڵی: ئەوانە بە زمانێکی تایبەت قسەدەکەن، لە جیاتی کورد خۆیان بە هەورامی ناو دەبەن، لە رووی زمان و هەندێك تایبەتمەندی دیکە وا پێدەچی ئەوانە کوردی رەسەن نەبن، لەوانەیە هەروەك گۆرانەکان پاشماوەی قەومی دیکەی ئێرانی بن. بڕوانە لاپەڕە ٢٨٠، ٣٦٣، ٣٧١ ی کتێبی: واسیلی نیکتین، کرد کردستان، ترجمە: **محمد قاضي**، **انتشارات نیلوفر**، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٦.

کوردناسی ئینگلیز درایڤەر Driver هەرچەندە بەشدارییەکی گرنگی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی بنەچەی کورد هەیە، کەچی لەبارەی زمانی کوردییەوە زانیارییەکانی سەرەتاییە و پڕە لە کەموکوڕی، تەنها دوبارە کردنەوەی چەند بۆچوونێکی چەوتی پێش خۆیەتی. لە نووسینێکی بەناوی (توێژینەوە لە مێژووی کورد) کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە گۆڤاری قوتابخانەی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان، بڵاو کراوەتەوە. داریڤەر، پێی وایە زمانی کوردی لەهجەیەکی عامی زمانی فارسییە. کە دێتە سەر باسی گۆران و هەورامی، دەڵێ بۆ کورد بوون وەك کرمانجی نیە، ڕێزمان و وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵکو تەنها شێوە زمانێکی فارسییە و لەوانەیە هەر لە زووەوە لە زمانی دایك جیا بوو بێتەوە، لەپاشان بە ڕادەیەکی زۆر لە کرمانجی وشەی خواستووە. وەك دیارە ئەم بۆچوونانەی درایڤەر لەبارەی هەورامی هەمان ڕایەکانی مەیجەر سۆنە، بەبێ لێکۆڵینەوە، دوبارەی کردۆتەوە و لە پەراوێزەکەش ئیشارەتی بە کتێبەکانی سۆن داوە. بڕوانە:

G. R. Driver, Studies in Kurdish History, Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London, Cambridge University Press, .Vol. 2, No. 3 (1922), p.505

کوردناسی فەرەنسی جۆیس بلۆ، وا پێدەچی ئەویش لە ژێر تەئسیری رۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی نکوڵی لە کورد بوونی گۆرانەکان و لەهجەکەیان دەکات. لە نووسینێکی لە بارەی (ئەدەبی نووسراوی کوردی) لە دابەشکردن و ناوهێنانی لەهجەکانی کوردی، لەهجەی گۆران لە ڕیزی لەهجەکانی کوردی دانەناوە، دواتر کە دێتە سەر باسی دینی ئەهلی هەق دەڵی ئەوانە بە زمانێك قسە دەکەن کە ناوی (گۆران)ە و کوردی نیە. بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك بدات. بڕوانە:

Joyce Blau, Kurdish Written Literature. In (Philips Kreyenbroek & Christine Allison, Kurdish Culture and Identity), Zed Book Ltd. .London, 1996, pp.20-21

کوردناسی هۆڵەندی مارتین فان برونەسن لە کتێبەکەی ( ئاغـا و شـێخ وددوڵـەت) لـە باسـی لەهجـەکانی زمـانی کـوردی کـە دێتـە سـەر بـن لەهجـەکانی وەك سـنەیی، کرماشانی، لەکی، پێیوایە ئەو لەهجە کوردییانە لە فارسییەوە نزیکترن هەتا کـوردی، ئەمە بە بێ ئەوەی هیچ بەراوردێك بکات لە نێوانیـان، وا پێـدەچێ ئەمـەی هـەر لـە کتێبەکانی سۆن وەرگرتبێت. لە پاشان کە دێتە سەر باسی گۆرانەکان ئـەویش هـەمان ڕایەکانی سۆن و مینۆرسکی و مەکەنزی دوبارە دەکاتەوە پێی وایە ئەوانە زمانەکەیان کوردی نییە و سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانی باکوری ڕۆژئاوایـە بـەڵام هەرچـی کوردییـە ڕاسـتەقینەکەیە سـەر بـە باشـوری ڕۆژئاوایـە. ئەمـەش هـەمان ئیـدیعای مەکەنزییـە کـە پێیوایـە زمـانی کـوردی سـەر بـەگروپی باشـوری ڕۆژئـاوای زمانـە ئێرانییەکانە و لە پەهلەوی نزیکە یان هەر لەو وەرگیراوە. لەپاشان کە دێتە سەر باسـی دانیشتوانی هەورامان دەڵێ " ئەوانە بـە یـەکێك لـە زاراوەکـانی گـۆران دەدوێـن تـا سەرەتای ئەم سەدەیش خۆیان بە گەلێکی جـوداواز لـە کـورد دەزانـی. گـەر بـە پێـی بنەچەی نەریتەکەیان بێت، دەبێت لە دەڤەرێکی باشوری خۆرئاوای دەریـای قەزوینـەوە هاتبن". ئەمەش هەمان ڕایەکانی مینۆرسکی – ە لـە بـارەی گۆرانـەکان، بـەڵام زۆر سەیرە کە دەڵی هەتا سەرەتای ئەم سەدەیش هەورامان خۆیان پێ گەلێکی جودا بـووە. ئەمەش ناشـارەزایی نوسـەر نیشـان دەدات کـە نـازانێ لەوەتـەی نـاوی هـەورامی و هەورامان و گۆران هەیە، چ لە سەدەی بیستەم و پێش سەدەی بیستەمیش ئەوانە هـەر کورد بوونە . بڕوانە:

مارتین فان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵـەت، کـوردۆ لـە ئەڵمانییـەوە کردوویـە بـە کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٥٥-٥٩، ل٢٨٥ - ٢٧٠.

نکوڵی کردن لـە ناسـنامەی کـوردیی گۆرانـەکان (هەورامییـەکان و زازاییـەکان) بـە ڕادەیەك بە نێو کتێبان بڵاو بۆتەوە گەیشتۆتە نێو کتێبەکـەی (ڕشـید یـاسمی) بـەناوی

(کرد و پیوستگی نـژادی و تـاریخی او) لـە لاپـەڕە ٩٨ دەڵـێ: " لەسـەدەی بیسـتەم لێکۆڵەران لە توێژینەوەکانیان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە لە نێو کوردان تایەفەیەکی دیکەی ئێرانی هەیە کە کورد نین ئەویش: (گۆران – زازا) ن". بڕوانە:

رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، انتشارات ابـن سـینا، چـاپ سـوم، بدون تاریخ چاپ، ص٩٨.

هەر هەمان دەستەواژەی رەشید یاسەمی لە بارەی بنەچەی گۆرانـەکان لـە فەرهـەنگی (لغت نامە دهخدا) ش کە دێتە سەر ناوی (گوران) بەبێ لێکۆڵینـەوە دوبـارە بۆتـەوە. بڕوانە:

علی أکبر، لغت نامە دهخدا، شمارە مسلسل: ٣٠، مؤسسە أنتشارات و چاپ دانشگاە تهران، تهران، ١٣٣٥ خورشیدی، ص٥١٦.

وەك دەبین ئەم گریمان و بۆچوونە چەوتانەی ئـەو رۆژهـەلاتناس و کوردناسـانە لـەبارەی گۆرانەکان چۆن کاری کردۆتە سەر بیروڕای ئەو هـەموو نوسـەرەی دوای خۆیـان، بـەبێ ئەوەی لە سەر ئەم بابەتە هەڵوەستەیەك بکەن کە بۆ دەبێ ئەو لەهجەیە کوردی نـەبێ. لە سەرچاوەکان، بەبێ توێژینەوە و ورد بوونەوە، نەقلیان کردووە بلاویان کردۆتەوە.

٣٠- هـەتا ئـەمڕۆش ئـەم کوردناسـە ئـەوروپییانـە زۆر بـێ ئینسـافانە و بـەبێ شارەزاییەکی باش، لەسەر لەهجە کوردییەکان قسە دەکەن و حوکمی چەوت و نـاڕەوای لەسەر دەدەن، هەتا بۆیان بکرێ جیاوازی لەهجە کوردییەکان گـەورە نیشـان دەدەن تـا بیانکەن بە زمانی سـەربەخۆ. بـۆ نمونـە کوردناسـی هۆڵەنـدی فلیـپ کرەینـبروك لـە نووسینێکی لە بارەی زمانی کوردی دەڵێ: " تەنها لەبەر ئەوەی کە کرمانجی و سۆرانی لە رووی نەتەوەییەوە سەر بە یەك بنەچەی هاوبەشـن، بۆیـە پێیانـدەڵێن دوو لەهجـەی زمانی کوردی بەڵام لە رووی زمانەوە یان هەر هیچ نەبێ لەرووی رێزمانـەوە جیـاوازی

نێوان کرمانجی و سۆرانی بە رادەی جیاوازی نێوان زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزییە، هەر بۆیە دەکرێ پێیان بگوترێ زمان نەك لەهجە، بەڵام لە رووی موفرەدات و فۆنەتیکەوە بە رادەی ئەڵمانی و ئینگلیزی نابێت". بۆ ئەم جیاوازییەش نمونەی نێر و مێ دێنێتەوە، کە لەسۆرانی وەك ئینگلیزی نێرو مێی نیە، بەڵام لە کرمانجی وەك ئەڵمانی نێر و مێ هەیە. بڕوانە:

Philip G. Kreyenbroek, The Kurds: A Contemporary Overview, .Routledge; 1 edition December 6, 1991, p.55

دوای ئەو نووسینەی کرەینبروك هەمان ڕایەکەی ئەو لەسەر ئەم دوو لەهجە کوردییە لای دەیڤید مکدۆواڵ دوبارە دەبێتەوە، سەرەڕای دوبارە کردنەوەی هەمان بیروڕای ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ناسنامەی گۆران و هەورامی بڕوانە:

David McDowall, A Modern History of The Kurds, I.B. .Tauris & Co Ltd, London, 1997,pp. 9-10

ئەگەر کەسێك شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی هەبێ و لەهجەی کرمانجی ناوەڕاست و باکوریش بە چاکی بزانێ، ئەوجا تێدەگا کە ئەو کوردناسانە چەند بە هەڕەمەکی و بەبێ بەراوردێکی زانستیانە ئەو حوکمە ناڕەوایەیان بە سەر ئەو دوو لەهجەیەی زمانی کوردی داوە. دەکرێ بڵێین جیاوازی کوردی و فارسی وەك جیاوازی هۆڵەندی و ئەڵمانییە، بەڵام جیاوازی ئینگلیزی و ئەڵمانی ئەوەندە زۆرە رەنگە ئینگلیزێك بە چەندین کۆرسی چڕ و پڕی ئەڵمانی ئەوجا بتوانێ کەمێك بە ئەڵمانی قسە بکات. وەك لە هەموو کوردێك ناشکرایە کە ئەو جیاوازییە زۆرە لە نێوان ئەو دوو لەهجە کوردییە نییە. ئەگەر بە دوای سەرچاوەی ئەو رایانەشدا بچین دەبینین ئەوانیش هەر لە بنەڕەتدا لە کتێبەکانی سۆن و مەکەنزی وەرگیراون، یان لە کەمی شارەزاییان بە زمانی کوردی بە سەر هەڵەی وا گەورەدا کەوتوون، کە ئەم هەڵانە ئەمڕۆ بوون بە ویردی سەر زاری ئەو نوسەرانە، ئیدی لە ڕێی ئەوانەوە بڵاو بۆتەوە و چۆتە نێو

نووسینی نوسەرانی دیکەی ئەورووپی، ئەوجا لەوانەوە دێتە نێو نووسینی نوسەرە کوردەکان.

بە پێچەوانەی زۆربەی کوردناسەکان، مەیجەر نوئێل لەوانی دی باشتر بۆ جیاوازی لەهجە کوردییەکان چووە، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆی لە کوردستان، دەڵێ: "زۆر جار گووتراوە کە زمانی کوردی بریتیە لە چەند لەهجەیەکی زارەکی کە لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی جیاوازی هەیە. راستە ئەو زمانەی باشوری رۆژهەڵاتی کوردستان واتە بابا کوردی(مەبەستی کوردی بابانی ناوچەی سلێمانییە- وەرگێڕ) جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ کرمانجی هەیە، بەڵام ئەوە راست نییە ئەگەر بڵێین بن لەهجەکانی کرمانجی جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە. من چەند کەسێکی خەڵکی بۆتان و دیاربەکر و هەکاریم لایە کە لەگەڵ ناخێوەرانی لەهجەی ئەوپەڕی رۆژئاوای کوردستان بەباشی دەدوێن و لەیەك تێدەگەن. تەنها چەند هەفتەیەك لێرە بمێننەوە ئیدی تەواو بەسەر لەهجەکە زاڵ دەبن. ئەو جیاوازیانە کە هەیە زیاتر لە گۆڕانی دەنگە بزوێنەکانە. بۆ نمونە من لێرە وشەی دایکم بیست – دایك، دای، دا، دی (Dyk, Dy, Da, Di)، ئەم جۆرە جیاوازییانە کەسێکی بێگانە کە هێشتا گوێی بەم دەنگە جیاوازانە ناشنا نەبووە توشی سەرلێشێوان دەکات. ئەوەی زیاتر وایان لێ دەکا کە بە شێوەیەکی ناپێویست، جیاوازی لەهجەکان گەورە نیشان بدەن، لەو کاتەیە کە وشەکان لە حاڵەتی زەرف بەکار دێن یان ئامرازی پەیوەندیان دەچێتە سەر، یان ئەو وشانەی کە بە بەردەوامی بەکار دێن. بۆ نمونە وشەی (ئێستا)ی سلێمانی، لە هەکاری دەبێ بە (نها) لە رۆژئاوای کوردستان دەبێ بە (ئەنگۆ). لە لەهجەکانی دی دەبێ بە (ئەیستا)، (ئەنکا)، (نکا)، (هەنوسکا). بۆیە هەر کەسێك شارەزاییەکی باشی لە لەهجەی ناوچەیەك هەبێ دەتوانی بە ئاسانی و بە خێرایی لەهجەکانی دی فێر بێ، تەنها

پێویستی بە لیستێکی کورتی ئەو وشە هاوبەشانە هەیە کە لە نێوان لەهجەکان وشەی جیاوازیان بۆی هەیە". بڕوانە:

Noel E.M. (Diary of Major E.M. Noel, C.I.E., D.S.O., on special duty in Kurdistan, from June 14th, to Septemebr 21st, printed by .Governement press, Basrah, 1919, p.9

هەروەها بڕوانە: **الدكتور فؤاد حمة خورشيد، اللغة و اللهجات الكردية (دراسة جغرافية)، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٦.**

بێجگە لە ڕای ئەو کوردناسە ڕۆژئاواییانە، نوسەری کوردمان هەیە وەك جەعفەری شێخولئیسلامی کە زمانناسیشە، دەستی لەو کوردناسانە سەندۆتەوە بە پێش هەموویان کەتووە لە بەزمانکردنی لەهجە کوردییەکان، پێیوایە ئەو لەهجە کوردییانە لەهجە نین، بەڵکو زمانە کوردییەکانن، چونکە کورد تائێستا زمانێکی هاوبەش و یەکگرتووی نیە کە کوردی بێ و هەموو لێی تێبگەن، ئەوەی هەیە چەند زمانێکە و لە یەك دوورن؛ لە رووی ڕێزمان و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە لەیەك جیاوازن، ئەوڵدان بۆ سازدانی زمانی یەکگرتووی کوردی تازە دەرەنگە، یان کات بە فیڕۆ دانە، بۆیە هیوا خوازە کە ڕۆژێك زمانی کوردیش وەك زمانی لاتینی لێ بەسەربێ هەر لەهجەیەك ببێ بە زمانێك. بەراستی سەیرە زمانناسێکی کورد لەم قۆناغە ناسکەدا کە زمانی کوردی پێیدا تێدەپەڕێ ئەوە هەڵوێستی بێ لە ئاست زمانی نەتەوەکەی، ئەوەندە حەز بکات زمانی کوردی وەك لاتینی لێ بەسەر بێ، زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ. وەك بڵێی ئەو میللەتانەی ئەمڕۆ زمانی یەکگرتوویان هەیە هەر لە ئەزەلدا هەیان بووە. ئەوەی کاتی خۆی بە دەستی هێنا ئەوە ئەمڕۆ ئەو میللەتە خاوەن زمانێکی یەکگرتووە، بەڵام ئەمڕۆ کە نۆرەی کورد هاتوە، دەبێ لێی بێبەش بێ، چونکە بە قەولی شێخولئیسلامی باوی نەماوە. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ جەعفەری شێخولنسلامی لەبارەی زمان و زاراوە:

http://hedih.blogspot.com/2004/02/blog-post_23.html

٣١- محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان زۆر بە کەمی و نیوەچڵی خۆی لە قەرەی باسوخواسی گۆرانەکان داوە و زۆر کەمیش لە سەر لەهجەکەیان توێژینەوەی کردووە. لە بارەی بنەچە و مێژووی لەهجەی هەورامییەوە، بە داخەوە ئەویش بەبێ لێکۆڵینەوە، هەمان ڕایەکانی مەیجەر سۆنی دووبارە کردۆتەوە، لەبارەی هەورامییەوە دەڵێ ڕەنگە لە بنەچەدا زمانی تاجیك بێ و لەبارەی ئەردەلانی کۆن و کەڵهوڕ و لەك- یش هەر هەمان ڕایەکانی سۆن بە بێ دەستکاری وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە لە لاپەڕەی ٨٠ ی کتێبەکەی سۆن Report on the Sulaimania District of Kurdistan (1910) هاتووە، بە بێ ئەوەی ئیشارەت بە سەرچاوەکەشی بدات، بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ، ئامادەکردن: ڕەفیق سالح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٢٩ – ٢٣٠. ئەم جۆرە کەموکورتیانە بە هیچ شێوەیەك لە بایەخی ئەم کتێبە کەم ناکاتەوە کە شاکارێکی مێژووی کوردە. فەرید ئەسەسەرد لە کورتە وتارەکەی ناوی ئەمین زەکی بەگ لە ڕیزی ئەوانە داناوە کە هەورامی بە لەهجەیەکی کوردی دادەنێن، بەڵام وا دیارە ئاگادار نەبووە کە ئەویش وەك مەیجەر سۆن پێی وایە هەورامی کوردی نییە و تاجیکییە.

32- Taufiq Wahaby, The origins of the Kurds and their language, .reprinted in Sweden, 1982, p. 16

33- Taufiq Wahby and C. J. Edmonds, A Kurdish-English .dictionary, Oxford Clarendon Press, 1966

٣٤- محمەد ئەمین هەورامانی، تەماشایەکی سەرپێی نێوان زاری هەورامانی و سۆرانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٢ بەرگی ٢، ١٩٧٤، ل١١٧– ١٦٠.

٣٥- محمد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨١، ل١٠.

٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

٣٧ - عادڵ محەمەد پوور، شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا..، چاپخانەی بابان، ٢٠٠٨، ل٩٠.

38 - Michiel Leezenberg, Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing? Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of Amsterdam, ILLC Prepublication Series X--93-03, 1993.

39- Amir Hassanpour, The Identity of Hewrami Speakers : Reflections on the Theory and Ideology of Comparative Philology," in Anthology of Goran Kurdish Poetry, edited by A Soltani, London, Soane Trust for Kurdistan, 1998, pp. 35-49.

٤٠- زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورد دا، ل٢٨.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

42 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon), P.7.

43 - Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992, p. 288.

# ڕستەسازی

٧

بەشی یەکەم نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

## چەمك و پێناسەی ڕستەسازی

ڕستەسازی زانستێکە لە ڕستە و فرێز و وشە دەکۆڵێتەوە. ڕستەسازی و وشەسازی بەشێکن لە ڕێزمان، بەو واتایەی بەیەکەوە ڕێزمان پێکدێنن. ئەم زاراوەیەش لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (syntaxis - سینتاکس)ەوە هاتووە، کە زاراوەیەکی یۆنانییەوە و دواتر گوازراوەتەوە نێو زمانی ئینگلیزی. زاراوەی سینتاکسیش لە بنەڕەتدا بە واتای (دانان، ڕێکخستن) دێت، واتە سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە نووسین و ئاخاوتندا[1].

## چەمك و پێناسەی ڕستە

زمانناسان و نووسەران تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ ڕستە کردووە، بۆیە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو، دواتر لایەنی کەموکوڕی پێناسەکانیش شرۆڤە دەکەین:

* تۆفیق وەهبی دوو پێناسەی لەبارەی ڕستەوە خستۆتەڕوو:

(( جوملە بەیانکردنی حوکمێکە))[2].

(( ڕستە زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات))[3].

* نووری عەلی ئەمین بەمشێوەیە پێناسەی ڕستەی کردووە:

(( بەو کۆمەڵە واژەیەی کە بەکاری ئەهێنین و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و فرمانێکی لەتەکدا ئەبێ پێی ئەلرێ ڕستە))[4].

*محەممەد ئەمین هەورامانی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە ئەو ئاخافتنەیە کە کاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێ))[5].

* د. نەسرین فەخری لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە کۆمەڵە وشەیەکی ڕێکخراوە بۆ مەبەستێك بەپێی یاسای زمان))[6].

* د. وریا عومەر ئەمین لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەکیی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە ))[7].

* د. کوردستان موکریانی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە بچوکترین دانەی سینتاکسییە))[8].

* چۆمسکی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:(( ڕستە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری)) .

* د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:(( ڕستە بریتییە لە کردار و پێویستییەکانی ))[9].

* د. عەبدوڵڵا حوسێن لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی))[10].

* نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: (( ڕستە بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر، کە واتایەك بدات بە دەستەوە)).

* ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە.

* ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەر یەکەوە مانای تەواو دەبەخشێ.

* ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەر یەکەوە واتای تـەواو دەبەخشـیّ و لەکۆتایشـدا نیشانەیەك دادەنرێت.

* ڕستە بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر.

* ڕستە بریتییە لە بکەر و کار.

* ڕستە بریتییە لە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار.

* ڕستە بریتییە لە نیهاد و گوزارە.

* ڕستە گەورەترین دانەی زمـانە.

* ڕستە گەورەترین دانەی زمانە کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکـە.

ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسانەی پێشەوە بکەین، ئەوە دەبینین زۆربـەیان لایەنی کەموکوڕی تێدایە، بۆیە لێرەدا شرۆڤەیان بۆ دەکەین:

٢ــ ئـەو پێناسـانەی، کـە دەڵێن((ڕسـتە کۆمەڵـە وشەیەکە))،((ڕسـتە کۆمەڵـە وشەیەکە بەسـەر یەکـەوە مانـای تـەواو دەبەخشیّ))،((ڕسـتە کۆمەڵـە وشـەیەکە بەسەر یەکەوە واتای تەواو دەبەخشیّ و لەکۆتایشدا نیشانەیەك دادەنرێت)).ئەوە پێناسەیەکی گشتگیر نین، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیـادە ناکرێن، بەهۆی ئەوەی دەشیّ ڕستە لە تاکە وشەیەکیش پێك بێت، وەك:

هـــات .

ڕۆیـشـت.

مرد.

ئەم ڕستانە لە ڕۆنانی سەرەوەدا یەك وشەن، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا لە وشەیەك زیاتر پێکدێن، بە واتایەی لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری پێکدێن.

٣ـ ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((ڕستە بریتییە لـە بکـەر و کـار))، پێناسـەیەکی گشتگیر نییە، چونکە لەسەر هـەموو ڕسـتەیەکی زمـانی کـوردی پیـادە ناکرێـت،

بەڵکو تەنیا لەسەر یەك جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕ بێت. وەکو:

- ئازاد هات .
- ڕزگار ڕۆیشت.
- نەسرین مرد.

٤- ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((ڕستە بریتییە لە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار)). ئەوە پێناسەیەکی گشتگیر نییە، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیادە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لەسەر یەك جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە، کارێکی تێپەڕ بێت. وەك:

- کارزان وانەکەی خوێند.
- شیلان نانەکەی خوارد.
- ئەحمەد دارەکەی شکاند.

٥- ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: (( ڕستە بریتییە لە نیهاد و گوزارە)). ئەوە پێناسەیەکی گشتگیر نییە، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیادە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لەسەر یەك جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە، کارێکی ناتەواو بێت.وەکو:

- شیرین جوانە .
- ئاواز زیرەکە .
- ژوورەکە پاکە .

٦- ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((ڕستە گەورەترین دانەی زمانە)).ئەوە پێناسەیەکی تەواو نییە، چونکە لە زماندا دانەی گەورەتر لە (ڕستە) بوونی هەیە، وەك (ئاخاوتن، دیالۆگ، پەرەگراف، دەق، داڕشتن)، بەلام دەکرێ

پێناسەکە هەندێ وشەی تری بۆ زیاد بکەیت، تاکو پێناسەیەکی گشتگیری لێدەردەچێت، واتە بەمشێوەیەی لێبێت:((ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکـە)). واتە وەکو دەردەکەوێت مەرج نییە هەموو دانەکانی (ئاخاوتن، دیالۆگ، پەرەگراف، دەق، دارشتن) خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێك بن.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم پێناسانەی خوارەوە تارادەیەك زانستین، بە بەراورد لەگەڵ پێناسەکانی تر:

* ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکـە.
* ڕستە بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر، کە واتایەك بدات بە دەستەوە.
* ڕستە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری .

**لقەکانی ڕستەسازی**

ڕستەسازی لقێکە لە لقەکانی زمانناسی، کە چوار لق لەخۆوە دەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە[11].

**١- ڕستەسازی مێژوویی**

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەم لقە باسی پەرەسەندنی ڕستە بە درێژایی مێژوو دەکات.

**٢- ڕستەسازی بەراوردی**

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەم لقە بەراوردی ڕستەی زمانێك لەگەڵ ڕستەی زمانێکی تر دەکات، بە نموونە بەراوردکردنی ڕستەی زمانی کوردی لەگەڵ ڕستەی زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان فارسی.

**٣- ڕستەسازی گشتی**

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، کە بەشێوەکی گشتی باسی لایەنەکانی ڕستە دەکات، بەو واتایەی جەخت لەسەر ڕستەی زمانێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بواری ڕستە دەکات.

٤ـ ڕستەسازی تایبەتی

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەمجۆرەیان باسی لایەنەکانی ڕستە لە زمانێکی دیاریکراو دەکات، بەو واتایەی ئەم لقەی ڕستەسازی پەیوەستە بە باسکردنی ڕستەی زمانێکی دیاریکراو.

## تیۆرەکانی ڕستە[١٢]

بەدرێژایی ڕۆژگار زمانناسان بەگشتی و ڕستەسازەکان بەتایبەتی، گرنگییان بە تیۆرەکانی ڕستە داوە، کۆنترین تیۆریش، تیۆری لاساییکردنەوەیە، دوای ئەم تیۆرەش، تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان دێت، پاشان تیۆری چاڵ، دواتر تیۆری گوێزانەوە .

١ـ تیۆری لاساییکردنەوە (کۆن ـ کلاسیك):ـ

ئەم تیۆرە گرنگی بە جۆرەکانی وشە دەدات، زمانەکانیش لە ژمارەی جۆرەکانی وشە جیاوازییان لە نێوانیاندا هەیە، بە نموونە زمانی عەرەبی وشە بەسەر سێ بەش دابەشدەکات: (ناو، کار، پیت)، بەڵام زمانی ئینگلیزی وشە بۆ سەر (هەشت) بەش دابەشی دەکات: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ئامرازی بەستنەوە، پریپۆزیشن و ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن). زمانی کوردیش لە دوو ڕوانگەوە جۆرەکانی وشە ( کە بە بەشەکانی ئاخاوتن ناودەبرێت) دابەشی دەکات، بەگوێرەی قوتابخانەی زمانناسی ئینگلیزی بەسەر (٨) بەش دابەشی دەکات، بەڵام بە گوێرەی قوتابخانەی زمانناسی ڕووسی

بەسەر (١٠) بەش دابەشی دەکات، واتە بەشەکانی ژمارە و پارتیکلی بۆ زیاد دەکات.

هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بە شیکردنەوەی وشەکانی نێو ڕستە دەدات، واتە دیاریکردنی ئەرکی وشەکان لە نێو ڕستەدا: بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیهاد، گوزارە... هتد.

**٢- تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان:-**

ئەم تیۆرە پێی وایە ڕستە بەسەر دوو بەش دابەش دەکرێت، هەریەك لەمانەش بۆ دوو بەشی تر دابەش دەکرێت، هەر یەکە لەمانەش جارێکی تر بۆ دوو بەشی تر دابەش دەکرێت، ئیتر بەمشێوەیە تاکو دەگەین بە ئاستی وشە. بەو واتایەی لە بەرزترین دانەی ڕستەوە دەست پێدەکەین تا دەگەین بە بچووکترین دانەی نێو ڕستە، کە وشەیە، وەکو:

**- ئێمە دوێنێ بەیانی نانمان خوارد.**

**٣- تیۆری چاڵ:**

ئەم تیۆرە پێی وایە، کە ڕستە بۆ بەدەستهێنانی چاڵ لە خانە پێکدێت، هەروەها ئەم تیۆرە وایدەبینێ، کە دەکرێ وشە بە گوێرەی وشەسازی پۆلێن بکەین، کە جیاوازە لەگەڵ پۆلێنکردنی ڕستەیی یان ئەرکی. پۆلێنکردنی وشەیی پشت بە ناواخنی زیادەکان دەبەستێت، کە وشە وەریدەگرێت، لە کاتێکدا کە پۆلێنکردنی ڕستەیی (ئەرکی) پشت بە خانەکان دەبەستێت، کە وشەکان کاری تێدا دەکەن. واتە پۆلێنکردنەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**١- چاڵی بکەر ← خانەی ناوی (ناو، جێناو)**

**<u>ئازاد</u> هات .**

**ئەو ڕۆیشت .**

٢ـ چاڵی بەرکار (بەرکاری ڕاستەوخۆ) ← خانەی ناوی (ناو، جێناو)

**ئازاد نامە دەنووسێت.**

**ئازاد تۆ دەبات .**

٣ـ چاڵی بەرکار (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ← خانەی ناوی (ناو، جێناو)

**ڕزگار بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشت .**

**کارزان قسەکە بە تۆ دەڵێت .**

٤ـ چاڵی نیهاد ← خانەی (ناو، جێناو)

**ئازاد زیرەکە .**

**ئەو جوانە .**

٥ـ چاڵی گوزارە ← خانەی (وشە + کاری ناتەواو)

**نەسرین جوانە.**

٦ـ چاڵی کاری ← خانەی (تێپەڕ، تێنەپەڕ)

**سیروان نان دەخوات .**

**کارزان هات .**

**٤ـ تیۆری گوێزانەوە:ـ**

ئەم تیۆرە وا دەڕوانێتە ڕستە، کە لە دوو ڕۆنان پێکدێت، ڕۆنانی سەرەوە (ئاستی ڕووکەش) و ڕۆنانی ژێرەوە (ئاستی قووڵ)، هەروەها یاساکانی گوێزانەوەش بریتین لە (یاسای زۆرەملێ، یاسای هەڵبژاردن)، ئەم یاسایانەش هەڵدەستن بە گوێزانەوەی ڕستە لە ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوە، وەکو:

**١ـ زانایانی کورد زانستیان پێشخست.**

**٢ـ زانست زانایانی کورد پێشیان خست.**

**٣- زانایانی کورد پێشیاخست زانست.**

**٤- زانایانی کورد ئەوان بوون زانستیان پێشخست.**

**٥- ئەوانەی کە زانستیان پێشخست بریتی بوون لە زانایانی کورد.**

**٦- کێ زانستی پێشخست؟**

**٧- زانست لە ڕێگەی زانایانی کوردەوە پێشکەوت.**

**٨- زانایانی کورد پێشکەوتنی زانستیان پێشخست.**

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموو ڕستەکان لە یەك ڕستەی سەرەکی وەرگیراون، ئەویش ڕستەی یەکەمە یاخود سێیەم.

بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە ڕستەیەکی سەرەکی بگۆڕێت بۆ چەندین ڕستەی وەرگێراو. هەروەها گوێزانەوەی ڕستەکانیش دەکرێ لەم ڕوانگانەوە بێت:-

١- گوێزانەوەی لە ڕستەی ئەرێ بۆ ڕستەی نەرێ.

٢- گوێزانەوەی لە ڕستەی هەواڵگەیاندن بۆ ڕستەی پرسیارکردن.

٣- گوێزانەوەی لە ڕستەی ناوی بۆ ڕستەی کاری.

٤- گوێزانەوەی لە ڕستەی بکەر دیار بۆ ڕستەی بکەر نادیار.

٥- گوێزانەوەی لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ بۆ ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ.

٦- گوێزانەوەی لە ڕستەیەکی جەختنەکراو بۆ ڕستەیەکی جەختکراو.

**سەرچاوە:**

١- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل.١٩٥

٢- تەوفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، چاپخانەی ( دار الطباعة الحديثة )، بەغدا، ل .١١

٣- ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل.١٦١

٤- نوری عەلی ئەمین(١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ل ٣٦.

٥- محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل ٣٠٣.

٦- نەسرین فەخری(د)(٢٠٠٢)، ڕستە و چمکی ڕستە بەگشتی و بەتایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردی دا، بەغدا، ل ١٢.

٧- نەسرین فەخری(د)(٢٠٠٢)، ڕستە و چمکی ڕستە بەگشتی و بەتایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردی دا، بەغدا، ل ١٢.

٨- وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ١٩٨.

٩- ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل.١٦٢

١٠- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل.١٧٥

١١- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ل.٤٠

١٢- محمد علی الخولي(د)(٢٠٠)، مدخل الی علم اللغة، دار الفلاح للنشر و التوزیع، ص ٩٧.

# شـــیکردنەوەی ڕستە لە ڕوانگەی ئەرك و دروستەوە

نووسینی: د. ئومێد بەرزان برزۆ
زانکۆی گەرمیان/فاکەڵتی پەروەردەی کەلار/ بەشی زمانی کوردی

کە باس لەدروستەی سینتاکسی دەکەین، واتە وردبونەوە لەچۆنێتی ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنو پێکهێنانی فرێزو ڕستە، واتە چۆنێتی دروستبونی فرێزو ڕستەکان لەئەنجامی زنجیرەیەك پرۆسەی ڕیزکردنو خستنەتەکیەکدا دەخەینەڕو، هەر پرۆسەیەکیش دەبێتەهۆی یەکگرتنی دو پێکهاتە یان زیاتر بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی گەورەتر. ئەم دروستە بەرهەمهاتووانەش دەتوانرێت لەشێوەی هێڵکاریی درەختی (Treediagram) بنوێنرێن، ئەو هێڵکارییە درەختانەش بەهۆی یاساکانی دروستەی فرێزەوە دیاری دەکرێن، بۆیە هەر هێڵکارییەکی درەختی بۆ نواندنو نیشاندانی دروستەی سینتاکسی بەکاردەهێنرێت، واتە دروستەی پێکهاتەی ڕستە دەنوێنێت.


**شیکردنەوەی ڕستە لای ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە:**

چۆمیسکی دەڵێت: (ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانیی زمانە).

سادەترین ڕستە لەدو فرێز پێکدێت:

ڕستە ⟵ فرێزی ناوی + فرێزی کردار

ئازاد هاتØ




دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە، بۆیە لەشیکردنەوەی تەپۆڵکەیی پێکهێنەکانی زماندا، ڕستە پێکهێنی ڕاستەوخۆی تەپۆڵکەکە دەگرێتو شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنی ناوەندی، کە دروستەی فرێزە، تا دەگاتە دواپێکهێن، کە دروستەی وشەیە، هەریەکە لەدروستەکانی ڕستەو فرێزو وشە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیەو بەپێی یاسای دروستەکانیان ڕیزدەکرێن، بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر دروستە هەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**دروستەی ڕستە**     **پێکهێنی ڕاستەوخۆ (بەرز)**

↓

**دروستەی فرێز**     **پێکهێنی ناوەند**

↓

**دروستەی وشە**     **پێکهێنی نزم (دواپێکهێن)**

یاسا سینتاکسییەکان شێوەی ڕێکخستنی فرێزەکان لەڕستەدا دیاری دەکەن‌و چۆنێتی پۆلینکردنی فرێزەکانیش دەستنیشان دەکەن، **بۆیە** لەشیکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستەدا کەتیگۆرییە **سینتاکسییەکانی فرێزی** (ناوی، جێناوی، ئاوەڵناوی، کرداری، ....تاد) دیاریدەکرێت، **کە شوێنێکی** ناوەند لەهەرەمی پێکهێنەکان دەگرن، پاشان **کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو،** جێناو، ئاوەڵناو، کردار، .....تاد) دیاریدەکرێت، **کە شوێنیان لەشوێنی فرێز** نزمترە، واتە ڕستە لەفرێز پێکدێت‌و فرێزیش لەوشەو مۆرفیم.


**شیکردنەوەی ڕستە لای ڕێزمانی ئەرکی:**

ڕێزمانی ئەرکی ئەو ڕێزمانەیە، **کە هەوڵدەدات، دروستەی ڕستە لەو** ئەرکانەوە دابڕێژێت، **کە** زمان جێبەجێیان دەکات، **بۆیە هەمو شیکردنەوە** سینتاکسییەکان ڕەچاوی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان دەکەن، ئەم جۆرە ڕێزمانەش کاریگەریی لەسەر ڕێزمانی گوێزانەوەی چۆمیسکی هەبو. [Finich 2000: 93]

بەلای ئەرکییەکانەوە ڕستە لەدو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت، **کە** پێکهاتەی بەشی بکەری‌و بەشی کردارییە، واتە دروستەی ڕستەی سادە بۆ دو کەتیگۆریی ئەرکی دابەشدەبێت، کە بکەرو بەشەکردارە ( Subject and Predicate)، بەم شێوەیە:

| |
|---|
| ڕستە ⟵ بکەر (subject) + بەشەکردار (predicate) |

منداڵەکە ترسا∅




هەمو ڕستەیەك لەزمانی کوردیدا لەبکەرو بەشەکردار پێکدێت‌و هەبونی ئەو دو بەشە لەناو دروستەی ڕستەدا بەخورتییەو ناتوانرێت لاببرێن، بەشە بکەرییەکە جێکەوتەی فرێزی ناوییەو بەشەکردارییەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە، هەمیشە فرێزە کردارییەکە دەبێتە سەرەی بەشەکردارەکەو بە بەشەکرداری سادە (Simple predicate) ناودەبرێت، کە لەتەنها دەستەواژەیەکی سەرەکی پێکهاتوە، ئەمیش زانیاریی دەربارەی بکەر دەدات، یان دەربارەی ئەو کارەی کە بکەر دەیکات، هەروەها لەوانەیە بەشەکردار لەچەند وشەیەك پێکهاتبێت‌و بە بەشەکرداری فراوان ( Complete

predicate) ناودەبرێت، کە جێکەوتەکانی تری وەکو بەرکارو تەواوکەرو سەربار بەشداری لەفراوانکردنی سەرەی دروستەی بەشەکردارەکەدا دەکەن. بەشەکردارەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە چۆن ئارگومێنتەکان هەڵدەبژێرن و لەڕستەدا ڕۆڵ بەئارگومێنتەکان دەدەن، ئارگومێنتەکانیش ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن، کە لەلایەن کردارێکەوە داوادەکرێن، بەواتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش ئەو بەشانەی ڕستەن، کە هەواڵێك لەبارەیانەوە بەهۆی بەشەکردارەکەوە ڕادەگەیەنرێت، بۆیە ئەو ئارگومێنتانەی کردار داوایان دەکات، دەبێت بەپێی نیشانە فەرهەنگییەکانیان لەباریاندا بێت، هەڵاوێربکرێن، هەروەها هەر ئارگومێنتێکیش تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە (Thematic role) وەردەگرێت.

ئەنجامی شیکردنەوەی دروستەی ڕستە:

١- یاساکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە تەنها تایبەت نین بەدروستەی ڕستەو چۆنیەتی پێکهاتەی ڕستەکان، بەڵکو بەشداری لەداڕشتنی پەسنی ئەرکی کەرەستەکانی ڕستەکانیش دەکەن، بۆیە شیکردنەوەی ڕستە لای ئەمان لەدروستەوە بۆ ئەرك دەبێت، بەپێچەوانەوە شیکردنەوەی ڕستە لای ڕێزمانی ئەرکی لەئەرکەوە بۆ دروستە دەبێت.

٢- پەسنکردنی ڕستە لای ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەڕوانگەی پێکهاتەی فرێزەوە شیدەکرێتەوە، بەڵام لەپەسنکردنی دروستەی ڕستەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەرکی ڕەگەزەکانی ڕستەدا بکەین، چونکە جێکەوتەکانی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار) کە ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕستە دەنوێنن، دەتوانرێت هەریەکەیان بەجۆرێك یان زیاتر لەکەتیگۆرییە سینتاکسییەکان پڕبکرێنەوە، بۆیە هیچ پێوەندییەکی پێکهەڵی (تەتابوقی)

لەنێوان کەتیگۆریی سینتاکسیو کەتیگۆریی ئەرکیدا نییە، بەڵام فرێزی کرداری بەشێوەیەکی نەگۆڕ ئەرکی کردار دەبینێت، واتە کردارێك دەبێتە سەرەی فرێزێکی کرداریو پەیوەندییەکی یەکبەیەکە، تەنها جێکەوتەی کردار نەبێت، کە هەمیشە بەفرێزێکی کرداری پڕدەکرێتەوە، بۆ نمونە:

ا- ئازاد منی بینی.

ب- من ئازادم هێنا.

پ- من پارەکەم لەئازاد وەرگرت.

ت- من پارەکەم بەئازاد دا.

هەر بۆیە پەسنکردنی ڕستە لەڕوانگەی پێکهاتەی فرێزەوە زۆر وردنییە، چونکە هەریەکە لەجێکەوتەکانی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار) تەنها بەجۆرێك فرێز پڕناکرێنەوە، بۆ نمونە جێکەوتەی بکەر هەمیشە فرێزێکی ناوی نییە، بەڵکو جۆری تری فرێزو ڕستەش دەچنە ئەو جێکەوتەیەوەو هەمان ئەرکی سینتاکسی دەبینن، بۆ نمونە:

ا- ئازاد هات.

فرێزی ناوی

ب- ئەو هات.

فرێزی جێناوی

پ- pro دیارە، کە ئێوە بۆ قوتابخانە ناچن.

ڕستەی شوێنکەوتو

یان لەجێکەوتەی بەرکاریدا، بۆ نمونە:

ا- من قسەکەم بەئازاد وت.

فرێزی ناوی

ب- من pro بەئازادم وت، *کە نانەکە بخوات.*

رستەی شوێنکەوتو

بەتایبەتی لەزمانی کوردیدا ئەو کردارانەی کە لەچاوگی (وتن، زانین، بیستن، ...... تاد)ەوە وەردەگیرێن، یەکێکە لەو کردارانەی سیمای رێزمانی «+ فرێز» یان [+ رستە] بەسەر بەرکارەکانیاندا دەسەپێنن، واتە دەشێت بەرکاری ئەم کردارانە فرێز یان رستە بێت.

٢- دەستنیشانکردنی قاڵبە بنجییەکانی ریزبونی کەرەستەکان واتە یاسا سینتاکسییەکانی هەمو زمانێك لەسەر بنەمای کەتیگۆرییە ئەرکییەکان وەکو (بکەرو بەرکارو تەواوکەرو کردار) دەبێت، نەك لەسەر بنەمای کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان واتە فرێزەکان. واتە قاڵبەکانی ریزبونی کەرەستەکان لەدروستەی رستەی تەواودا بەپێی ریزبونی رەگەزە سەرەکییەکانی رستە واتە جێکەوتە بەخورتییەکانی (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر ، کردار) دەستنیشان دەکرێن، هەروەها جۆری کردارەکە (تێپەرو تێنەپەڕ) رەگەزە سەرەکییەکانی (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر) هەڵدەبژێرن. بەڵام ژمارەو سروشتی جێکەوتەکان کە کردارەکان داوایان دەکەن، وا لەکردارەکان دەکات، لەروی رێزمانییەوە لەیەك جیاوازبن. چونکە کردار لەدروستەی رستەدا سەرێکی حوکمکەرەو لەزمانی کوردیدا لەلای چەپەوە بۆ لای راست حوکم دەکاتو رۆڵی بابەتانە بەئارگومێنتەکان دەدات. واتە دروستەی جێکەوتەی کردار لەتیۆری سیتادا زۆر گرنگە، کە دەیەوێت، رۆڵی بابەتانەی جێکەوتەکان پەسنی بکات، کە لەرستە سادەکاندا بەدەستی دەهێنێت. بۆیە هەر ئارگومێنتێك توانای لەخۆگرتنی یەك رۆڵی بابەتانەی هەیە، واتە کرداری رستە تەنیا یەك رۆڵ بەهەر ئارگومێنتێك دەبەخشێت، بەواتایەکی تر تەنیا یەك رۆڵی بابەتانە دەدرێت بەیەك ئارگومێنت،

پەیوەندیی نێوان ئارگومێنتەکانو ڕۆڵی بابەتانە یەکبەیەکە. لەدروستەی ڕستەی تەواودا دەکرێت شەش قاڵبی بنجی ڕستە لەزمانی کوردیدا دەستنیشان بکەین، ئەمانەن:

١- بکەر + کردار

ا- منداڵەکە نوست.

ب- ئازاد هات.

٢- بکەر + بەرکار + کردار

ا- ژن ژن ناخوات.

ب- ئەو کتێبەکەی هێنا.

٣- بکەر + تەواوکەر + کردار

ا- بنێشت بەدەستمەوە لکا.

ب- ئازاد مامۆستابو.

٤- بکەر + کردار + تەواوکەر

ا- کارەکە کەوتە بەیانی.

ب- ئازاد بو بەمامۆستا.

٥- بکەر + بەرکار + تەواوکەر + کردار

ا- من ئەوان بەپیاو دەزانم.

ب- منداڵەکە بەردێکی لەدەرگاکە دا.

٦- بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر

ا- منالەکە دەستی خستە ناو ئاوەکەوە.

ب- دایکم منالەکەی کردە مالەوە.

سەرچاوەکان:

١- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٦)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.

٢- دیار عەلی کەمال کریم (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی: ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەدین.

٣- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٧)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاتو بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٤- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئالۆز لەزمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٥- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، فرێزی بەند لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.

٦- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٧- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦)، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١١)، بەغدا.

8- Radford, A. (1997), Syntax: A minimalist introduction, Cambridge university press.

9- Radford, A. (2004), English Syntax, Cambridge university press.

10- Aarts, B. (2001), English syntax and Argumentation, second edition, University College London.

11- Fattah, M.M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doctoral disseration, university of Amsterdam.

12- Finich, G. (2000), Linguistic terms and concepts, Macmillan press: London.

13- Fromkin, V., Rodman, R. and Hymas, N. (2003), An Introduction to Languages, Thomson, Heinle. U.S.A.

14- Salim, N.H. (2006), An Introduction to English grammar syntax, Amman: Dar Al-Mutaz.

# نەك لە باكووری كوردستان، بەڵكو لە باشووری كوردستانیش (٢٠١١) زمانی كوردی قەدەغە دەكرێ ؟!

پارێزەر / تاریق جامباز

لە ڕێكەوتی ٢٠١١/٦/١١ لە زانكۆیێكی كوردستان دووجار لە هەمان ڕۆژدا لە كاتی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵ ( ئاگاداری قوتابیانی كۆلیژی یاسا كراوەتەوە ) كە نابێ بە زمانی كوردی وەڵامبدەنەوە و ئەوەی وەڵامیش بە زمانی كوردی بداتەوە، ئەوا دەفتەرەكەی پشت گوێ دەخرێ بەڵكو هەر سەیریش ناكرێ؟! فێرخوازێك هەڵسایە سەرپێ و پێ ی گووتن ئەمە پێشێل كردنی ماددەی چوارەمی دەستووری عیراقەو گەر لێ نەگەڕێن بە زمانی كوردی وەڵام بدەینەوە ئەوا لە دادگای فیدراڵی سكاڵا تۆمار دەكەین ئەمەیان چەندین جارە ساڵانە دەبارە دەبێتەوە و هیچ لایەنێكیش گەرچی ئاگاداریش كراوەنەتەوە (هەڵوێستیان نەبووە) و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش لە ئاستی پێویست دانین و داواكاری گشتیش كە نوێنەرایەتی ماف گشتیش دەكات تاقە داوایەكیشی لەم بارەوە، دژیان تۆمار نەكردووە و پێشتریش لە ٢٠١١/٥/١١ لە لایەن سەرۆكی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بانگهێشتی كۆبوونەوەیەك كرام بۆ تاوتوێكردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی كوردستان و بە ئامادەبوونی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتیەكانی وەزارەت و هەروەها هەندێ لە سەرۆك زانكۆكانی حكومی و ئەهلی كە نۆرەی قسەكردنم هات گوتم بۆ چ پرۆژەكە كە هەر تەنیا بە زمانی عەرەبیەو زمانی كوردی هاوشان نیە و ئەوەی لە بارەی زمانی كوردی

له یاسای ژ ۲۰۰۸/۱٤ هاتووه لێره هەر باسی زمانی کوردی کە ناسنامەی نەتەوەیمانە نەکراوە و ئاماژەم بە ژمارەی ئەو قوتابخانەی قۆناغی ئامادەیی کە ژمارەیان ( ٤٩٧ ) کە بەزمانی کوردیان تیا دەخوێندرێت، کە لە زانکۆکانی کوردستان وەردەگیرێن، تووشیان بە تووشی دیواری بەرلێن دەبن چونکە زانستە مرۆڤایەتیەکان جگە لە کۆلیژی بەشی کوردی نەبێ دەنا ئەوانی دیکە تاك و تەرا نەبێ بابەتەکانی پرۆگرام بە زمانی عەرەبین و مامۆستایانیش بە زمانی عەرەبی پێیان دەڵێنەوە بۆ چ لەم بارەوە کۆنگرەیەك یا سیمینارێك یا کۆڕێك نەبەستراوە و مامۆستایکی زانکۆ کە کوردە و دکتۆرای لە یاسای هەیە گوتی خوێندنی یاسا بە زمانی کوردی سەرکەوتوو نەبووە ! وەزیریش گوتی یاسایەکە کە دواتر درا بە پەرلەمانی کوردستان ئەو بە زمانی کوردیشی لەگەڵ دادەبێ بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و رامان بوو گەر بڵێین لە جیاتی بەرێوەبەرە گشتیەکان وەزیر قسەی کردبێ، ئەی بۆ چ هیچ کام لە سەرۆك زانکۆکانی قسەیەکیان لەم بارەوە نەکرد؟ بەڵام ئەوەی دەمەوێ لێرەدا لەنێو کەوانەیەکی دابنێم و جەخت لەسەر بکەم ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانتارانی ئامادەبوون بەڵام هیچ یەکێکیان لە بارەی زمانی کوردی کە ناسنامەی نەتەوەکەمان (قسەیەکیان نەکرد ؟!) بۆیە بە دڵنیایی و تەواوی بۆم دەرکەوت کە بەشداربوان تێکراو پێکرایان زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەمین و زمانی کوردیش پلەی چەندەمین دادەنێن .

گەر خۆمان بەم جۆرە بایەخ و بەهاو و گرینکی بە زمانەکەمان نەدەین ئەی بۆچی گلەیی و رەخنە لە غەیرە کورد بکەین کە زمانی کوردی پەراوێز و پشت گوێ دەخەن ! بۆیە راشکاوانە دەڵێم هاوارە فریای زمانی کوردی کەون لەبەر ئەوەی بە بەر چاوی هەمووان دەشێوێنرێ و خەریکە مەودای بەکارهێنانی بەرتەسکتری ببێتەوە و دوو نمونەی سەرەوە لە بلندترین پێگەی زانستی و زانیاری دەهێنمەوە، دەنا ناونیشانی سەر شوێنە گشتی و تایبەتیەکان بەربادە و لە هەندێکیشیان زمانی کوردی نانوسرێ و لە چێشتخانەکانیش (مینیۆ) لیستی خواردن و خواردنەوە تاك و تەرایان گەر بە زمانی کوردی لەگەڵ دابێ دەنا هەر بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی نووسراوە ئەمەش پێشلکردنێکی زەقی ماددەی چوارەمی دەستووری کۆماری عیراق (۲۰۰۵) کە لە سەرتاسەری عیراق، دوو زمانی رەسمی زمانی (کوردی ، عارەبی)یە، لایەنی پەیوەندیداری ئەم بوارە (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئەکادیمیای کوردی و یەکێتی نووسەرانی کورد و رۆژنامەنووسان و پارێزەران...هتد دەبوایە لیژنەیەکی هەمیشەیان هەبوایە تاکو بە ئەرکی خەمخۆری زمانپارێزی رابن چونکە زمان بوون و

ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە (گیانەکەی زمانەکەیەتی) و (مخابن) لە باشووری کوردستاندا لەبەر ئەوەی بە بەرچاوی هەموان و بەرۆژی رووناك و زمانی کوردی قەدەغە و فەرامۆش و پەراوێز دەکرێ و ناتوانم چیتر وەکو پارێزەرێکی زمانی کوردی بە دەنگ نەبێم تاکو نەوەی ئایندە پەنجەی کەمتەرخەمیمان نەخەنە سەر و لایەنی بەرپرسیش گەر خۆیان بە بەرپرسی ئەم بوارە بزانن چیتر خۆیان ( بێ دەنگ ) کرناکەن بەڵکو بە ئەرکی سەرشانیان رادەبن دەنا دەڵێم کەمتەرخەم و بێباك و خەمساردن بۆیە بە پێویستم زانی رووداوێکی باکووری کوردستان ( کە لە رۆژنامەی باس ژمارەی ٥٢ لە ٢٠١١/٧/١٢ )

## لەسەر ئاخافتن بە زمانی کوردی
## دوو کرێکاری کورد لە پاسێک دادەبەزێنرێن

لە باكوری كوردستان دوو كرێكاری كورد لە دانیشتووی شاری رحای سەر بە نورفا، بە مەبەستی رۆیشتن بۆ ئەستانبۆل سواری پاسێكی كۆمپانیای گواستنەوەی مەترۆتووریزم دەبن و بەرێ دەكەون.

بەپێی هەواڵێكی ئاژانسی (پان خەبەر) دوای چەند سەعاتێك لە بەرێكەوتنیان ئەو دوو كرێكارە كوردە كە ناویان بلماز كورخان و موركانیل جەلیكە لە نێوان خۆیاندا بە زمانی كوردی دەست دەكەن بە قسەكردن و شۆفێری پاس و جێگرەكەی پێیان دەزانن كە بە كوردی قسە دەكەن و سەرەتا ئاگاداریان دەكەنەوە و دەڵێن لێرە كوردی قەدەغەیە.

ئەو دوو كەسە كوردە سەرەتا بۆ چەندێك لەیەك رادەوەستن. بەڵام دواتر جارێكی دیكە بە كوردی قسە دەكەنەوە هەر بۆیە ئەمجارەیان شۆفێر و جێگرەكەی پاسەكەیان راوەستاندووە و بە لێدان ئەو دوو كرێكارە كوردەیان لە پاسەكە دابەزاندووە.

دوای ئەم رووداوە بلماز و موركانیل بە ئاژانسی ناوبراویان راگەیاندووە كە ئەم هەڵوێستەی كارمەندانی كۆمپانیای مەترۆتووریزم هەڵوێستێكی شۆڤێنییانەیە، بۆیە لە بەرامبەریاندا سكاڵا تۆمار دەكەن، و دوای ئەو لێدوانانەی ئەو دوو كرێكارە كوردە بەرپرسی كۆمپانیای مەترۆتووریزمیش رای گەیاندووە كە كۆمپانیاكەیان بە هیچ شێوەیەك فەرق و جیاوازی ناكەن لە نێوان پێكهاتەكانی توركیا و ئەو شۆفێر و جێگرەكەی كە ئەم كارەیان كردووە لە كارەكەیان لا دەدرێن و بە ناوی كۆمپانیاكەی مەترۆتووریزمیشەوە، سەرۆكی ئەو كۆمپانیایە داوای لێبووردنی لەو دوو كرێكارە كوردە كرد.

بڵاوکراوەتەوە بهێنمەوە کە لەوێ نەك لە دەستوورا دان بە زمانی کوردی نراوە بەڵکو نکۆڵیشی لێ دەکرێ و دەقەکە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی بەراوردکردن لە نێوان لە باشوری کوردستان و باکووری کوردستان هەیە بکەن کە ئاسمان و رێسمان جیاوازیان لە نێوایاندایە بەڵام لێرە لە باشوری کوردستان ئەوانەی زمانی کوردی قەدەغە دەکەن قسەیەکی نەرمیشیان لەگەڵ نەکردون بۆیە تا زووە فریای زمانی کوردی کەون.

# لە وێستگەکانی وشەسازیی کوردی

بەشی یەکەم

د. شەهاب شێخ تەیب

ئەگەر بێتو لە زانستی وشەسازی بدوێین بێگومان کاتێکی زۆری دەوێت و بە چەندین لاپەڕەش تەواو نابێت، چونکە زانستێکی فراوانە و لقوپۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لە چەند وێستگەیەکی ئەو زانستە بە گشتی و هەندێ لە لایەنەکانی وشاسازیی کوردی چەند هەڵوەستەیەك بکەین و تیشکی زانستی بخەینە سەر، بەمەبەستی خزمەتکردن و سوود لێ وەرگرتن .

## ئاستەکانی زمان :

دەست نیشانکردنی ئاستەکانی زمان یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە زانستی زمان توانیویەتی دیاریان بکات، هەر ئاستێکیش لەوانە سروشت و پەیڕەو و ڕێگە و تەکنیکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوە. هەر قوتابخانەش بۆچوونی خۆی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئاستەکان و سروشتی پەیوەندی نێوانیان و شیکردنەوەیان . سەرەڕای ئەوەی هەندێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە زمان لە بنەچەدا ئاستی نییە، بەڵکو لاشەیەکی چووەناویەك و تێکچڕژاوە، بۆیە بۆ

ئەوەی لێکۆڵینەوەکان تێکەڵ بەیەکتری نەبێت و تووشی تێکەڵی و گێروگرفت نەبێت، زمانەوان و قوتابخانە زمانەوانییەکان هەر یەکە و بە پێی پسپۆڕێتی و ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی زانستی خۆیان، وایان بە باش زانی کە زمان دابەش بکەنە سەر ئاستی جیاواز، لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد و هەروەها کارێکی زمانەوانی وەسفی بێ، یان بەراوردی، یان مێژوویی بێ ...ئەگەر ئاستەکان لە شیکردنەوەدا ڕەچاو نەکات تێکەڵ و پێکەڵ دەردەچێ ... فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و بەراوردی و مێژوویی و وەسفی هەموو تێکەڵ بەیەکتر دەبن و کارەکە هیچ ئەنجامێکی ڕێکوپێک بەدەستەوە نادات و ناکەوێتە بەر پەیڕەوی زانستی .

قوتابخانەی ( بونیەوی ) کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە ئاستەکانی زمانیان بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کردووە[1] :

| | | |
|---|---|---|
| دەنگ | فۆنەتیک | بێ مانا |
| فۆنیم | فۆنۆلۆجی | |
| بڕگە | | |
| مۆرفیم | مۆرفۆلۆجی | بەمانا |
| وشە | | |
| فرێز | سینتاکس | |
| ڕستە | | |

کۆمەڵێکی تر ئاستەکانی زمان بەم شێوەیە خوارەوە دابەش دەکات :

١ – دەنگسازی .

٢ – ڕێزمان : أ– وشەسازی .

ب – ڕستەسازی ·

٣ – واتاسازی ·

کۆمەڵێکی تریش لە دابەشبوونێکی تر تەنیا ئاستێکی تر زیاد دەکەن، کە ئاستی پراگماتیکە، کە لەگەڵ ئاستەکانی تردا جیاوازە :

١ – دەنگسازی : أ – فۆنەتیك ·

ب – فۆنۆلۆژی ·

٢ – ڕێزمان : أ – وشەسازی ·

ب – ڕستەسازی ·

٣ – واتاسازی : أ– واتاسازی·

ب – پراگماتیك ·

بێجگە لەو شێوەیەی سەرەوە، ئاستەکانی زمان بەم شێوەیەش دابەش کراوە، کە هەمان شت دەگەیەنێت :

١– ( دەنگ + واتا ) ·

٢– ( دەنگسازی + ڕێزمان + واتاسازی ) ·

٣– ( فۆنەتیك + فۆنۆلۆجی + ڕێزمان + واتاسازی ) ·

٤– (فۆنەتیك + فۆنۆلۆجی + وشەسازی + ڕستەسازی + واتاسازی ) ·

٥– (فۆنەتیك + فۆنۆلۆجی + وشەسازی + ڕستەسازی + واتاسازی + پراگماتیك ) ·

دەنگسازی هەردوو لایەنی ( فۆنەتیك ) و ( فۆنۆلۆجی ) دەگرێتەوە :

– فۆنەتیك : لقێکە لە زانستی دەنگ و لەپەیدابوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان دەکۆڵێتەوە و ئاماژەش بەو کەرەستانە دەکات کە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی دەنگ ...تاد .هەروەها دەتوانین بڵێین، فۆنەتیك بەشێکە لە

زانستی زمان، دەربارەی دەنگەکانی زمان دەدوێ و لە سیستم و یاسایان دەکۆڵێتەوە .

– فۆنۆلۆجی : زانستێکە دەربارەی پێکهاتنی دەنگی زمان و لە دروستبوون و ئەرکی بچووکترین دانەی بێ واتای زمان( فۆنێم، بڕگە ) دەکۆڵێتەوە .

ڕێزمانیش بریتییە لە دوو لایەن ( وشاسازی ) و ( ڕستەسازی ). ڕێزمانیش ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتنی وشە و ڕستە دەدوێ .

– وشەسازی ئەو زانستەیە کە لە وشە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی گۆڕان و پێکهاتنەوە.

– ڕستەسازیش لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستەدا .

واتاسازیش بریتییە لە ( واتاسازی ) و ( پراگماتیک ) .

– واتاسازی ئەو زانستەیە کە لە گشت ئەو مەسەلە و کێشانە دەکۆڵێنەوە، کە پەیوەندییان بە واتای وشەوە هەیە .

– پراگماتیک کە بە زانستی دەوروبەر ناسراوە، وەك مەودایەکی نوێ لە لایەکەوە پەیوەندی بە واتا و واتا لێکدانەوەوە هەیە و لە لایەکی دییشەوە بە جیهانی دەرەوەی زمانەوە دەبەستن[٢].

دەکرێت ئاستەکانی زمان بەسەر دوو جۆر دابەش بکرێت :

١ – ئاستە سەرەکییەکان : کە بریتین لە ئاستی ڕستەسازی و وشەسازی و فۆنۆلۆژی، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ ( مەبەست )دا هایە، نەك لەگەڵ چوارچێوەی قسەکردن( سیاق )[٣] .

٢ – ئاستە لاوەکییەکان : کە بریتین لە ئاستی فۆنەتیك و واتاسازی و پراگماتیك، چونکە باسی دەنگێکی ( مجرد ) دەکات و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە نییە .

هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارەیان ڕێك ناکەون هەندێك زمانەوان ئاستی سەرەکی و ناسەرەکی جیاناکەنەوە و ڕایان وایە، کە زمان لە سێ ئاست پێك دێت، بۆیە دەبینین کە هەریەکە و بەپێی پسپۆڕێتی خۆی و بەپێی قوتابخانە زمانەوانییەکان هەڵدەستێت بە دابەشکردنی ئاستەکانی زمان . هەندێکیان لە سەرەوە ( ئاستی ڕستەسازی ) بۆ خوارەوە( ئاستی فۆنۆلۆجی) دەڕۆن، هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە[٤]. لەبەر ئەوەی ئەو ئاستانە تەواو چوونە بەناو یەکتریدا و تێکچرژاون و کاتێك لێیان دەگەین کە بەیەکەوە بن و گرنگ نییە لە لێکۆڵینەوەدا لە کوێوە دەست پێدەکەین و بەرە و کوێ دەڕۆین .

زمان وەك زۆربەی دیاردە سروشتییەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بە خۆوە دەبینێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کاتێ گۆڕان بەسەر زمان دێت، ئەو گۆڕانە هەموو لایەنەکانی دەگرێتەوە، یەکێ لەو لایەنانە گۆڕانە لە ئاستەکانی زمان، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنیا گۆڕان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوەیە، چونکە باسە سەرەکییەکەمان لە بارەی وێستەگەکانی وشەسازییەوەیە، کە لەسەرجەم ئاستەکان زیاتر تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبێت، ئەو گۆڕانەش زیاتر لە گیرەکەکاندا دەردەکەوێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ڕووبەری ئاستی مۆرفۆلۆژی لە دوو بواری زۆر فراواندا، بواری گۆڕانی مۆرفۆسینتاکسی و بواری ڕۆنانی وشە[٥].

لە بارەی ئاستەکانی زمان بە گشت زمانەکان نووسراوی زۆر نووسراوە و لێکۆڵینەوەی زۆری بۆ کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی هەر دابەشبوونێکی تر بکرێت بریتی دەبێت لەو شێوانەی کە لە سەرەوەدا باسکراون[٦].

## مۆرفۆلۆژی چییه؟

پاش ئەوەی زانیارییەکی کورتمان لە بارەی ئاستەکانی زمانەوە زانی وا پێویست دەکات، کە بزانین مۆرفۆلۆژی، یاخود وشەسازی چییە و هەندێ پێناسە و ڕوونکردنەوە لە بارەیەوە بخەینەڕوو .

– زاراوەی ( مۆرفۆلۆژی )، کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە لە ( شێوە، فۆرم – morphe ) و ( logos زانست، لێکۆڵینەوە ) پێکهاتووە[٧]. بەمجۆرە مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە.

– مۆرفۆلۆژی : ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیم ( morpheme)ی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی قەوارە( form ) و جۆر و ماناوە[٨].

– مۆرفۆلۆژی لە دارشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە[٩].

– مۆرفۆلۆژی زانستی بنکەی وشەکانە[١٠].

– مۆرفۆلۆجی : زانستێکە لە پێکهاتن و شێوەی گۆڕانی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە و کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەم ئاستە واتە ( مۆرفۆلۆجی) مۆرفیمە[١١].

– مۆرفۆلۆجی دیراسەی ڕۆنانی وشەیە[١٢].

– وشەسازی : ئەو زانستەیە لەو گۆڕانانەی کە دەکەوێتە سەر وشە دەکۆڵێتەوە و ئامانجەکەشی پێکهاتنی وشە تازەکەیە[١٣].

– مۆرفۆلۆژی : لقێکە لە لقەکانی ڕێزمان لە پێکهاتنی وشە لە ڕووی پێشگر و پاشگر و ناوگر و ڕەگەکان دەکۆڵێتەوە[١٤].....تاد.

زانستی وشەسازی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، لەبەر ئەوەی بیری مۆرفیم لە سەرەتای چلەکاندا هاتۆتە کایەوە و بە سێیەم ئاستەکانی زمان دەژمێردرێت،

مۆرفیمیش دەشێت وشەبێت، یان بەشێك بێت لە سەرەتای یان ناوەندی یان کۆتایی وشە[١٥]، هەروەها زانستی مۆرفۆلۆژی یارمەتی پێکهێنانی ڕستە دەدات و بەشداری لە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی کێشەکانی زانستی ڕستەسازی دەکات، لە ڕاستیشدا ئەو بۆچوونە بەڵگە نەویستەی کە لەم بارەیەوە سەرنج دەدرێت، ئەوەیە کە وشەسازی سەرەتایەکە بۆ ڕستەسازی، یان هەنگاوی دەستپێکێتی[١٦].کەواتە بەکورتی و لە کۆی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، کە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لەو دەستوورانەی تایبەتن بە داڕشتنی وشەکان و گەردانکردنیان و گۆڕینی بنیاتی بە گۆڕانی واتا و ئەوانەی پەیوەندییان پێوە هەیە[١٧]، بەشەکانی ئاخاوتنیش باسی هەرە سەرەکیی وشەسازین . لە لێکدانەوەی کێشەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە باسی ڕێزمانی هەموو زمانێك دەست پێ دەکات .کەواتە بەهەردوو وشەسازی و ڕستەسازییەوە ڕێزمان پێکدێت .

**جۆرەکانی مۆرفۆلۆژیا :**

مۆرفۆلۆژیا وەك هەر زانستێکی تر، چەند لقێکی لێ دەبێتەوە :

١ – مۆرفۆلۆژیای فێرکردن :–

مۆرفۆلۆژیای فێرکردن، یان زانستی بنیاتی فێرکردن ئەو جۆرەیە، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە( هەر زمانێك بێت )، واتا کەرەستەی ئەو زمانە کۆ دەکرێتەوە و ڕێك دەخرێت و ڕیز دەکرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی کەسانی دی فێری نووسین و ئاخافتنی ئەو زمانە ببن، وەك ( وشەسازی لە کوردیدا ) .

٢ – مۆرفۆلۆژیای مێژوویی :–

مۆرفۆلۆژیای مێژوویی، یان زانستی بنیاتی مێژوویی ئەو جۆرەیە کە لە ڕێزمانی( دەستووریکی) هەر زمانێك بێت لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە مێژووی پێشکەوتن و گەشەکردنی پەیڤ دەکۆڵێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە کۆنترین مێژووەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە ئێستا . بە واتا ئەو پەیڤانە چ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنیان دیاری دەکات . هەروەها باسی ئەو یاسایانەش دەکات کە بوونەتە هۆی گۆڕانی ئەو پەیڤانە، بۆ نموونە وشەی ( کورد ) کە ئەو وشەیە بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا ئێستا بەو شێوەیە گیرساوەتەوە .

٣ – مۆرفۆلۆژیای بەراوردی :–

مۆرفۆلۆژیای بەراوردی، یان زانستی بنیاتی بەراورد ئەو جۆرە مۆرفۆلۆژیایە لە ڕێزمانی زمانێکی دیاری کراو لەگەڵ زمانێکی دی دەکۆڵێتەوە و بەراوردی دەکات . یاخود زۆرجار ئەم بەراوردییە لە نێوان ئەو زمانانەدا کەسەر بەیەك خێزانە زمانن ڕوو دەدات، یان دەشێ لەگەڵ هەر خێزانە زمانێکی تردا بەراورد بکرێت . واتا دەشێ لە نێوان هەموو زمانانی جیهاندا بەراوردی زمان بکرێت . ئەم بەراوردییە لە ڕووی گۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتن و مان و نەمانی پەیڤەوە دەکرێت[١٨] .

ئامانجەکانی مۆرفۆلۆژی :

بێگومان هەر زانستێك کە دەیخوێنین و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین دەبێت ئامانج و ئەرکی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ مۆرفۆلۆژیش دەتوانین ئەم ئەرکانەی خوارەوە دیاری بکەین :–

١ – دەستنیشانکردنی کەرەسە هەرە خاوەکانی مۆرفۆلۆجی زمانەکە کە مۆرفێمەکانییەتی : ئەم دەست نیشانە بۆ ئەوەیە بزانین چەند جۆرە مۆرفێمان

هەیە و هەر مۆرفیمێك سەر بەكام بەشی مۆرفیمە . ئایا سەربەستە، یان بەندە، مۆرفیمی ڕێزمانییە، یان داڕشتنە .

٢ – دەستنیشانكردنی یاساكانی دروستكردنی وشە :

هەر وشەیەك بەپێی هەندێك یاسا دادەڕێژرێت ( مەبەست ئەو وشانەیە كە بە ڕێگای ( لێكدان ) یان ( داڕشتن ) پێك دێت . زانینی یاساكانی دروستبوونی وشە زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانین بە پێی ئەو یاسایانە وشەی نوێ ڕۆنێین بۆ دابینكردنی پێویستییەكانی كۆمەڵ، واتا :

ناوێك + ە + ئاوەڵناوێك = ناوێكی نوێ .

مێرگ + ە + سوور = مێرگەسوور .

ناو + ە = ناوێكی نوێ .

تەخت + ە = تەختە .

٣ – دەستنیشانكردنی ئەركی مۆرفۆلۆژیی كەرستەكانی زمان :

چونكە هەر كەرستەیەكی زمان ئەركێكی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە : هەندێك لە كەرستە ڕێزمانییەكان دوو ئەركیان دەكەوێتە سەر وەك :

– بەردێكم لە شوان دا . ( لێدان )

– بەردێكم بە شوان دا . ( پێدان )

لێرەدا مۆرفیمی ڕێزمانی ( لە، بە ) دوو ئەركیان كەوتۆتە سەر :

١ – ئەركی واتایی ٢ – ئەركی بەستن

بەڵام پێشگر و پاشگرەكان یان مۆرفیمەكانی داڕشتن، ئەركی ڕۆنانی وشەی نوێیان دەكەوێتە سەر . بۆ نموونە : دروستە بوترێت ( دوكاندار ) كە پێكهاتووە لە ( دوكان + دار )، بەڵام دروست نییە بوترێت ( دوكانچی )،لە كاتێكدا هەردوو وشەكە لە دوو پاشگری ( دار ) و ( چی ) پێكهاتوون، چونكە پاشگری ( دار )

خاوەنێتی نیشان دەدات و پاشگری ( چی ) کارێك ( ئیشێك ) نیشان دەدات، بۆیە ناتوانن جێگای یەکتر بگرنەوە . بۆیە دروستە بوترێت ( چایچی، بۆیاغچی .... هتد ) .

هەروەها پاشگری ( گەر ) یش ( کار) نیشان دەدات، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت جێگای ( چی) بگرێتەوە، بۆیە ناوترێت ( چایگەر، بۆیاغگەر ) هەروەها ناوترێت( زیرنچی، مزچی ) بەڵکو دەوترێت (زێڕنگەر، مزگەر) .

کەواتە، ئەو مۆرفیێمە بەندانەی کە ڕۆڵی ڕۆنانی وشەی نوێ دەبینن دەوریان هەیە لە هەڵبژاردنی مۆرفیێمە سەربەخۆکان، بۆ ئەوەی واتایەکی نوێ و قاڵبێکی نوێ تری پێ ببەخشن .

٤ – دیاریکردنی ئەلۆمۆرفیێمەکانی زمان :

ئەلۆمۆرفێمیش قاڵبی جیاوازی هەمان مۆرفیێمە یان (کۆمەڵە مۆرفێکە گوزارە لە مۆرفێمێکی دیاری کراو دەکات ) و ژینگەی جیاواز ئەو قالبەی پێ بەخشیوە، بۆ نموونە :

ئەلۆمۆرفیێمەکانی نیشانەی ناسیاوی ( – ەکە) ئەمانەی خوارەوەن :

- ەکە ( منداڵ + ەکە = منداڵەکە ).
- یەکە/ کە ( برا + ەکە = برایەکە / براکە ).
- ەك ( منداڵ + ەکە + ان = منداڵەکان ) .
- ۆکە / ییەکە ( خانی +ەکە = خانۆکە / خانییەکە ) .
- ێکە / ییەکە ( تانجی + ەکە = تانجێکە / تانجییەکە ).

... هتد ) .

٥– دەستنیشانکردنی پێکهاتنی فۆنەتەکتیکی مۆرفیێمەکان[١٩]: مەبەست لە فۆنەتەکتیك ئەو یاسایانەن کە ڕێزبوونی دەنگەکان لەناو چوارچێوەی

بڕگەیکدا، یان وشەیەکدا دیاری دەکەن[٢٠] . بۆ نموونە، یاسایەکی فۆنەتکتیکیی کوردی ئەوەیە کە ئەگەر دەنگێکی نەبزوێن کەوتە نێوان دوو دەنگی بزوێنەوە، ئەوا نەبزوێنەکە لەگەڵ بڕگەی دووەمدا دەڕوات، بەواتای ئەوەی کە دەبێتە پارچەی پێشەوەی بڕگەی دووەم وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ : دەڕۆم( دە . ڕۆم )، ناخۆم( نا . خۆم )، دەزانم( دە . زا . نم) ...تاد.

## هەندێ ڕوونکردنەوەی گشتی لەبارەی وشـــــــــــــەوە :

زۆرن ئەوانەی کە لە بارەی وشەوە نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستییان ئەنجام دابێت، بۆیە لەم باسەدا لە تواناادا نییە گشت ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانانە کۆ بکرێنەوە و لێدوانی لەسەری بکرێت، لەبەر ئەوە تەنیا چەند سەرچاوەیەك دەکەینە نموونەی باسەکە .

هەرچەندە وشە دانەیەکی زمانی یەکجار دێرین و بلاو و ئاشنایە، بەلام تا ئێستا پێناسەیەکی ورد و قووڵ و تەواوی بۆ نەخراوەتە ڕوو . وشەش بە دانەیەکی گرنگی زمان دەژمێردرێت لە کۆنەوە جێگەی بایەخی زانا و توێژەران بووە، ئەوەتا بەر لە دوو هەزار و سێ سەد ساڵ لەمەوپێش ( ئەرستۆ ) پێناسەی وشەی کردووە: (( وشە یاخود ناو بێژەیەکی واتادارە، لەچەند دەنگێك پێکهاتووە، هیچ پارچەیەکی خۆی لە خۆیدا واتا نابەخشێت))[٢١]، هەروەها زانایەکی وەك ( مالینۆفسکی )، وشە بە دانەیەکی خەیاڵی دادەنێ و باوەڕی بەوە نییە، کە بوونێکی لە زماندا هەبێ . لە شێوازی ئاخاوتنیشدا وشە بەدوای یەکدیدا دێن و هیچ شتێکی نێوانیان سنووری وشەمان بۆ دیاری ناکات .

یەکێك لە پێناسە بلاوەکانی وشە، ئەوەیە کە وشە بریتییە لە چەند مۆرفیمێك، کە جێگۆڕکێ ناکەن . کەڵکی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، کە

جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان ڕستە و وشەدا دەخاتە ڕوو . بۆ نموونە ڕشەیێکی وەك ( بوێرانە ) لە چەند مۆرفێمی ( ب + وێر + انە ) پێکهاتووە، کە بە جۆرێك بەدوای یەکدیدا ڕیزبوون، هەر گۆڕانێك لەم ڕیزبوونەدا بکەین، دانەکە دەشێوێنین . بە پێچەوانەی ئەمەوە پاش و پێش خستنی کەرستەی ڕستە شتێکی ئاساییە و ڕستە تێك نادات . بۆ نموونە ئەم ڕستانەی خوارەوە یەك واتایان هەیە :

– ئەو چوو بۆ بازاڕ .

– ئەو بۆ بازاڕ چوو .

لەلایەکی دیشەوە کەرستەی وشە توندتر بەیەکەوە گرێ دراون و وەك کەرستەی ڕستە ناترازێن . بەڕای هەندێ زمانەوانیش، وشە بچووکترین دانەی زمانە، کەتوانستی جیابوونەوەی تێدابێ . ئەم توانستە لە نووسینی زۆر زماندا ڕەنگی داوەتەوە و، ئەویش بەوەدا بۆشاییێکی بچووك لە نێوان سنووری دوو وشەدا بەجێ دەهێڵرێ[22] .

هەر لە بارەی وشەوە دەتوانین بڵێین ئەو وشانەی بە پێی یاسا دروست بوونە پێیان دەوترێت ( دەستووربەند ) یان ( یاسابەند ) مەبەستیش لە و وشانەیە، کە بە پێی دەستوورێك پێکهاتوون و دروستکراون . یان دەتوانین بڵێین: زاراوەی ( دەستوور بەند )ی ئەوە دەبەخشێت، کە پێوەندی فۆرم و واتاکەی بە ویست و ئارەزووی ئێمەیە، کەوابوو بناغەی ئەم پێوەندییە شتێکی گشتییە .

بۆیە دەبینین زۆربەی وشە ناسادەکانی زمان ( دەستوور بەند )ن بە پێی یاسا دارێژراون، وەك : کارگە، بۆیاغچی، چاوبەکل، کل دز ...تاد، بەلاَم وشە سادەکانی زمان، ئەوانەن کە پێوەندییەکی یاسا بەندی نییە لە نێوان ڕەمزە دەنگییەکانی زمان و شتەکەدا . واتا وشەی ( دار ) و ( بەرد ) بە پێی

دەستوورێکی مۆرفۆلۆژی نەهاتوونەتە کایەوە . بەڵگەش ئەوەیە کە زمانەکانی جیهان لە پێکهاتەی وشەکانیدا تایبەتمەندێتی خۆیان پاراستووە، بۆیە هەر زمانێك لەگەڵ زمانێکی دیکەدا جیاوازە . ئەو وشانەش لە زماندا پێیان دەوترێت ( دەستوور بەدەر ) یان ( یاسا بەدەر ) .

ئاشکراو ڕوونە کە زۆرترین یان گەورەترین ژمارەی وشەکانی هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهاندا دەستوور بە دەرن و لە خۆوەن و دەستوور بەندنین، کەواتە پێوەندی نێوان فۆرم و واتا دەستوور بەدەرە . چونکە ناشێت لە ڕێگای فۆرمەوە واتای وشە لێکبدرێتەوە .

## هەندێ لەو کەموکووڕیانەی لە بارەی پێناسەی وشەوە کراوە :

سەبارەت بە پێناسەی وشە تا ئێستا ڕێزمانی تەقلیدی نەیتوانیوە پێناسەیەکی تەواوی وشە بکات : بۆیە دەبینین کۆمەڵێ پێناسەی جۆر بە جۆر لە لایەن ڕێزمان نووسە تەقلیدییەکانەوە کراوە . ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە چەمکی وشە دەربڕن بۆ ئەوەی تیۆرێکی گشتی لەسەر دابنرێت . لێرەدا چەند پێناسەیەکی ڕێزمانی تەقلیدی دەکەین بە نموونە و هەڵیدەسەنگێنین :

– وشە بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو مانایێك دەبەخشێت .

ناتەواوی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە :

أ – مرۆڤ دەتوانێت بە خوێندنەوە و نووسین هەزاران وشە بخاتە ناو مێشکی و لێی دەربهێنێت، بێ ئەوەی زاری بکاتەوە و دەنگی لێوەبێت . ئەمە ئەوە دەردەخات کە مەرج نییە وشە بریتی بێت لە دەنگ .

ب – ( گریـان و پێکـەنین ) کۆمەڵـە دەنگـن بـەزار دروسـت دەکـرێن و مانـا دەبەخشـن، بـەڵام چۆن بـە وشـە لـە قەڵـەم دەدرێـت، هـەروەها ( ئـازار، خـەم، شادی، گاڵتە، ... هتد ) . بە هەمان شێوە بە وشە لە قەڵەم نادرێت .

ج – لە وشەکانی ( گوڵ و موڵ )، ( نەزان و مەزان ) دا، ئایا ( موڵ ) و ( مـەزان) وشەن یان وشە نین ؟ ئەگەر وشە بن لـە فەرهەنگدا چ مانایـەکیان بـۆ دانـراوە، ئەگەر وشە نەبن چین ؟ خۆ دەنگن و بـەزار دروست دەکرێن و لـە زماندا بـەکار دەهێنرێت[٢٣].

کەواتە هەموو هەوڵدانێك بۆ پێناسینی وشە بە پێـی ( مانـا ) هـیچ ئـەنجامێك بـە دەستەوە نادات . چونکە چـەمکی ( مانـا ) خـۆی شـتێکی شـاراوەیە و مانـای ( مانا) ساغ نەکراوەتەوە . ئـیتر چـۆن شـتێك دەکرێـت بـە پێوانـە ( مقیـاس ) بـۆ پێناسینی شتێکی دیکە، کە ئەو شتە خۆی شاراوەبێ .

– وشە دانەیەکی سەربەخۆیە لە زماندا دەتوانێـت لـە هەنـدێك ژینگـەدا ( بیئـە ) دەوری ڕستەیەکی تەواو بگێڕێت .

بۆ نموونە: دەوترێت ( کێ خواردی ) لە وڵامدا وشەی ( من ) بـەکار دەهێنرێـت . واتە وشەی ( من ) دەوری ڕستەیەکی تەواوی گێڕاوە و کورتکراوەی ڕستەی (من خواردم )ە .

بەلای ڕێزمانی تەقلیدییەوە ( پێشـگر و پاشـگر ) وشـە نـین، وەك ( ەوە، ن، دا، هەڵ، ... هتد ) چونکە پێیان وایە نابێتە کورتکراوەی ڕستەیەك .

ئەم پێناسەیە ناشێ بکرێت بە پێوانە بۆ پێناسینی وشە لەبەر ئەم هۆیانە :

أ – دەیـان وشـەی وەك (بـەڵام، چـونکە،کەس، لەگـەڵ، ... هتـد ) بـە هـیچ شێوەیەك ناکرێت بە وەڵامی پرسیارێك .

ب – دەشێ پرسیارێکی وابکرێت وەڵامەکەی تەنها بە (پێشگر و پاشگر ) بدرێتەوە، وەك : پرسیار : دوا پاشگری وشەی ( کردنەوە ) چییە ؟ لە وەڵامدا دەوترێت ( ەوە ) ... هتد .

ج–ئەم پێناسەیە بۆ هەموو وشەیێك دەست نادات، وەکو : ئامرازەکان، بۆ نموونە: لە کوێ دەخوێنی ؟ ( لەزانکۆ ) ----- گرێیە

چی دەکەیت ؟ – (دەڕۆم ) --- ڕستەیە .

د– سنووری نێوان وشە و ڕستە و گرێ دیاری ناکات[٢٤] .

– لە هەندێك زماندا بە پێوانەی ( فۆنۆلۆجی ) وشە دەست نیشان دەکرێت . واتا شوێنی هێز دەبێت بە سنووری وشە . وەك لە زمانی کوردیدا بە زۆری هێز دەکەوێتە سەر دوا برگەی وشەوە . بەڵام هەموو وشەیەك ناگرێتەوە، چونکە گەلێك ناوێزە هەیە . وشەی واهەیە هێز ناکەوێتە سەر دوا برگەیان، وەك : (بەڵام، چونکە، ... هتد ) .

کەواتە هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی ( واتا ) یان فۆنۆلۆجی نییە بۆ پێناسەکردنی وشە لە زماندا . بشێت بکرێت بە بنج بۆ شرۆڤەکردنی زمان .

– وشە یەکەیەکی واتادارە، خاوەنی واتایەکی تایبەتییە، وەك : دار، بەرد ... دەڕۆم، هاتم، ... هتد . بەڵام ئایا ئەم پێناسەیە بۆ هەموو وشەیێك دەگونجێ ؟ بۆ وشە فەرهەنگییەکان دەگونجێ – واتا بەبەر ئەم پێناسەیە دەکەون، بەڵام هەندێ وشە هەن بەر ئەم پێناسەیە ناکەون، وەك وشە ئەرکییەکان ئەوانیش وەکو : ئامرازەکان

کەم و کوڕییەکانی ئەم پێناسەیە :

ا– جیاوازی نێوان وشە و گرێ و ڕستە ناکات .

ب– هەموو جۆرە وشەیێك ناگرێتەوە كە زیاتر لە واتایەكیان هەیە وەكو (ئیدیەم)، چونكە واتای ئیدیەم لە كۆی واتای چەند وشەیێك دروست دەبێ، وەكو: لووت بەرز، دەست كورت، ... هتد .

– وشە لەلای هەندێ زمانەوان ئەو دانەیەیە كە ڕۆنانێكی چەسپاوی لە ناوەوە هەیە و ئەو كەرتانەی كە وشە پێك دەهێنن هەرگیز بە جۆری تر لەیەك نادرێن و هیچ كەرەسەیەكی تر ناتوانێ بچێتە نێوانیانەوە[٢٥]. واتای ئەوەیە كە ناتوانرێت وشە هەڵبوەشێتەوە و ڕیزی كەرتەكانی بگۆڕدرێت و ناشكرێت هیچ شتێ بخەیتە نێوانیانەوە و بەلام وشە دەتوانێ كەرەسەی تر لە یەكتری جیابكانەوە، بۆ نموونە ( خەفەتبار نەك بارخەفەت )، یان ناتوانین بڵێین ( خەفەت – زۆر – بار)، بەلام دەتوانین بڵێین ( زۆر خەفەتبار دانیشتبوو ) ...تاد .

– وشە بچووكترین دانەیە كە توانایی بزواندن، یان جولاندنی هەبێت كەواتە بچووكترین دانەیە كە لە شوێنێكی ڕستەوە بتوانن بچێە شوێنێكی تر[٢٦]. سوودی لەوەدایە كە دەتوانێت جیاوازی نێوان گیرەك و وشە بكات، بەوەی كە گیرەك لە شوێنێكی ڕستەدا ناتوانێت بچێتە شوێنێكی تر .كەچی وشە زۆر جار دەتوانێت لە زۆر جێگەدا گواستنەوە بكات و ماناش تێك نەچێت، بۆ نموونە:

كچەكان هەموو دەخوێنن .

هەموو كچەكان دەخوێنن ....تاد.

زمانناسی هاوچەرخ بەم جۆرە پێناسەی ( وشە ) دەكات :

– وشە : ئەو دانە ڕێزمانییەیە، كە لە مۆرفێمێ یان چەند مۆرفێمێك پێك دێت . ئەو مۆرفێمانەش بەشێكیان مۆرفێمی مۆرفۆلۆژین و بەشێكی تریان مۆرفێمی ڕێزمانین . مۆرفێمە ڕێزمانییەكان سروشتی پەیوەندی نێوان وشە لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا دەردەبڕن . بۆیە وشە لە دەرەوەی ڕستەدا پێناسە

ناكرێت[٢٧]. مۆرفێمی مۆرفۆلۆژی ئەوەیە دەچێتە سەر مۆرفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی تازەی خاوەن مانای تازە، وەك ( هەڵ – ڕا – دا – تێ ...هتد) لە ( هەڵگرتن، ڕاکردن، داگرتن، تێ خستن ...تاد ) و مۆرفێمی ڕێزمانیش ئەوەیە کە دەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی تر لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا .یاخود ئەوەیە کە حاڵەتێکی ڕێزمانی دەبەخشێت بە وشەکە، وەك ( ەکە – ان ...تاد ) لە ( منداڵەکە، منداڵان ...تاد ) .

وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەبێتە هۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستوور و ڕێزمان، بۆ نموونە ئەگەر لە باری مۆرفۆلۆژییەوە لە وشەی ( پاك ) بکۆڵینەوە دەبینین ئەوەی بە لای مۆرفۆلۆژییەوە گرنگ بێت ئەوەیە، کە ئەم وشەیە :

پاك : ئاوەڵناوە .

پاك : ئاوەڵناوی سادەیە .

پاك : لە پلەی بەراورددا دەبێت بە( پاکتر ) .

پاك : لە پلەی باڵادا دەبێت بە ( پاکترین )[٢٨]. .... هتد .

هەروەها وتمان وشە بریتییە لە مۆرفێمێك یان زیاتر، واتا گەلێ وشە بەسەر دانەی واتاداردا دابەش دەبێت و هەر یەکێکیان واتایەکی تایبەتی هەڵدەگرێت، بۆ نموونە، وشەی ( کارگەکان ) بریتییە لە :

کار : بە واتای ( ئیش و فرمان ) دێت .

گە : شوێن و جێگە نیشان دەدات .

ەکە : ناسیاوی دەردەبڕێت .

ان : نیشانەی ( کۆ ) یە .

وشەی ( داکوتانەوە ) :

دا : مۆرفێمێکە بزووتنەوە بەرەو خوارەوە نیشان دەدات .

کوتان : لێدان لە شتێك ڕادەگەیێنێت .

ەوە : مۆرفێمێکە دووبارە بوونەوەی ڕوودان دەردەبڕێ .

کەواتە ئەم پارچانەی ( وشە ) کەوا هەندێکیان مۆرفێمی دارِشتنن و هەندێکی دیکەیان ڕێزمانین، پێکەوە وشەکەیان پێکهێناوە، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت کە وشە خاوەنی یەکێتی پێکهاتنە .

وشەکانی زمانی کوردی لە مۆرفێمێك یان زیاتر پێك دێت، وەك :-

١ – وشەی یەك مۆرفێمی : ( دڵ، سەر، کەو، ... **هتد** ) .

٢ – وشەی دوو مۆرفێمی : ( باڵدار، ئازادی، دڵشاد، ... **هتد** ) .

٣ – وشەی سێ مۆرفێمی : ( دەخۆم، ناچین، دەکرم، ... **هتد** ) .

٤ – وشەی چوار مۆرفێمی : ( دەیناسم، کتێبەکانم، ... **هتد** ) .

٥ – وشەی پێنج مۆرفێمی : ( ڕایان دەسپێرم، هەڵی دەگرم، ... **هتد** )[٢٩].

شایانی باسە کە وشەی زمانی کوردی زۆر بە کەمی لە پێنج یان زیاتر بەکاردەهێنرێت .

## تایبەتمەندێتی وشە :

لە ئاکامی ئەوانەی لەسەرەوە لەبارەی پێناسە و ڕوونکردنەوە و هەندێ لەو ڕەخنانەی ئاراستەی بیرۆکەی وشە کرا، دەتوانین هەندێ تایبەتێتی بۆ وشە دیاری بکەین :

١- سیمایەکی فۆنەتیکی هەبێت، واتە لە زنجیرە دەنگێك پێکبێت . واتا ڕێزبوونی ئەو دەنگانە واتایەك دەبەخشێت بە وشەکان ئەو واتایەش وێنەیەکی دیاریکراو دروست دەکات لە مێشکدا بە گۆڕینی زنجیرەی ئەو دەنگانە، واتا پاش

و پێش خستنی دەنگەکان، یان لابردنیان وشە بەرە و دوو ڕەوتی واتایی دەبات، ئەگەر دوای گۆڕینی، یان لابردنی یەکێك لە ڕیزبوونی دەنگەکانی وشە دروست کراوەکە واتادار بوو، ئەوا ئەو وێنەیەی سەرەتا دروست ببوو دەگۆڕێت بە وێنەیەکی تر، بەڵام ئەگەر وشە نوێیەکە واتادار نەبوو ئەوا وێنەی یەکەم دەشێوێت و هیچ وێنەیەکی تر دروست ناکات . وەك :

( پەنجەرە )----- وێنەیەك لە مێشکدا

پ – ە – ن – ج – ە– ر – ە

| | |
|---|---|
| پەنجەرە | پەنجەرە |
| پەنجەرە | پەنجەرە |

بەلابردنی ( ر – ە )ی کۆتایی دەبێت بە ( پەنجە ) وشەکە گۆڕا و واتایەکی تری دروست کرد .

( پەنجە ) وێنەیەکی تری لە مێشك دروست کرد وێنەکەی یەکەم کە پەنجەرە بوو گۆڕا، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕیزبوونی گۆڕا دەبێت:( پ – ە – ن – ر – ە – ج – ە) .

( پەنرەجە ) ---- هیچ وێنەیەك دروست ناکات و وێنەی یەکەم دەشێوێت، چونکە ئەم وشەیە واتای نییە .

٢- پێویستە وشە قەبارەیەکی ڕێزمانی هەبێت :

واتا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وەك بەشێکی ئاخاوتن یان لەهەر ئەرکێکی ڕێزمانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت .

٣- پێویستە وشە لەیەك هێز زیاتری نەبێت، واتە وشە خاوەنی یەك هێزبێت ئەگەر لە هێزێك زیاتری هەبوو لە چوارچێوەی وشە دەردەچێت و دەچێتە بواری گرێ و ڕستەوە .

٤- پێویستە وشە بتوانێت لە دروست کردنی ئیدیەمدا بەشداری بکات ( ئەمەش یەکێ لە خاڵە لاوازەکانی وشەیە ) مەرج نییە هەموو وشەیەك بتوانێت ئیدیەمی لێ دروست بکرێت، چونکە ئیدیەم : وشەیەکە یاخود دەستەواژەیەکە کە واتاکەی لە کۆی واتای چەند وشەیەکی ترەوە وەرگیراوە و واتایەکی تازەتری دروست کردووە .

( گوێ، گا، .... ) هەریەکە و واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە .

( لەگوێی گادا نووستووە )) ئیدیەمە، واتا ( بێ ئاگایە ) .

( پشت ئەستوورە )، ( دەستی دەڕوات ) ... هتد .

٥- پێویستە وشە واتادار بێت، بەڵام ئەمەش وشە ئەرکییەکان ناگرێتەوە .

سەبارەت بەم تایبەتیانەی وشە د.ئەورەحمانی حاجی مارف باسی هەشت تایبەتی دەکات[٣٠]، وەك :

١- پێکهاتنی فۆنەتیکی هەبێت .

٢- مانا و واتاداربێت .

٣- قەوارەی ڕێزمانی هەبێت .

٤- هەمیشە خاوەنی دەنگ و مانابێت .

٥- هەردەم لە ئاخاوتندا وەك یەکەیەك لە زماندا بەکاربهێنرێ.

٦- پتر لە یەك گیرەی نەبێت .

٧- بتوانرێ لە ڕستەدا بەکاربهێنرێ .

٨- تواناى هەبێ ببێت بە ئیدیەم . بەڵام هەندێ لەو تایبەتییانە جۆرە دووبارەکردنەوەیەکی تێدایە، دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ پێنج خاڵ کە لەسەرەوە باسکراون[٢١] .

## دابەشبوونی وشە لە چەند ڕوویەکەوە :

تا ئێستا زمانەوانی کورد و ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لە زمانی کوردی کردووە، بە چەندین جۆر وشەیان لەسەر بنەمای جۆر و سروشتی مۆرفیمەکانی دابەش کردووە، لێرەدا مەودای ئەوە نییە یەك بە یەك بەو کار و لێکۆڵینەوانانەدا بچینەوە و دیاریان بکەین، لەبەر ئەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان زۆر بە کورتی دەکەین، کە ئەوەی مەبەستمانە بپێکێت :

- لەڕووی سەربەخۆییەوە :

١- وشەی سەربەخۆ :

ئەو بەشە ئاخاوتنانە یان پۆلە فەرهەنگییانەن، کە دانەی فەرهەنگین، تەواو و سەربەخۆن لە ڕووی فۆرم و واتا، هەروەها کەرەستەی ئامادەن بۆ بەکارهێنانی جۆراوجۆر لە ڕستە و قسە .وەکو :شیرین، چوون، ڕاگەیاندن، زۆر ...تاد .

٢- وشەی ناسەربەخۆ :

ئەو وشانەن کە تەواو نین، واتای دیاریان نیە و بەتەنیا چیان پێ ناکرێ و شت یان دیاردەی بابەتیی نانوێنن، هەروەها بیرێك یان هەستێکی دەروونیی ناگەیەنن . بەڵام لەگەڵ وشەی تر و لە ڕستە واتایان لێ پەیدا دەبێ و ئەرك دەبینن . وەکو ئامرازی ( بە ) و ( لە )، کە بە دانەی فەرهەنگی دانراون، بەڵام مەرجەکانی وشەی تەواویان لێ بەدی ناکرێ[٢٢] . وەك :

ئازاد لە پۆلدا وانە دەخوێنێ / کوردستان هەر بە تۆوە جوانە...تاد .

– له ڕووی پێکهاتنەوە دابەش دەبێتە سەر ئەم بەشانە :–

١ – وشەی سادە :

وشەی سادە بەو وشانە دەوترێن، کە لە تاکە مۆرفێمێکی ڕیشەیی پێکهاتبن . وەك :

کوڕ، کچ، شێر، کەو، بەرد، من، تۆ، شۆخ، دار، دیوار، ....... هتد .

٢ – وشەی داڕێژراو :

وشەی داڕێژراو، ئەو وشە ناسادەیەیە، کە لە مۆرفێمێکی ڕیشەیی و مۆرفێمێکی وشەداڕێژ پێکهاتبێ، ئەوجا مۆرفێمە وشەداڕێژەکە پێشگر یا پاشگر، یاهەردوو (پێشگر و پاشگر ) پێکەوەبن . وەك :

أ – پێشگر + مۆرفێمێکی ڕیشەیی

پێ + ویست ( ویستن ) = پێویست .

بە + هێز = بەهێز .

دا + بەزین = دابەزین .

هەڵ +ماڵین = هەڵماڵین .

ڕۆ + کردن = ڕۆکردن .

ب – مۆرفێمێکی ڕیشەیی + پاشگر

ئاسن + گەر = ئاسنگەر

پیاو + ەتی = پیاوەتی

کورد + ستان = کوردستان

دۆ + ینە = دۆینە

ج – پێشگر + مۆرفێمێکی ڕیشەیی + پاشگر

نە + خۆش + ی = نەخۆشی

بیّ + هێز + ی = بیّ هێزی

نه + مر ( مردن ) +ی = نەمری

هاو + ڕێ + ەتی = هاوڕێتی

وشەی داڕێژراو بە گوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن دەتوانرێ دابەش بکرێ بەسەر ئەم جۆرانەدا :

١ – ناوی داڕێژراو : ئاسنگەر، دووکاندار، دانساز، ... هتد .

٢ – ئاوەڵناوی داڕێژراو : جوانی، گەورەیەتی،پاکانە، ... هتد .

٣ – کرداری داڕێژراو : پرسیار، کڕیار، دانەر، ... هتد .

٤ – ئاوەڵکرداری داڕێژراو : پێشین، بنار، پێشەوا، ... هتد .

٣ – وشەی لێکدراو :

وشە لێکدراو، ئەو وشە ناسادەیەیە، کەوا بەلای کەمەوە دوو مۆرفێمی ڕیشەیی تێدابێ[٣٢].

وشەی لێکدراو دەتوانرێ بە گوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن دابەش بکرێ بەسەر ئەم جۆرانەدا :

١ – ناوی لێکدراو : مامۆستا، بەفراو، دڵشاد، ... هتد .

٢ – ئاوەڵناوی لێکدراو : گەردن بلوور، سەرگەرم، ... هتد .

٣ – کرداری لێکدراو : دەست بڕین، سەرشکاندن، ... هتد .

٤ – ئاوەڵکرداری لێکدراو : پۆلپۆل، پشتاوپشت، بانەوبان، پڕبەدڵ، ... هتد .

– هەروەها دابەشبوونێکی تری وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە بەم جۆرە دابەش دەبێت :

١ – وشەی سادە :

ئەو وشەیەیە، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێ . دەنگەکانی (فۆنێمەکانی) دەبنە بناغەی دامەزرێنەری وشەکە بێ زیاد و کەم . لادانی هەر فۆنێمێکیان دەبێتە هۆی تێك دانی واتاکەی یان دەبێتە وشەیەکی تر، وەك: ( سەر، چاو، بەرد، دلێر، .... هتد ) .

٢ – وشەی ناسادە :

ئەو وشەیەیە، کە بەسەر مۆرفێمدا دابەش دەبێت، ئەمیش دوو جۆرە :

أ – وشەی ئاڵۆز .

ب – وشەی لێکدراو.

أ – وشەی ئاڵۆز :

ئەو جۆرە وشانەن، کە لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێك دێت . ئەو مۆرفێمانەش دەشێت مۆرفێمی دارِشتن یان مۆرفێمی رِێزمانی بن، واتا ( گەردانکراو ) .

وشەی ئاڵۆز دوو جۆرە :

١ – وشەی دارِێژراو :

ئەو جۆرە وشانەن، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی دارِشتن پێك دێت. واتا مۆرفێمێك و زیادییەك . دەشێت ئەو مۆرفێمە بەندە ( پێشگر ) یان (پاشگر) یان ( پێشگر و پاشگر ) پێکەوە وشەیەکی دارِێژراو پێکبهێنن، وەك :

پێشگر : بێ هۆش، بەهێز، .... هتد .

پاشگر : شەرمین، ورگن، .... هتد .

پێشگر و پاشگر : نەخۆشی، وەرگەرِاندن، .... هتد .

٢ – وشەی گەردانکراو :

ئەو وشانەن، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی ڕێزمانی پێك دێت، مۆرفێمە ڕێزمانییەکان، وەك : ( دە، ەکە، ێك، ... هتد ) . بۆ نموونە :

دە + خۆ + م = دەخۆم .

منداڵ + ەکە = منداڵەکە .

پیاو + ێك = پیاوێك .       ... هتد

ب – وشەی لێکدراو[٣٤] :

ئەو وشانەن، کە بەلای کەمەوە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی ( بەند ) پێك دێت، هەروەها بێ مۆرفێمی ( بەند )یش پێك دێت، وەك :

١ – بەبێ مۆرفێمی بەند :

شاهەنگ، ماستاو، گوڵاو، بەفراو، مارماسی، ... هتد .

٢ – بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە :

مانگەشەو، گوڵگەنم، لەرزوتا، گوڵ بەدەم، ... هتد .

– لە ڕووی واتا و ڕوخسارەوە : ئەمیش دوو جۆرە :


١ – وشەی فەرهەنگی :

ئەو جۆرە وشانەن لە فەرهەنگدا فۆرم و واتای سەربەخۆیان هەیە، وەك : ئاسن، دار، بەرد، ... هتد .

٢ – وشەی ئەرکی :

ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە کە لە فەرهەنگدا شێوە و واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵکو واتایان لە ڕووی ئەرکەوە دەردەکەوێت، وەك :(بەڵکو، بەڵام،چونکە، م، ت، ی، مان، تان، یان، ... هتد )[٣٥] .

جۆرەکانی وشە لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە :


وشە
وشەی سادە
وشەی ناسادە
وشەی ئاڵۆز
وشەی لێکدراو
وشەی داڕێژراو
وشەی گەردانکراو
بێ ناوبەند
بەهۆی ناوبەندەوە

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(1) د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢١١ .

(2) بۆ ئەم پێناسانە، بڕوانە :

- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٨٤، ١٩٥، ٢٧٣، ٢٨٢-٢٨٣، ٣٩١، ٤٠٤ .

(3) محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٥٠ .

(4) محمد معروف فتاح، هەمان سەرچاوە، ل٥١ .

(5) شادمان سالار نەریمان، وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا ( بلاونەکراوەتەوە )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە/ ئیبن ڕوشد، بەغدا، ٢٠٠٨، ل٢٨ .

(6) بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئاستەکانی زمان و لێکۆینەوە و باسی تایبەت بەو ئاستانە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە :

ا- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر( بلاونەکراوەتەوە )، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠، ل ١٠ – ٢٠ .

ب- د.محەمەد مەعروف فەتاح م.سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٧ .

ج- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٥٠ – ٥٥ .

د- د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢١١ – ٢١٥ .

هـ- شادمان سالار نەریمان، وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا ( بلاونەکراوەتەوە )، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە/ ئیبن ڕوشد، بەغدا، ٢٠٠٨، ل٢٣ – ٣٣ .

و- د.محمد رفقي محمد، سيكولوجية اللغة والتنمية اللغوية لطفل الرياض، الطبعة الاولى، دار القلم للنشر والتوزيع، الكويت، ١٩٨٧، ص٣٢- ٤٢.

(٧) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم – ناو –، بەغدا، ١٩٧٩، ل٤ .

(٨) محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٤،ل٢٣.

(٩) د.کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی( دار الحرية للطباعة )، بەغدا، ١٩٨٦، ل٥.

(١٠) صادق بهاءالدین، ڕێزمانی کوردی، کرمانجیی یا ژۆری و ژێریا هەڤبەرکریٚ، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٧، ل١٤٩.

(١١) د.ڕەفیق محەمەد محێدین، دەوری مۆرفیمی ( ب ) لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نویٚ )، ژمارە( ١٣٨)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٦، ل٢٢.

(١٢) د.محەمەد مەعروف فەتاح م.سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٧ .

(١٣) د.ابراهيم خليل، في اللسانيات ونحو النص، دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠٠٧،ص٦٧.

(١٤) د.محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري( ئينكليزي – عربي)، لبنان، ١٩٩١، ص١٧٤ .

(١٥) د.كمال بشر، دراسات في علم اللغة، مصر،١٩٦٩، ص٨٤ .

(١٦) د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢١٢ .

(١٧) د.علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، دارنهضة مصر للطبع والنشر، الطبعة السابعة، القاهرة، ١٩٧٣،ص٨ .

(١٨) هەمان سەرچاوە، ل٨–٩ .

(١٩) د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل٧٩ .

(٢٠) محمد معروف فتاح، زمانەوانی،ل٧٦ .

(٢١) ڕۆژان نوری عبدالله، فرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩ .

(٢٢) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٣٩٢-٣٩٣ .

(٢٣) د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل١١٢-١١٣ .

(٢٤) کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر( بڵاونەکراوەتەوە )، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٢٦.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٦ .

(٢٧) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کەموکووڕی هەندێ لە پێناسەکانی وشە، بڕوانە :

أ- کەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر( بڵاونەکراوەتەوە )، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٢١-٢٧.

ب- د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٢- ١١٤ .

(٢٨) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٢-٣.

(٢٩) بڕوانە : د.وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل١١٩-١٢٠،ل٣٦٦.

(٣٠) د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٦-٧.

(٣١) لەو بارەیەوە و سەبارەت ئەو تایبەتییانەی کە د.ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (وشەی زمانی کوردی ) (ل٦-٧) باسی کردووە، هەندێ ڕوونکردنەوەمان پیشان داوە، بڕوانە :

- شەهاب تەیب تاهیر، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا(بڵاونەکراوەتەوە)، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە/ ئیبن ڕوشد، بەغدا، ٢٠٠٩،ل ٦-٩.

- د.وريا عومەر ئەمين، ئاسۆيەكی تری زمانەوانی ، ل٢٦٣-٢٦٤ .

(٣٢) كەمال محەمەد نۆمەر، دەروازەی فەرهەنگيی هەندێ پێشكاری كوردیی، نامەی ماستەر(بلأونەكراوەتەوە )، زانكۆی سەلأحەددين، كۆلێژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢،ل١٠ - ١١ .

(٣٣) لەو بارەوە بڕوانە: د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی كورديدا، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٤٧- ٩٥ .

(٣٤) سەبارەت بە جۆرەكانی وشەی لێكدراو بڕوانە :

أ- نازەنين جلال احمد، وشە لێكدراو لە ديالێكتی كرمانجيی خوارووی زمانی كورديدا ، نامەی دكتۆرا ( بلأونەكراوەتەوە )، زانكۆی بەغدا، كۆلێژی پەروەردە / ئيبن ڕوشد، بەغدا، ٢٠٠٤، ل٦-٣٨.

ب- كەوسەر عزيز ئەحمەد، بيردۆزی مۆرفيم و هەندێ لايەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماجستێر( بلأونەكراوەتەوە )، زانكۆی سەلأحەدين، كۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٣١- ٣٥.

(٣٥) بەشێوەيەكی گشتی و بۆ زانياری زياتر لە بارەی ئەم دابەشبوونانەی وشە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە :

أ- تۆفيق وەهبی، دەستووری زمانی كوردی، دار الطباعة الحديثة، بەغدا، ١٩٢٩، ل٢٦ - ٢٧ .

ب- نووری عەلی ئەمين، ڕێزمانی كوردی، چاپخانەی كامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٢٢ - ٢٩ .

ج- محەمەد عومەر عەلی، دابەشبوونی كرداری لێكدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەركەوە- لە كرمانجيی خوارووداـ،گۆڤاری(كۆردۆلۆجی)، ژمارە ( ٢ )، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٢٠ - ٣٢٤ .

د- كەوسەر عزيز ئەحمەد، بيردۆزی مۆرفيم و هەندێ لايەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماجستێر( بلأونەكراوەتەوە )، زانكۆی سەلأحەدين، كۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٣١- ٣٥.

ه- کەمال محەمەد ئۆمەر، دەروازەی فەرهەنگیی هەندێ پیشکاری کوردیی، نامەی ماستەر(بلاونەکراوەتەوە )، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢،ل١٣ – ١٥ .

و- نازەنین جلال احمد، وشە لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ( بلاونەکراوەتەوە )، زانکۆی بەغدا، کۆلیژی پەروەردە / ئیبن ڕوشد، بەغدا، ٢٠٠٤، ل٦-٣٨ .

ز- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری عێراق ( دەستەی کورد ). هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٥،ل ٢١ .

# خزمایەتی لە زماندا

## نووسینی: سەلام ڕەحیم

مرۆڤ تەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی زمانیشە. کەسایەتی مرۆڤ شێوەی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لەجیهانی دەوروبەریو ڕادەی ڕووناکبیری پێش هەر شتێك لەزمانەکەیدا دەردەکەوێت. زمانیش وەکو هەموو تەنێکی زیندوو بەقۆناغەکانی وەك (لەدایکبوون، گەشەکردن، کامڵبوون، کزبوون، مردن)دا تێدەپەڕێت، ئەمە جگە لەوەی هەر زمانەو سەر بەخێزانو بنەماڵەی تایبەتی خۆیەتی.

بوونی خزمایەتی لەنێوان زمانەکاندا کارێکی ئاساییە، ئەگەر ئەو زمانانە لەبنەڕەتدا یەکبنو یەك خێزانی زمانی پێکبهێنن، ئەم خێزانانەش بەسەر چەند دەستەو پۆلێکدا دابەشدەکرێنو بێگومان ئەم دابەشبوونو پەل پەل بوونەش کۆمەڵێ هۆکاری خۆی هەیە.

زۆرجار لەمێژوودا واڕێکدەکەوێت، کەزمانێك کەرت دەبێو چەند زمانێکی تری لێوەپەیدادەبێت،پاشان دەبێتە هۆی لەناوچوونی زمانە بنچینەییەکە یا زمانە سەرەکییەکە، یاخود بەپێچەوانەوە هەندێ جار واڕێکدەکەوێ، کە زمانێك باڵ بەسەر زمانە نزیکەکانی تری بنەماڵەکەیدا دەکێشێو هەموویان دەکاتە یەك.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەدایکبوون، یامردنی زارو شێوەزارەکانی جیهان لەئەنجامی گۆڕان یا گەشەیەکی مێژوویی وادا پەیدادەبن، بۆ نمونە: زمانەکانی بنەماڵەی (سامیو حامی) وەك (ئەکەدی، بەربەری، چادی، سۆمالیایی، ماڵتی، ئەسیوبی، قیبتی ...هتد)، دەبینین زمانی عەرەبی باڵی بەسەر هەموو ئەم بنەماڵانەدا کێشاوەو خۆی فەرزکردوە بەسەریاندا، یاکەرتبوونو دابڕانی زمانی (لاتینی) کە بوو بەهۆی پەیدابوونی زمانەکانی (فەرەنسی، ئیتالی، ئیسپانی، ڕۆمانی ئێستا)و نەمانی زمانی لاتینی خۆی، کە ئێستا بەزمانێکی مردوو دادەنرێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆرجار زمانێك دوای قۆناغی کامڵبوون دەمرێتو پەل پەل دەبێتەوە، یاخود بەپێچەوانەوە زمانێکی تر لەدایك دەبێتو باڵ بەسەر زمانە نزیکەکانی خۆیدا دەکێشێتو دەیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

**بنەماکانی خزمایەتی**

پسپۆڕانی بواری زمان بنەماکانی خزمایەتی زمان دەگەڕێننەوە بۆ بنەچەو بناغەی نزیکایەتی زمانو بوونی دیاردەو وشەی هاوبەشو لێکچوونی وشە لەڕووی فۆرمو واتاوە لەنێوان زمانەکاندا، هەر لەم ڕووەوە چەند زمانێك دەبەسترێت بەیەکەوەو کۆمەڵو خێزانی زمان پێکدەهێنن.

(د. محەمەد مەعروف فەتاح) بنەمای خزمایەتی لەزماندا دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکچوونی وشە وەك دانەیەکی واتاسازیو لێکچوونی فۆنۆلۆجیو پارچەکانی وشەو ڕیزبوونیان، بەمەرجێك بەهۆی خواستنو ڕێکەوتەوە نەبێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پەیوەندی نێوان زمانەکان تا نزیکترین لەڕووی بوونی وشەی هاوبەشو وەکیەکو بوونی تایبەتیو خەسڵەتی پەیوەندیی خزمایەتی، بەلەیەکچوونو نزیکایەتی دابونەریتو کەلەپوورو کەلتوری هاوبەشی

نێوانیان، خێزانەزمان‌و میللەت پێکدەهێنن وەکو خێزانە زمان‌و میللەتی ئێرانی یا خێزانە زمانی هندی یا سامی‌و حامی، ئەمانەش لەناو خۆیاندا هەر کۆمەڵە زمان‌و میللەتێك، چەند خێزانە زمان‌و چەند میللەتێك دەگرنەوە، کە زۆر لەیەکترەوە نزیکن، وەکو کۆمەڵەی ئاری کە لەچوار خێزانە زمان‌و میللەتی وەك: خێزانی زمان‌و میللەتانی ئێرانی، خێزانی زمان‌و میللەتانی ئەوروپایی، خێزانی زمان‌و میللەتانی هندی، خێزانی زمان‌و میللەتانی هیتی.

ڕادەی خزمایەتی‌و نزیکایەتیش لەناو هەمان خێزاندا جیاوازەو کەم‌و زۆری هەیە، وەك خزمایەتی‌و نزیکایەتی کوردی‌و فارسی لەناو خێزانی ئێرانی لەهەموویان بەتینترە بەبەراورد لەزمانەکانی تری هەمان خێزان.


لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین، هەموو لێکچوونێکی نێوان زمانەکان واتای خزمایەتی‌و هاوڕەگەزی ناگەیەنێت، ئەگەر زمانێك بەشێك لەخەزێنەی وشەکانی خۆی لەزمانێکی ترەوە وەربگرێت، ئەوە بەو واتایە نییە، کە ئەو دوو زمانە خزمایەتییەك لەنێوانیاندا هەیە، زۆر لەلێکۆڵەرانی بواری زمان پێیان وایە وشەی (ماما ، مام ، مامی ، مامە) کە بۆ وشەی دایك بەکاردێ لەزۆربەی زمانەکاندا، لەگڕوگاڵی منداڵی ساواوە وەرگیراوە، ئەمەش بەڵگە نییە بۆ خزمایەتی نێوان ئەو زمانانەی ئەم وشانە بەکاردێنن، یاخود سەر بەهەمان بنەماڵەن، بەڵام ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان هەردوو زمانی کوردی‌و ئەرمەنی هەرچەندە سەر بەدوو خێزانی جیاوازی ئێرانی‌و هیتین، بەڵام هەمان بنچینەو ڕەگ‌و ڕیشەیان هەیە، ئەویش (ئارییە)، ئەوا دەگەینە ئەم ڕاستییەی لای خوارەوە:

زمانی ئەرمەنی لقێك پێکدێنێ لەزمانە ئارییەکان کە لەدەوروبەری سەدەی (٦ پ.ز)ەوە لەباکوری میزۆپۆتامیاو باشوری قەوقازو کەنارەکانی

دەریای ڕەش سەقام گیربوونە. لەبەردەنووسەکانی (دارویش)دا ناویان هاتوەو بەپاشماوەی زمانی هیتی دادەنرێت، ئەم زمانە لەکۆماری ئەرمەنستان بەکاردێ. زمانی ئەرمەنی کە سەر بەخێزانی زمانی هیتییەو لەناو کۆمەڵی زمانی ئارییدا لەهەموویان زیاتر لەزمانی کوردییەوە نزیکە، بۆنموونە وشەی (لاڵ)ی کوردی لەزمانی ئەرمەنی (لال)ە، وشەی (چوار) بەرامبەر (چوسە)ە، وشەی (کەوش) واتە پێڵاوی کوردی بەرامبەر بە (کەڤش)ی ئەرمەنییە، هەروەها وشەکانی (پەنیر، دژوار)ی کوردی هەمان شتە لەزمانی ئەرمەنیدا، بۆیە دەتوانین بەهۆی ئەم نموونانەوە چەندان نموونەی تر خزمایەتی نێوان زمانی کوردیو ئەرمەنی بسەلمێنین، کە سەر بەهەمان ڕەگو ڕیشەن، کە ئەویش (ئارییە).

لەکۆتایدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە خزمایەتی لەزماندا دەکرێ لەنێوان دوو زمانی هەمان خێزانی زماندابن، وەك زمانی کوردیو فارسی کە سەر بەخێزانی زمانی ئێرانین، یاخود لەنێوان دوو زمانی تردا کە سەر بەدوو خێزانی زمانی جیاوازبن، وەك زمانی کوردی کە سەر بەخێزانی زمانی ئێرانیو زمانی ئەرمەنی کە سەر بەخێزانی زمانی هیتییە، هەردوو خێزانیش سەر بەکۆمەڵەی زمانی ئارین، کەواتە مەرجی سەرەکی بۆ بوونی خزمایەتی لەنێوان زمانەکاندا ئەگەر سەر بەهەمان خێزانیش نەبن، مەرجە سەر بەهەمان بنەچەو ڕەگو ڕیشەبن.

کۆمەڵەی زمانی ئاری




## سەرچاوەکان


١. د.ئومێد بەرزان برزو، محازەرات، ٢٠٠٩.

٢. زبیر بیلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، بەغداد، ١٩٨٤.

٣. د. رفیق شوانی، زمانی کوردیو شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤. د. رفیق سابیر، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٨.

٥. شاسوار هەرشەمی، لەبارەی زمانەوە، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦. د.محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠.

٧. د .وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٤.

# ( جەوەڵ ) یان ( جەبەل ) کامیان ڕەسەنترن؟!

بەختیار مام حەمید

**(جەوەڵ وڵات ئەوەن ڕەنگینە،هەتا سەیری کەی فرەتر شیرینە)**

بۆ ئەوەی بگەینە هەقیقەتی بنجو بناوانی ئەو پەیڤانەی کە کورد بە کاریان دبات و گوایە عەرەبی یان فارسی یان تورکین،پێویستمان بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر ورد هەیە،پێویستمان بە کەسی دڵسۆز،گەڕۆک،لێبڕاو،شارەزا،زووانزان و زمانناس،مامۆستا،هەیە لۆ ئەوەی ئیتر ڕزگارمان ببێت لە تێکچوون و ئاڵۆزبوون و سەروژێربوونی زووانە شیرینە پەیڤخۆشەکەمان،چەندە وردەکارو هەستیارو وینەری دروست بین ئەوەندەش پەیڤی ڕەسەن و چاوگی دروستمان دەستدەکەوێت،لێرەدا باسی وشەیەکی بە ڕەسەن کوردیی بە عەرەبی کراو دەکەین ئەویش وشەی جەوەڵی بە جەبەل کراوە،

وشەی (جەوەڵ) وشەیەکی تەواو کوردییەو لە دوو بەش یان دوو پەرت پێکهاتووە،ئەوانیش (جە) و (هەوڵ،هۆڵ)ن، پەرتی (جە) واتە جێگا و شوێن و پێگە وەك لە وشەکانی (کوردمانجە یان کوردمانجێ،جەماڵ یان جێ ماڵ،جەزێڕە،جەکار،جەبین و هتد..)دا دەردەکەوێت، پاشان پەرتی (هۆڵ یان هەوڵ) واتە تەقەلا وکۆشش و تێکۆشان و کارکردن وەك لە وشەکانی (هەوڵدان،هەوڵ و تەقەلا،هەوڵدەر،هەوڵیار،هەوڵ و کۆشش و هتد...)دا دەردەکەوێت،

ئێستا کە ڕوون و ئاشکرایە کە هەردوو وشەو پەرتی (جە) و (هەوڵ) تەواو کوردین با بزانین هۆکاری ناوەکە و ناولێنانەکە چییەو لە چییەوە هاتووە؟!

لە کۆندا گەلی کورد چیاو شاخ و کێوی زۆر لا خۆشەویست بووە تەنانەت لە سەردەمێکدا ناوی کوردستان (ئاخکۆ یان وەڵاتی شاخ یان کۆستان) بووە،خۆشەویستی چیاو کەژ تا ئێستاش بەردەوامە،ئەویش لە بەر چەند هۆکارێك لەوانە (سەختی چیاکان و بۆ بەرگریکردن لە خۆو بۆ مانەوەو بۆ خۆپاراستن لە دەستی دوژمن و بۆ خۆهەشاردان و بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش و تاد...) ئەمەش بە ڕوونی لە دیرۆکی کوردو کوردستاندا بەدی دەکرێت،ئەوساو ئێستاش زۆربەی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد یان دەتوانین بێژین هەموویان لە چیاو شاخەکاندا پەرەیانسەندوەو تۆکمەبوون و بەهێز بوون،بۆیە بۆ گەلی کورد چیاکان هەردەم جێگای هەوڵ و تێکۆشان و کۆشش بوون،جێگای هەوڵ بوون بۆ مانەوە،جێگای هەوڵ بوون بۆ دروست بوون،جێی هەوڵ بوون بۆ پاراستنی ناسنامەو زووان،چیاکان هەوڵخانە یان هەولگە یان هەوڵجێیەك بوون بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازانەی کورد، لەیرەوە بۆمان ڕوون دەوێتۆ کە بەڕاستی چیاو

شاخ و کەژو کۆو کێو (جێهەوڵ=جەهەوڵ) بوون،پاشان وەك زۆر پەیڤی دیکەی کوردی و بە پێی تێپەڕوونی وەخت و سەردەم وشەکە ئاسانتر کراوە لەسەر زمان و (جە) وەك خۆی ماوەتەوەو (هەوڵ) کراوەتە یان گۆڕراوە بۆ (هۆڵ) و دواتر بۆ (وەڵ) بەمجۆرە هەردوو پەرتەکە پێکەوە بوونەسە (جەوەڵ)

ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەن و بێژن ئەی بۆ ئەم وشە بە (جەبەل) لە قورئانی پیرۆزدا ناوبراوە؟،لە ڕاستیدا ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە و دەکرێت و دەگونجێت عەرەبەکان وشەی (جەوەڵ)یان لە ئیبراهیم یان ئیسماعیل (س.خ) وەرگرتبێت و گۆڕیبێتیان بۆ (جەبەل) و دواتر بە تەواوی چووبێتە ناو زمانی عەرەب و بە تایبەت شێوەگۆی قورەیشەوە،ئینجا زۆر ئاساییە کە خوای مەزن بەو زمانە قسە بکات کە عەرەب لێی تێدەگەن ئیتر ڕەسەنی وشەکە کوردییە یان هەر زووانێکی تر،ئەوەتا وشەکانی (تەنیا،میللەت،مەڕوە=مەڕۆ)و چەند وشەی دیکەی ناعەرەبی لە قورئاندا هەن و زۆریش ئاساییە !،

دواتر ڕەنگە بوترێت خۆ وشەی (هەوڵ) لە (حەول)ی عەرەبییەوە هاتووە؟منیش دەڵێم بەدەر لەوەی کە مەرج نیە هەوڵ لە حەولەوە هاتبێت و ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاستبێت،لە هەمانکاتدا لە زووانی کوردیدا وشەی (هۆڵ)مان هەیە واتە خەمخواردن و ئاگالێبوون وەك دەوترێت (زۆر هۆڵمە توشی کێشە بێت،هەردەم لە هۆڵتام،هۆڵم بۆ خواردی،هۆڵم لێهاتووە و هتد...) هەموو ئەمانەش نزیکن هەم لە وشەی (هەوڵ) و هە میش لەواتای وشەی هەوڵ بۆ وێنە،هۆڵت بۆ دەخۆم=هەوڵت بۆ دەدەم،لە هۆڵدا بووم بۆت=هەوڵم بۆ دەدایت،

چەند پرسیارێك دەکەین لەیرەدا،باشە ئەگەر وشەی (جەوەڵ) لە (جەبەل)ەوە وەرگیراوە بۆ کۆکەی کە(جیبال)ە نەکراوەتە (جیواڵ) بۆ (جیبالەین) نەکراوەتە (جیواڵەین)؟ ئەوەتا دەبینین کۆی (جەوەڵ) بووەتە

(جەوەڵەیل و جەوەڵگەل و جەوەڵان و تاد...) وەك لە چەند هۆزانێکی کۆنی ناوچەی گەرمیاندا دەبینین دەڵێن (جەوەڵ جەوەڵگەل وە جوانی دیمەن،ئیمە پیر بویمان جەوەڵ هەر مەنەن.با جەوەڵێ وەرز بکەیمن وە ماڵ،تیایا بنیشیم بی خەم و خەیاڵ.ئەگەر من مردم لێم مەون بێباك،لە جەوەڵ بمنێن لە پای ڕۆح خاك)، لەیراکەوە بۆمان ڕوون دبێتەوە کە (جەوەڵ)ی کوردیی لە (جەبەل)ی عەرەبی ڕەسەنترە،هەر کەسێکیش گومانی لە ڕاستیی ئەم نووسینە هەیە با بە دواداچوون بکات و دواتر بە ویستی خۆی بەرسڤم بداتەوە،بە ڕەخنەی ژیرانەو لۆژیکی دەگەینە ڕاستی و دروستی بابەتەکان،

ماوەتەوە بێژم بەڕاستی زۆر پێویستەو زۆریش گرنگە کە ئێمەی کورد بە دوای سەرچاوەو چاوگی زووانەکەماندا بگەڕێین و تا دەگەینە ئەنجامی باش،هەروەها دەمەوێت ئەوەیش بێژم کە من بۆیە ئەم باسەم لەسەر یەك وشەی (جەوەڵ) چڕو تایبەت کرد لە کاتیکدا چەندن وشەی دیکەی لەو جۆرەمان هەیە،بۆ ئەوەی ئەم باسە ببێتە دەرگاو کەلەوێرێك بۆ بابەتێکی زۆر فراوان کە ڕاڤەو شرۆڤەو گەڕانە بۆ پەیزەکانی زووانی کوردی بەو هیوایەی انشاالله بتوانین بەردێك لە بان ڕێگای زمانی کوردی لادەین.

(هۆرەم لە جەوەڵ مانا مانمە،لە ئاواییدا ئاخ ژانمە)

# کۆنفراسی چێکردنی زمانی کوردی
# یا کۆنفرانسی کوژتنی زمانی کوردی

## ئەمجەد شاکەلی

زمانی کوردی، لەو دەمەوە، کە هەبووە و تائێستاش، کە هەیە، هێندەی ئەمڕۆ، لە تەنگژە و دژواریدا نەبووە. ئەگەر جاران داگیرکارانی کوردستان و نەیارانی کورد، هەوڵی تێکدان و لەنێوبردن و سڕینەوەی زمانی کوردییان دەدا، ئەمڕۆ کورد بۆ خۆی ئەو کارە دەکات.

باشووری کوردستان، ئەمڕۆ کارگێڕییەکی خۆماڵی بەڕێوەی دەبات و حوکوومەت و پەرلەمانی هەیە و جۆرە دەوڵەتۆکەیەکە و بە سەدان دەسگای ڕووناکبیری و زمانەوانی و زانستگە و پەروەردەیی و هەزارویەك شتی دیکەی لەو جۆرەی تێدایە و بە سەدان تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری تێدا پەخش دەکرێن و بڵاو دەبنەوە، کە دەبوو ئەمانە هەموو لە خزمەتی زمانی کوردیدا بووایەن، ئەمڕۆ بوونەتە ژینگەیەك بۆ تێکدان و وێرانکردنی زمانی کوردی.

دەسەڵاتێك لە کوردستان فەرمانڕەوایە، هێندەی خەمی پارە و پووڵ و دەوڵەمەندبوونی خۆی و دەستوپێوەندەکانی خۆیەتی، گچکەترین و ئاساییترین هەستی زمانەوانی و بە تەنگ زمانەوە بوون و بیرکردنەوە لە زمان و خەمی زمانی نییە و لە ئاست قەیرانێکی کوژندە، کە زمانی کوردی پێدا تێدەپەڕێ و لە ئاست مردن و نەمانی

زمانی کوردی، کە ئێستا لە گیانەڵڵادایە، خۆی کەڕ کردووە و هەر دەڵێی باسەکە چ پێوەندێکی بەوەوە نییە.

لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠١١ ەدا، کۆنفرانسێك لەمەڕ زمانی کوردییەوە لە هەولێر ساز کرا، کۆمەڵێك خەڵکی زمانزانی بۆ بانگرابوون و لەوێ باسی ڕەوشی ئێستا و داهاتووی زمانی کوردییان کرد. من نالێم تەواوی ئەوانەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، بەڵام زۆرینەیان، نەك هەر زمانزان نەبوون، بەڵکە چ پێوەندیشیان بە زمانی کوردییەوە نییە. ڕەنگە تاکەتاکەیەك لەو بەشداربووانە هەستێکی زمانەوانی یا خەمێکی زمانیان هەبێت، بەڵام زۆرینە "دابەزیوی ئوتێلی زمانن".

هەواڵی ئەو کۆنفرانسە و هەندێ دیدارم لە بارەیەوە، لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکانەوە دیت. هەندێك لەو مامۆستایانە بە جۆرێك باسی زمانی کوردییان دەکرد و بیر و بۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە دەردەبڕی، کە منێکی عەوامی زماننەزانی قوژبنێکی ئەم جیهانە شەرمم بەخۆم دەهات و تەریق دەبوومەوە. ئەمە حاڵی بیرکردنەوەی زمانەوانەکانمان بێت، دەبێ منداڵێکی تازە دەست بە خوێندنی زمانی کوردی دەکات یا بابایەکەی ئەو سەر جادانەی کوردستان چ بڵێ!

کۆنفرانسێك لە باشووری کوردستان ساز دەکرێت و باس لە ڕەوشی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان دەکات، بەڵام دەیەوێت ناوی جادە و هەموو تابلۆیەکی شوێنە گشتییەکانی باشووری کوردستان بە هەردوو تیپی کوردی و لاتینی بنووسرێن، هیچ یەك لەو مامۆستا و پرۆفێسسۆر و زانایانەی لەو کونفرانسەدا بەشدارن، ناڵێن بۆ تیپی لاتینی، لە کاتێکدا تۆ لە کوردستانێکدا دەژیت گرێدراوی عیراقی عەرەبییە!

پرۆفێسسۆرێك باسی ئەڵمانیا دەکات، کە گوایە بە دوو زاراوەی زمانی ئەڵمانی میدیا و خوێندن و کاروباری زمان ئەنجام دەدرێت و وەك نموونەش باس لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئەڵمانیای ڕۆژاوا دەکات.! ئەمە هەرگیز وا نییە

و ئەڵمانیا لە یەك زمانی ستاندارد و ڕەسمی پتری نییە و هەردوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەڵمانیاش بەڵێ دوو جۆرە شێوەی حوکمڕانییان تێدا بوو و دوو جۆرە ئایدیۆلۆگیای جیاواز بەڕێوەیانی دەبرد و تێیاندا زاڵ بوون، لێ یەك زمانیان هەبوو و هەیە و خاوەنی یەك فەرهەنگن. مامۆستایەك داوا دەكات، كە هەرچی بڵاوكراوە و نووسین لە باشووری كوردستان هەیە بڵا بە هەردوو تیپی كوردی و لاتینی بنووسرێن و پەخش بكرێنەوە، چونكە ٢٠ میلیۆن كوردی باكووری كوردستان تیپی كوردی(ئەلفبێی عەرەبی) نازانن و ناتوانن بخوێننەوە! من لەو مامۆستایە دەپرسم لەو ٢٠ میلیۆنە كوردە، چەندیان كوردی دەزانن و بە كوردی دەئاخڤن و كوردی دەخوێننەوە و دەنووسن!

زۆرێك لەوانەی بانگی ئەو جۆرە كۆنفرانس و خڕبوونەوانە دەكرێن، هەموو پەرۆشییەكانیان لە چواردەوری ورگ و گیرفانیان دەخولێتەوە، بەوەی، كە پارەوپووڵی سەفەرەكانیان بۆ هەولێر بدرێت و چەند ڕۆژێك لەو هوتێل و ڕیستۆرانتە ئارام و كەشخە و پڕخۆراكانەدا بەسەر بەرن و دواتریش لە گەڕانەوەیاندا بەركیان پڕ بكرێ لە كەسكە سەد دۆلاریی بێلۆچ و سفت و نوێ.

كوردی باكووری كوردستان، ڕۆژهەڵاتی كوردستان یا ڕۆژاوای كوردستان، چییان داوە لەوەی باسی ڕەوشی زمانی كوردی، خوێندنی زمانی كوردی، زمانی ستانداردی كوردی لە باشووری كوردستان بكەن ؟

ئەوەی لەمەڕ زمانەوە لە باشووری كوردستان دەگوترێ و دەگوزەرێ و دەسەڵاتی باشووری كوردستان كاری بۆ دەكات و پیرۆزی دەكات، بێجگە لە داڕووخانی زمانی كوردی و فەرهەنگی كوردی، شتێكی دیكە نییە. ئەو سیاسەتە(ناسیاسەتە) زمانەوانی و فەرهەنگییەی دەسەڵاتی باشووری كوردستان و كارمەندان و ئەوانەی لەوێ بەسەر زمانەوە دەلەوەڕێن، پیرۆزی دەكەن و بانگەشەی بۆ دەكەن، بێجگە لە لەتلەتكردن و پاژكردنی نەتەوەی كورد و توانەوەی نەتەوەی كورد و نەهێشتن و لەنێوبردن و كوژتنی

نەتەوەی کورد، شتێکی دیکە نییە. کورد نامێنێت و لەبری کورد، نەتەوەگەلی کرمانج، سۆران، هەورامی، فەیلی، کەڵهوڕ، لوڕ، زازا، ئێزدی، شەبەك و....خودا دەزانی چی دیکە دروست دەبن و زمانگەلی کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، فەیلی، کەڵهوڕی، لوڕی، زازاکی و .....پەیدا دەبن و جێگەی زمانی کوردی دەگرنەوە.

ئەمڕۆ کورد زمانی ستانداردی خۆی هەیە، ئەویش ئەو زمانەیە، کە نالی، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، حاجی قادری کۆیی، مەسعوود موحەممەد، عەلائەددین سەججادی، شوکور مستەفا، هەژاری موکریانی، هێمنی موکریانی، گۆران و...پێیان دەنووسی و ئێستاش میلیۆنان کورد ڕێچکەی ئەوانیان گرتووەتە بەر و پێی دەنووسن، ئیدی باسکردن لە هەر گۆڕینێك و لە زمانێکی دیکەی ستاندارد و لە ئەلفبێیەکی دیکە، بێجگە لە لەگۆڕنانی زمانی کوردی شتێکی دیکە نییە.

چەندە دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەرپرسن لە کوژتن و لەنێوبردنی زمانی کوردی، ئەو کۆلکە مامۆستا و پرۆفێسۆر و زمانزانانەی کوردستان دوو هێندە بەرپرسن لەو تاوانە، چونکە ئەوان پاساو و بەڵگەی سەقەت و بیری چەوت بۆ ئەو کارە ناڕەوایە دەبیننەوە و خەڵکی کورد چەواشە دەکەن و بەرەو هەڵدێری دەبەن، بەڵام بەرپرسی یەکەم و سەرەکی لەو قەیران و ڕەوشە هەرەخراپەی زمانی کوردی و چارەسەرنەکردنی کێشە و دەردەکانی، لە ئەستۆی باڵاترین دەسەڵاتداری باشووری کوردستانە، کە مەسعوود بارزانییە. ئەو، ئەگەر پەرۆشێکی بۆ زمانی کوردی هەیە، دەبێ ئەوە بزانێت، کە کورد زمانەکەی پێش هەر شتێکی دیکەی دێت و گرنگترین شتێك، کە کورد هەیەتی، زمانەکەیەتی، مەسعوود بارزانی، دەتوانێت بە بڕیارێك ئەو هەرا و ماڵوێرانییە ببڕێتەوە و ئەو زمانە کوردییە لەبار و شیرینەی ئەو هێژایانەی پێشتر ناوم بردن، بە ڕەسمی بکاتە زمانی تەواوی باشووری کوردستان و ببڕێتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لەمەڕ زمانی کوردییەوە لە باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێ و پیادە دەکرێ، مالوێرانییەکە لەو گۆڕەی. سڕینەوەی هەموو بیرگەی کوردە و تاوانێکە لەهەمبەر هەموو تاکێکی کورد و خاکی کوردستان و داهاتووی کورد پیادە دەکرێ و زمانی کوردی و فەرهەنگی کورد و نەتەوەی کوردی تێدا لەخاچ دەدرێ.

دەسەلاتداران و بەرپرسانی باشووری کوردستان، بچووکترین خەمی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردیان هەبووایە و زمانی کوردییان بەهەند وەرگرتبا، زارۆکەکانی خۆیان نەدەناردە خوێندنگە تایبەتییەکان، کە سالانەی خوێندنی تاکە زارۆکێك پتر لە حەفت هەشت هەزار دۆلارە و تەواوی وانەکان و زمانی ئەو خوێندنگانە ئینگلیزییە، بۆ نموونە خوێندنگەی شوێفات، کە لە نێوان هەولێر و پیرمامدایە. لەوێ مندالی کامە زلەبەرپرست گەرەکە دەیبینییەوە. هەموو خەلکیش دەزانن، کە ئەو جۆرە خوێندنگانە لە بنەوە چ نەخشەیەکیان هەیە و چ لایەن و خەلکانێك و باوەڕێك لە پشتی کار و دید و بارهێنان و پێگەیاندن و فێرکردنەوەکانیانەوەن و بۆ چ مەرامێك ئەو کارە دەکەن. مندالانی هەژارانی کوردستان لە خوێندنگەکانیاندا نە ئاوی خواردنەوە و نە ئاودەستی تێدان.

ئەگەر بڕیار بێت ئەم زمانە ستانداردەی ئێستای کوردی نەمێنێت و ببێتە جووتستاندارد(بە دیدی جووتزانایان و جووتسیاسییان و جووتمۆدێرنان و جووتپرۆفێسسۆران و جووتمامۆستایانی کورد) و ئەگەر بڕیار بێت، لە تەنیشت ئەم زمان و ئەلفبێیە ستانداردەی ئێستای زمانی کوردیدا، ئەلفبێ لاتینی بەکار ببرێت و زاراوەگەلی هەورامی و فەیلی و کرمانجی و دملی و هەموو ئەوانی دیکەش ببنە زمانی ستاندارد و ڕەسمی، ئەوا من بەشبەحالی خۆم زۆرزۆرم پێ باشترە و پێ خۆشترە و پێ ڕاسترە، کە کورد دەستبەرداری ئەم زمانۆکانەی خۆی ببێت و زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی ببنە زمانی خەلکی کورد و شتێك بە ناوی زمانی کوردی تەنێ لەنێو

مالّاندا بمێنێتەوە و ئەویش بە تێپەڕبوونی کات و ساڵان بەرەبەرە نــەمێنێت و لەبــەین بچێت. من هیچ لەم قسەیەم پەشیمان نیم، چونکە نەتەوەیەك، بەتایبەت خرێندووانی، هێندە بیرکــۆڵ و نــەزان و گێــل و گــەوج بــن، هــەرگیز شایســتەی ژیــان و مانــەوە و سەربەخۆیی و ئازادی نییە.

*** ژێدەر: ئەم وتارە لە سایتی دەنگەکان وەرگیراوە.**

# مستەفا بارزانی و زمانی ستانداردی کوردی

سەلام ناوخۆش

من بە باش و خراپ باسی ڕۆڵی سیاسی مستەفا بارزانی ناکەم ، چونکە بابەتی ئێمە لە سەر زمانناسیە و پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە . ناوچەی بارزان لە ڕووی جوگرافی و کارگێڕییەوە پەیوەستە بە پارێزگای هەولێرەوە ، بەڵام لە ڕووی زمانەوە پەیوەستە بە دهۆکەوە یان ڕێکتر بڵێین : بە بنزاری بادینەوە ! !زمانی خەڵکی بارزان نزیکترە لە بادینی ، بنزاری سۆرانی !

هەرچەندە بارزانی کەم نوسین و وتەی هەیە ، کە لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین.

دەکرێ باسی دوو قۆناغ لە ژیانی سیاسی مستەفا بارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩ ) بکەین، یەکەم. ڕۆڵی ئەو لە بزافی ڕزگاریخوازی لە کوردستان دووەم . چوار ساڵی حوکمی زاتی.

لە شاخ زۆربەی ڕاگەیاندنی حیزبی بە زمانی کوردی بووە ، ئەمەی وایکردووە ، کە ئەوانەی دژیشی بوونە هەر ڕاگەیاندنی حیزبی خۆیان بەو زمانە بکەن ، نەك

بیکەنە گێـرەی زارەکـان وەك ئـەمڕۆ حیزبـەکان و حکومـەت و تەلەفزیۆنـەکان وا دەکەن ! ! !

دووەم. لـە قۆنـاغی حـوکمی زاتـی–خودموختـاری ، هەنـدێ لـە ڕۆشـنبیران چوونە لای مستەفا بارزانی بۆ ئـەوەی یاسـای زمانـە ناوچـەییەکان جـێ بـە جـێ بکەن ! !و بنزاری بادینی بکەنە زمانی ستاندارد لە بادینـان ! بـەڵام گـوتی: کـورد یـەك زمـانی سـتانداردی هەیـە ، نـەك دوو !ئـەوەی ئێسـتا هەیـە ، ئـەو زمـانی ستانداردی کوردییە !

ئـەو زمانـەی مسـتەفا بـارزانی قسـەی پـێ دەکـرد و ڕاپـۆرتی حیزبـی پـێ دەنووسی زمانی کوردی– مەلایی بوو . ئەو جۆرە زمانە هـەر زمـانی سـتانداردی کوردییە ، بەڵام لە نووسین و قسەکردن هەندێ کەس وشەی عەرەبی بەکاردێنن ! ئەم جۆرە ئاخاخفتن و نووسینە ، هەموو کوردێك تێدەگا و تایبەتە بەوانەی ئەو پۆستەیان هەیە ! ! !

**هەندێ لە بەڵگەنامەکانی بارزانی کە باس لە زمانی کوردی دەکەن**

مەسعود بارزانی لە کتیبی : **بارزانی و بزتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ، بـەرگی سێیەم**

هەندێکی کەم لە بەڵگەنامەکان تۆمار دەکات . لێیان ئەوە ئاشکرا دەبێ ، کـە مستەفا بـارزانی زۆر کـەم بـە کـوردی نامـەی هەیـە ، چـونکە ئـەوەی بەرانبـەری کوردی نەزانیوە بە عەرەبی ......نامەی بۆ نووسیوە ، ئەو هەنـدە نامـەی هەیـە بە کوردی–مەلایی.

کاتێ ، کە سەرۆك و نوێنەری کورد بووە ، لە شاخ چەند داواکاریەکی کـوردی کردووە ،وەك سەرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە شاخ ، زمانی کوردی بەشـێك لـە داواکانی بووە و ئەو داوایەش لە سەرووی سەرۆك عەشیرەتێك بووە ! ! !

له نامەیەكدا بۆ مشیر عبدلسەلام عاریف سەرۆكی كۆماری عیراق ، لە خاڵی چوارەم دەنووسیّ:"زمانی كوردی ، زمانی ڕەسمی دەبێت لە ویلایەت یان پارێزگا لە گەل بەكارهێنانی زمانی عارەبی ، و ڕەچاوكردنی ماڧ كەمایەتیەكان لە بە كارهێنانی زمانی خۆیاندا ." هەرچەندە ئەو داوایە لە ڕووی زمانەوە زۆر گرینگە و زمانی كوردی دەكاتە زمانی ڕەسمی ، هەروەها ماف بە كەمایەتییە قەومی و ئایینەكان دەدات ، كە زمانی خۆیان بە كاربهێنن، بەلاّم لە ڕووی سیاسیەوە بووە بەشێك لە هۆی لێكهەڵوەشاندەوەی ١٩٦٤ ، ئەوەی ناسراوە بە ئینشقاقی ڕێزی ناسیۆلیزمی كوردی لە شاخ،ئەمەش بە جۆرێك هەتا ئێستاش كاریگەری ماوە ! ! !بارزانی، حكومەتی عیراقی ئەوسا ناچار دەكات ، پڕۆژەیەك پێشكەش بە شاندی كوردی بكات ، لە خاڵی شەشەم دەنووسن : " پیادەكردنی یاسای زمانە ناوخۆییەكان بەردەوام دەبێت و خوێندن لەو ناوچانەی زۆرینەی كوردیان تێدایە تا ڕادەی خوێندنی ناوەندی و بە پێی ئارەزوو ، بە زمانی ناوچەیی دەبێت" . هەرچەندە بە ناو ناوی زمانی كوردی لە پڕۆژەكە ناهێنێت ، بارزانی ، ئەو چارەسەرەی حكومەت ڕەتدەكاتەوە ! ! هەروەها عەبدلڕەحمان بەزاز لە ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ چارەسەرێكی تازە بۆ مەسەلەی كوردی دەكات ، كە بۆ ئەوسا گرینگ بوو ، هەرچەندە تەواو داواكانی كوردی لە خۆ نە گرت بوو! ! دەربارەی زمانی كوردی ، لە خالی سێیەم ئەوها هاتووە :"پێویست بەوە ناكات بلچێین حكوومەت دان بە زمانی كوردیدا دەنێت وەك زمانێكی ڕەسمی شان بە شانی زمانی عارەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی كوردیان تێدا دادەنیشیّ و خوێندنیش بە هەردوو زمان دەبێت بە پێی ئەوەی یاسای ئەنجوومەنە شارەوانییەكان دیاری دەكەن." ئەو حكوومەتە ، زمانی عارەبی بە هاوشانی زمانی كوردی لە خوێندن دادەنێت ! !لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو داوایەی

حکوومەتی عیراقی هەرچەندە لەوانی پێش خۆی باشتر بێ ، ئەوا لە ڕووی زمانەوە باش نییە ، هەرچەندە دان بە ڕەسمی بوونی زمانی کوردی دا دەنێت لەو ناوچانەی زۆرینە کورد بن و حیزبی کوردی لە بەغدا بن! ! حکوومەتەکەی عبدالرەحمان عاریف بە جۆرێکی دی مامەلەی لەگەڵ بارزانی دەکرد، هەر بارزانی یاداشتێك بۆ حکوومەت پێشکەش دەکات:" لەخاڵی سێیەم دەڵێ:داننانی حکوومەت بە زمانی کوردی کە زمانێکی رەسمییە و زمانی فێرکردنە لەو ناوچانەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن ، سیفەتێکی یاسایی پێنەبەخشراوە و بێگومان هیچ شتێکیش لە ڕووی پیادەکرنەوە نە کراوە." ئەو یاشتەی بارزانی ڕەوشی زمانی کوردی لە گەمەی سیاسی پیشان دەدات و هەروەها پێکۆل و هەولەکانی ڕژێمی عیراق پیشان دەدات! ! هەروەها ، ئەوە دەردەخات ، کە حکوومەتی عیراق هەر قسەی هەیە ، لە لایەنی پیادەکردنیش هیچ هەولێکی نە ناوە! !

هەرچۆنێك بێ ، بارزانی توانی حکوومەتی بەعسییەکان ناچار بکات دان بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد دابنێت و زمانی کوردی لەو ناوچەنەی زۆربەی زۆری کوردن بکاتە ڕەسمی.بە جۆرێك لە دەڤەری سۆران و بادینان تەنها زمانی کوردی ، زمانی پەروەردە بووە ، نەك سەروەری هیچ زارێك ، حکوومەتی بەعسیش بۆی نەبوو بە ئاشکرا، لە ژێر پەردەی یاسای زمانە ناوچەییەکان ، شەڕی زارەکان بە کورد بفرۆشێت! ! !لە ناو کوردانیش ، هەژار موکریانی لە ڕیگای وتارێکەوە لە " نووسەری کورد" باسی گەندەڵیەکانی هەندێ لە دەسەڵاتی کوردی بۆ بارزانی باس دەکات! !

**هەندێ لە وتارەکانی بارزانی**

**وەك لە پێشەوە باسمان کرد، مستەفا بارزانی ،لە بەر هەندێ هۆیەوە ، زۆربەی وتار و یاداشتەکانی بە زمانی کوردی نییە ! !بۆیە کەم وتار و یاداشتەکانی بە زمانی کوردی بووە. بارزانی ، ئەندازیاری ئەوەییە ، کە زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی !لە کوردستان .**

**زارەکان هەر ببنە زمانی ئاخاوتن ، نەك زمانی پەروەردە ! ! لە ساڵی ١٩٦٧ بارزانی وتویەتی:**

**"برایانی عەزیز" سەلامتان لێ ئەکەم**

زۆر ئیفتیخار ئەکەم بەو کوڕی کوردانە کە لە مددەتە زۆرەدا لە دەست پێکردنی شۆڕشمان حەتا ئەمڕۆکە هەموو ئەزیەت و ئازاریان قبوڵ کردووە :گەرما ، سەرما ، گرتن ، کوشتن ، بڕین ... ئەو مێرانی و تەحەمول و ڕەشادەتە جێگەی فەخرە بۆ هەموو لایەکمان و بۆتاریخی میللەتی کورد لە حازریش و لە موستەقبەلیشدا . ئەوە کە تا ئێستا کراوە هەموو جێگەی فەخرن و مایەی ئەوەیە ئینسان دڵی پێ خۆش بێ و سەری پێ بەرز ببێ ...

ئەو پیاوەتی و غیرەت و ئازاتییە کە ئەو میللەتی کوردە کردوویە .....|" ئەو جۆرە وتارە ، وشەی بە هەردوو زارەوە تێدایە ، هەروەها هەندێ وشەی عەرەبی تێدایە ! بەڵام ئەمە بۆ ساڵی ١٩٦٧ باشە ! و بە زمانی ستانداردی کوردیە، نەك بە زارێکی تایبەتەوە ! !هەروەها، بە حوکمی نزیکی بارزانی یەوە لە ئایینەوە بەو جۆرە زمانەوە دواوە ! ! !

لە شونێکی ترەوە مستەفا بارزانی دەنووسێت :" لە ساڵی ١٩٤٨ بە مناسبتی ئەوەی کە ئەمرو ایمە......جلسەی خومان دەکەینەوە.....من تبریکی ایوە وە

میللـەتی مبـارزی خومـان دەکەم......بـە فعـالتی کومیتـەی ایمـەوە مصـیر ومقدراتی|......حل دەبی....بو هەمتان اشکرایە کە تاریخی شرقدا

ئەوە ، نەك بارزانی بەڵكو هەر کەسێکی تر لە سـاڵی ١٩٤٨ ژیـا بێـت ، ئـەوها دەدوێـت! و دەنووسـێت! ئـەوەی لـەو سـەردەمە ژیـا بێـت و دەرچـووی هـیچ زانکۆیەك نەبێت و زۆربەی زۆری گوێگرانی سـەر بـە کورمـانجی بـن ، بـۆ ئـەوەی تێبگەن دەبێت ئاخێوەر بەو زمانە بدوێت!!

**ناسیۆنالیزمی کوردی و حکوومەت**

ئەو پارتە قەومیینای دوای مستەفا بارزانی، لە بەراییـدا ، ئەوەنـدەی مـژۆڵی بیری سیاسی بـوون ، خـەریکی شـەڕی یـەکتر بـوون ،شـەڕەکانی ١٩٧٦-١٩٨٦ باشترین بەڵگەیە! ئەوەندە خەریکی یەکتر بوون ، ئەوەندە مژۆڵی زمان نە بـوون ، لە زمانی کوردیان نە دەکۆڵیەوە! کە هاتنە سەر حوکمی کوردستان ناویان لـە باشـوری کوردسـتان نـا " هـەرێمی کوردسـتان "!! لێـرەدا ، هـەر خـەریکی بەرژەوەنـدی خۆیـان بـوون. ڕاسـتە ، ئێسـتا لـە دەسـتوری کـاتی " هـەرێم " و عێراقدا ، زمانی کوردی بۆتە زمـانی ڕەسمـی ، ئەمـە بـە راسـتی زۆر گرینگـە !! بەڵام سبەی شیعەی عێراق دەسەڵاتی سەددامیان هەبێ ، وەکو ئـێران ئـەو مافـە هـەر لـە سـەر کاغـەز دەهێڵنـەوە !! لـە "هـەرێم"یش ، زمـانی پـەروەردە لـە سەردەمی زووەوە ، ئەوا قوتابی گەیشتنە قۆناغی نۆیەم، خوێندن بـە دوو زاری " سۆرانی " و " بادینی " یە!!

بارزانی لە کوێ و پارتە ناسیۆنالەکان لە کوێ ؟بارزانی بە هەر زمانێك دوا بێ ، ئەو نەیهێشتووە دوو زار لە پەروەردەوە نزیك بێتـەوە ، کەچـی سیاسـەتی دوو پارتەکەی فەرمانڕەوا خەریکە دوو نـەوەی جیـاواز لـە کـورد لـە ڕووی سـەروەری

دوو زارەوە بەرهـەم دەهێنێـت ، کەچـی لـە ڕووی کوردایـەتیوە هـیچ جێگـەی شانازی نییە چونکە منداڵی کورد بەرەو دوو نەتەوە دەچن .

# گیروگرفتی نیگاری دەنگەکانی زمانی کوردی لە(ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی بەرەو ڕێنوسێکی یەکگرتووی کوردی)ی ئەکادیمیای کوردیدا،کە ڕۆژانی ٢/١٢ ٤و ٩/٨ ی٢٠٠٩ کە لە هەولێر سازی کردووە

محەمەد وەسمان

**ڕێنووس چییە؟**

ڕێنووس،سیستەمی هێماکانی زمانە،دەفری پاراستنی بەرهەم وداهێنانە هزرییەکانە.

هەر ڕێنووسە ئامرازی گواستنەوەی کولتووری نەتەوەییە بۆنەوەکانی داهاتوو، ئامرازی لێکگەیشتنی ئەمڕۆی کۆمەڵگەیە وڕێگای گەیاندنی ڕۆشنبیری و هزرو کولتوورە بۆ نەوەی داهاتوو .

لەوردبوونەوە لەم ڕاسپاردانەی تایبەت بە ڕێنووسی کوردی ئەم چەند تێبینییانەی خوارەوەم لادروست بوون:

١ـ سەرەتا لەم راسپاردانەدا،ئەکادیمیا هاتووە وشەی (تیپ)ی زیندووکردۆتەوە لەبری (پیت) لە بەرانبەر (حرف) کە دەیان ساڵە (پیت)شوێنی خۆی گرتووە و لە قۆناغەکانی خوێندندا بەکار هاتووە،وەك ئەوەی گەنگەشە کۆنەکە زیندوو بکاتەوە .

٢ـ لە ل ٩ \د– پێش کۆتایی و تیایدا هاتووە :

{چونکە زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت، وا دەنووسرێت، بۆیە بە پێویست زانرا، بە دانانی هەندێ نیشانە ( ه )تیپی تریش سازبکرێت ...}

دواتر لە ل \١١\د– نۆیەم پێش کۆتایی لاپەڕە، نوسراوە:

{ڕاست نییە بۆ هەر دەنگێك تیپێك دابنێین}

واتە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەم و بەهانەشی چییە؟

هەر دوای ئەم دەستەواژە دەنووسێت :

{زۆرکردنی شێوەی تیپەکانیش دەبێتە هۆی خاوو خلیچکی و لەنگی و گرانی خوێندنەوەو نوسین}

دیارە بەهانەیەکی زانستی نییە هەر لێکدانەوەیەکی سەر زارەکییە.دەنا دەبوایە فۆنیم بوون و نەبوونی دەنگەکە بکاتەپێوەرو بەهانە.

١ـ لە ل ٩ \د– پێش کۆتایی لاپەڕەدا هاتووە :

(تیپەکانی زمانی عەرەبی،(٢٨) تیپن)، تۆماریانی کردوەو دەنوسیٚ:

{(٢١)یان بۆ زمانی کوردی گونجاون بەلاَم (٧)یان بۆ زمانی کوردی ناگونجێن کە ئەمانەن (پ،ژ،ص،چ،گ،،ڤ،ع )،

دیارە (٥) پیتەکەی دەسکاری کراون ئەو (٧) پیتە نین کە تۆمار کراون بەڵکو هەر خۆی ئاماژەی بە پیتە دەسکاری کراوەکان کردووە، واتە دەستەواژەی (دەسکاری (٥)تیپی ئەو (٧)تیپە نەگونجاوە کراوە ) هەڵەیە.

١ـ لە ل(٩) بڕگەی کۆتایی هاتووە :

{پاشان، دەسکاری (٥)تیپی ئەو (٧)تیپە نەگونجاوە کراوە (٥) تیپی کوردیان لیٚ سازکرا: (پ لە ب،چ لە ج،ژ لە ز،ڤ لە ف،گ لە ك)......،بە دانانی هەندیٚ نیشانە (٥) تیپی تریش، چونکە زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت وا دەنوسرێت، بۆیە بەپێویست زانرا، بە دانانی هەندیٚ نیشانە (٥) تیپی تریش سازبکرێت: (ڕ) بۆ ڕێی قەڵەو (ڵ) بۆ لامی قەڵەو و (ۆ) بۆ واوی کراوە و (ێ) بۆ یێ کراوە ( ە ) بۆ بزوێن }

یەکەم دێرو دووەم دێری ل(١٠)ی گرتووە.

لەم دارشتنەدا وا دەخوێندرێتەوە کەوا بە هەوڵ و کۆششی ئەم راسپاردانە ئەم ئەرکە مەزنە کراوە، واتا دەسکاری کردنەکەو دانانی نیشانەکان داهێنانی ئەم کۆنفراسەیە !

لەبەر ئەوەی بە دێڕێکیش چییە ئاماژە بەوە نەدراوە کەوا ئەم دەسکاری کردنە و دانانی نیشانانە لەلایەن ئەوانەوە دانەنراوەو بە پرۆسەیەکی مێژوویی دروست بووەودەیان زاناو زمان زانان پێیەوە ماندوو بوون تا ئەم دەسکاری کردنەو نیشانە دانانە هاتۆتە کایە.بۆ نموونە دەبوایە(بەلایەنی کەم) بنوسرێت :

{پاشان، لەسەر دەستی دەیان زمان زانی کورد و دەیان ساڵ پێش ئێستا، دەسکاری (٥) تیپی ئەلفوبێی عەرەبی کراوەو بە دانانی هەندێ نیشانە (٥ تیپی تریش سازکراوە.....}

بۆ ئەوە ماندوو بوونی دەیان ساڵی زمانزانە ماندوو نەناسەکانی رابردوو فەرامۆش نەکرێت.ئەوەتا ڕەوانشاد د.ئەو ڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی) هەر لە هەشتاکانەوە ئاماژە بەوە دەکات کەوا هەر پیتێکی ئەم دەسکاری کردنەو نیشانە بۆ دانراوانە مێژووەکی هەیەو سەربردەیەکی هەیەو کە ساڵانێك پێوەی ماندوو بووین. یەکە یەکە رێکەوتی سەرهەڵدانی ئەم پیتانەی لە نوسینی کوردیدا نیشان کردوە

(دیارە وەك خۆی ئاماژەی پێداوە بە پێی ئەو سەرچاوانەی دەستی کەوتوون ).

د.ئەو رەحمانی حاجی مارف دەنووسێت:

((کۆنترین دەستنووسی چاپکراوی کوردی ئەوە دەگەیەنن کە نووسەرانی کورد، وەك فارسەکان بۆ هەندێك لەو دەنگە کۆنسۆنانتانەی لە زمانی عەرەبیدا نەبوون و لە ئەلفوبێیاندا نیگارییان دەست نەکەوتوە، بە دانانی سێ خاڵ، وەك (پ،چ،ژ،ڤ.....) یاخود بە دانانی خەتێك، وەك(گ) بۆسەر (ك) چارەیان کردووە، بەوێنە دەست نووسەکەی (عادات و رسومات نامەی اکرادیە)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی کە لە ساڵی ١٢٧٤ك/١٨٥٨-١٨٥٩ زاینی نوسیویەتی .

تێکرای ئەو پیتە کۆسنانتە کوردیانەی تێدایە کە لە ئەلفوبێی عەرەبی دا نین بۆ نموونە بڕوانە:

ل ١٩٦، د ٤ – ((پوشمانی))،

ل ١٩٦، د ١٤ – ((پردە))،

ل ١٩٦، د ٢ – ((کچی))،

ل ١٩٦، د ٣ – ((بیژن))،

سەرچاوەیەکی کۆنی دی، کە هەمان دیاردەی تێدا بەدی دەکرێ، ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، یەکەم ژمارەی لە ٩ نیسانی ١٨٩٨ ز دەرچووە:

ل ١، س١، د ٦و٧ – ((چە دبە نابە))،

ل ١، س١، د ١٣ – ((نەخونە))،

ل ١، س٢، د ٤ – ((جریدەکی))، )

دواتر لە ڕۆژنامەی ((تێگەیشتنی ڕاستی ))دا باش پەرەی سەندووە و خۆی ئامارەی بەوە داوە کەوا ئەم کارەی بە پێویست زانیووە بۆ پەرەدان بە خوێندنی کوردی

دەنووسێت ((سر)و ((بور))و ((ژیر))ی حەرفەکان بە( ه )،(و)،( ی)دەنووسین ) {ژ ٦٣، ١٩١٩، ل١}

لە (ژ١،ل١، س١ ، د ٢١ – (( خلقی ی)) واتە (ی)ی تیژی بە دوو (ی) نووسیوە .

لە فەرهەنگی ((الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه)) ١٨٩٣ (استانبول، ١٣١٠هـ ) بۆ نیشاندانی دەنگی (ۆ) و (ێ) لە ژێر نیگاری (و) و (ی)دا نیشانەی (٨) داناوە .

ل ٤٢، س٢، د٢ — ((تۆبە))،

ل ٣٢، س١ د١٤ — ((پیراں))،

لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەنبۆلێ، ژ (١٨) مایس ١٩١٩ بۆ پیتە بزوێنەکان (٨) پیت و بۆ کۆنسونانتەکان (٣٤) پیتی دیاری کردووە،

(و —٨ لەسەر) بۆ ۆ

(ۆ) بۆ دیفتۆنگی(وی)

(ی —٨ لەسەر) بۆ ێ

(ێ) بۆ بزرۆکە

لە کتێبی ((انجیل یوحنا))، ١٩١٩ چاپ کراوە،لاپەڕە ٨، د ٦ — (بلێ) نوسراوە واتە چوکڵە خراوەتە سەر پیتی (ل) بۆ نیشاندانی دەنگی (ل) قەڵەو .

( ئـ ) هەمزە (ئ) لە سەرەتای وشەوە دێت بۆ یاریدەی دەربڕینی دەنگە بزوێنەکانی سەرەتای وشە، یا بڕگە، دەنگە، بەڵام فۆنیم نییە .

لە ژمارە (١٨) گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوولدا، کە (٨)ی مایسی ١٣٣٥ی لەسەر نوسراوە کە دەکاتە (٨) مایسی ١٩١٩ وتارێکی داوەر ئەردەلانی بەناوی ((چۆن بکۆشین؟))هەیە لە ل (١٦) و لە نووسینی هەندێ وشەدا نیگاری ( ئـ)ی بەکار هێناوە :

(د ٨ — ((ئەمرد))،

(د ١١ — ((ئەم))،

(د ١٤ — ((ئەکۆشین))،

(د ٢٠ – ((ئەمندە))،

هەروەها هەمان نووسەر لە گۆڤاری (کوردستان)، کە لە هەمان ڕێکەوت دەرچووە پیتی ( ئـ) بەکارهێناوە .

کەواتە لە کارێکی وا گەورەی ئەکادیمیادا دەبوایە بە دەستەواژەیەک، بە دێڕێک ئەم ڕاستییە مێژوویە فەرامۆش نەکرێت.

١ـ هەر دوابەدوای هەمان بڕگە لە کۆتایی دێڕی دووەم ل(١٠) هاتووە (ێ) بۆ (ێی) کراوە (ە) بۆ بزوێن. وەک ئەوەی تەنیا (ە)ی بزوێن بێت لە ئەلفوبێی کوردیدا.

٢ـ لە ل(١٠) دێڕی (٦)دا دەنووسێت:

{تیپە خاڵدارەکان (١٦)ەن، بە هەموویان (٣٠) خاڵیان هەیە. }.

نوسەرانی کورد زۆر لەمێژە، کێشەی چۆنییەتی نووسینی زمانی کوردیان لەبەرچاو گرتووە و هەوڵی نەهێشتنی گیروگرفتەکانیان داوە تا لە پاشاگەردانی ڕزگاریان ببێ و ئەلفوبێ والێ بکەن بتوانرێ دەنگە کوردییەکانی بە جۆرێکی وا پێ دەربڕێ، خوێندەوەری کورد بتوانێ ئەوەی دەیڵێ بیخاتە سەر کاغەز.

بەداخەوە تا ئێستاش ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی نییە،ئەم هەوڵەی ئەکادیمیاش درێژەی هەوڵی دەیان ساڵە لەم بوارەدا، کە لەلایەن زانایانی کورد و کوردناسان هەوڵ و کۆششی بۆدراوە .

ئاشکرایە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەر دەنگێک چەند نیگارێکی هەیە . بە وێنە (یاو)بە چوار جۆر دەنووسرێت:

یـ – سەرەتا

ـیـ – ناوەند

ـی – کۆتایی لکاو

ی _ کۆتایی سەربەخۆ

واتە دەبێ هەریەك لەم پیتانە جاران (×) (٤) بکرێت بەپێی ئەوەی هەر یەکەیان (٤) شێوە و نیگاری هەیە لەنووسیندا دەبێ خوێندارلەبەرچاوی بگرێت .واتە:

٣٠×٤=١٢٠ خاڵ

واتە سەدو بیست جار نووسەر خامە لەسەر لاپەڕە هەڵدەگرێت لە نووسیندا جگە لە قاڵبی پیتەکە خۆی واتە تەنیا بۆ نووسینی خاڵەکان سەدو بیست جار نووسەر خامە لەسەر لاپەڕە هەڵدەگرێت .

١- (تیپە کوردییەکان (٣٤) تیپن) و ئەمانەن :

( ئـ،ا،ب،پ،ت،ج،چ،ح،خ،د،ر،ڕ،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ك،ل،ڵ،م،ن،هـ، ە،ۆ،وو،ی،ێ)

٢- دیارە ( ئـ) دەنگی یاریدەدەرە، فۆنیم نییە،واتە نابێ بەتەنیا بنووسرێت ووێنەو نیگاری تایبەتی هەبێت، ئەوەی هەیە ئەمری واقیعە ئەف وبێی عەرەبی سەپاندوویەتی .

١- –ی– :

(بزوێنی (ی–î )لە زمانی کوردیدا یەك فۆنیمە،هەرچەندە هەندێ جار کورتە و هەندێ جار درێژ تەلەفوز بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆلی وتا گۆڕین نابینێت .واتە فۆنیمی دیکە دروست ناکات، لەبەر ئەوە پێویستی بە نیگاری دیکە نییە .

(پیر،تیر،شیر،سیر،هەنجیر) درێژ دەردەبڕدرێت،ئەگەر کورتیش بکرێتەوە وشەی نوێ دروست ناکات .

هەموو ((ی–î ))یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی درێژە و هیچ کات کورت نییە .

- ئەگەر وشەیەك دوو ((ی–î ))تێدا بێت و هێز (stress) بکەوێتە سەر یەکێکیان ئەودەم ئەوی دیکەیان کەمێك کورتر تەلەفوز دەکرێت . ئەمەش دیاردەکی فۆنەتیکیە و هەر بزوێنێك هێزی لەسەر بێت پتر دەردەکەوێت .

- ((ی–î )) کۆتایی وشە هەندێ جار کورت دەردەبڕدرێت، هۆی ئەوەیە کە:

١- هێزی لەسەر نییە .

٢- بووەتە(ی،V)ی کۆنسونانت .

کەواتە نوسینی ((ی–î )) بە دوو (یی) هەڵەیە، (زەوی،پەری،کانی،پایز،ماین،بی)

٣- کورتە بزوێنی (i) تۆفیق وەهبی ناوی ناوە (بزرۆکە) :

(دڵ،خڕ،دڕ،دز،پڕ،من،– یەك برگەیین)

(کردن،بردن،خستن،مردن ...فرەبرگەن)

لە ل/١٥ / برگە (٣) دەڵێت :

٢- تیپی (ی) بزوێنی (دەنگداری ) فرە کورت (بزرۆکە)، کە لە ئەلفوبێی لاتینیدا، نیشانەی (i) دراوەتێ، وەك :

- {من min،ژن jin،کوردستان kurdistan...}

کە لە نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی وێنەی نییە و پێویست ناکات، تیپێکی سەربەخۆی بۆ دابندرێت . ﴾

٢- لەم دەقەدا خۆی دەڵێ : (بزوێنی (دەنگداری) فرە کورت (بزرۆکە)، کەواتە فۆنیمە و واتا گۆڕە، وەك پیتەکانی دیکەش دەبێ نیگاری تایبەتی بۆ ئەم دەنگە دروست بکرێت، کە ئەلفوبێی عەرەبی لە توانای دانابێت نیگار بۆ ئەم فۆنیمە دابین بکات،کەم و کورتیە لە ئەلفوبێکەدا .

کەواتە دوو فۆنیم لە ئەلفوبێی عەرەبی نیگاریان نییە :

١- (ی–Î)ی بزوێن. بۆ نمونە :{ئاین Ayî n، ماین Mayîn، مەییو Meyîw، گەییو Geyîw، پایز payîz، کۆتایی Kotayî، لادێی ladeyî، لادێییە ladeyîye، ماسییەکە masîyeke } بۆ جیاکردنەوەی لە (ی،Y)ی نەبزوێن .

٢- بزرۆکە (i) . کە پێویستە نیگاری تایبەتی بۆ بکرێت.چونکە دەوری بڕگە جیاکردنەوە دەبینێت،بۆنموونە:

(ژن،ژان،ژیان)، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی جیاکردنەوەی بڕگە و واتا گۆڕین دەبینێ، کەواتە فۆنیمەو پێویستی بە نیگاری تایبەتی خۆی هەیە .

- دەشێ (یْ –Î)ی (سکون لەسەر))و (ی– Y) بەکاربێت

لە لاپەڕە (١٦) دەنووسێت :

﴿٦– نیشانەکانی (ی)ی، دەنگدار و (ی)ی بێدەنگ، واتە : (Î) و (Y) لە ئەلفوبێی تیپی عەرەبیدا، هەردووکیان هەمان هێمای (ی)یان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لێك جیاوازن و، لەکاتی بەدوای یەکتر هاتندا دەبێت، هەردووکیان پێکەوە بلکێندرێت، وەك :

(زەوییەکە،ڕێوییەکە،دیارییەکە......)

نەك (زەوی یەکە،ڕێوی یەکە،دیاری یەکە)

زەوی+ەکە=زەوی یەکە Zew î +eke=zew î yeke

مووو+ەکە=موووەکە mû+eke=mûweke

ئاشکرایە، ئەگەر وشەیەك کۆتایی بە بزوێنی (وو–û) یا (یی–Î ) بێت و نیشانەیەکی بە بزوێن دەست پێکردوو (ی) پێدا بلکێندریٚ، ئەو دەمە لە نێوان وشەو نیشانەکەدا کۆنسونانتی (و–W) یان (ی–y) دێتەکایەوە. بۆنموونە :

١- نیشانەی (ان)ی کۆ :

برایان – برا+ی+ان نیشانەی کۆ bira+y+an=birayan

بەرِووان – بەرِوو +و+ان berû +w+an=ber û wan

١- نیشانەی (ەکە)ی ناسیاوی :

ئارەزوووەکە – ئارەزوو+و+ەکە Arezû+w+eke=Arezûweke

زەوییەکە – زەوی+ی+ەکە zew î +y+eke=zew î yeke

١- نیشانەی (ە)ی نادیاری :

تووەوە – توو+ە=تووە Tû+w+o=tûwe

جوووە – جوو+و+ە cû+w+o=cûwe

١ـ دوو دەنگی بزوێن پێکەوە نایەن و لە حالەتی پاراستنیاندا (پاراستنی بزوێنەکان)، کۆنسونانتی (ی–y) و (و–W) دێتە نێوانیانەوە .

برا+ی+ان=برایان (نیشانەی کۆ)

بەرِوووان بەرِوو+و+ان(نیشانەی کۆ)

تەرازوەکە تەرازوو+و+ەکە (ی ناسیاوی)

جووەە جوو+و+ە (ی ناسیاوی)

١ـ لە ئەلفوبێی لەتینیدا تەماشای نیگاری ئەو چەند دەنگ کێشە لەسەرانە بکەین، گیروگرفتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین، بەو پێیە وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لەبارترە .

٢ـ کۆنسونانتی (ڕ) قەڵەو کە (ڕ) بۆ داندراوە لە هەر کوێیەك هات دەبێت وا بنووسرێت.

٣ـ لە کوردیدا بۆ نووسینی دەنگێ کە هێزی لەسەر بێت دوو جار پیتەکە دەنووسین، وەك : (میللەت،کەللە.......).

لە لاپەڕە (١٢)داهاتووە :

{١- (و)ی کورت (U)، کە بۆ ری عەرەبی دەگەڕێتەوە، وەك : (کوڕ، قوڕ، لوڕ،.....)، بە یەك (و)ی، بێ نیشان دەنووسرێت، بەڵام ئەم تیپە، لە شێوەی نووسیندا هەر شێوەی (و)ی، کۆنسونانتەکەی هەیە، بە لاتینی (W)، بەڵام لە رووی (سیاق)ەوە، لە یەکتر جیاوازن }

١ـ هیچ پێویست بە دەستەواژەی (کە بۆ ری عەرەبی دەگەڕێتەوە ) ناکات لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی خۆی هەیەلە زمانی کوردیدا و فۆنیمێکە وەك فۆنیمەکانی دیکە پێویست بەوە ناکات بە تایبەتمەندیەکی زمانی عەرەبی بپیورێت .

٢ـ دەستەواژەی (لە رووی (سیاق)ەوە لە یەکتر جاوازن ) هەڵەیە، چونکە هەر یەکەیان فۆنیمێکی سەربەخۆیە و پێویستی بە نیگارێکی تایبەتی هەیە، هیچ پەیوەندی بە (سیاق)ەوە نییە،لەم رووەوە .

لە برگە (٢) ی هەمان لاپەڕە هاتووە (ل(١٢))

{٢- (و)ی درێژ (Û)، کە بە دوو (وو) دەنووسرێت، وەك : (کووڕ،پوور،ژوور،مێژوو........تاد).

لە زمانی کوردیدا، (و-U) و (وو-Û)، دوو فۆنیمن، چونکە گۆڕینی (و) و (وو) جیاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوە و وشەی نوێ پەیدا دەکات، وەك : (کوڕ و کووڕ، - بۆ نموونە، بۆیە بۆ تێکەڵ نەکردنیان لە ڕێنووسدا، پێویستیان بە دوو نیگاری جیاوازە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

دەنگی \وو\ لە زمانەکەماندا، لە بنچینەدا هیچ کێشەیەکی نییە، هەرچەندە، دوو هێما (نیشانە) بۆ دەنگێك بەکارهێندراوە، بە پێی روخساری دەنگەکە، تاکو لە دەنگی (و) جیا بکرێتەوە .

ئەوەی ئەم کێشەیەی ناوەتەوە، دەرکەوتنی سێ واو بە دوا یەکە لەو وشانەی کە بە دەنگی (وو) کۆتایان دێت، لە باری خستنەسەردا، دەبێتە سێ واو، کە زۆر ئاساییە، ئەگەر واوی خستنەسەرەکە، کەمێك لە (وو)ەکە، دوور بخرێتەوە، وەك : (ڕەژوو و ئاگر، بەروو ومازوو،مێژوو وجوگرافیا.......) ئەوە کێشەیەك دروست ناکات.}

١- دیارە گەر (و-U) و (وو-Û ) دوو فۆنیم بن،کەوایە، کەواتە دەبێ دوو نیگاری جیاوازیان هەبێت.

لە هەر بارێکی دیکەدا چی لە باری خستنەسەر یان پێوەلکانی نیشانەکان نابێت قاڵبی وشەکە بشێوێندرێت و تایبەتمەندیکانی ون بکرێت. بۆنموونە:

کەو-کەوان - kew - kewan

کەوەکە - kewaka

بەڕوو+ان=بەڕووان Ber û wan

توو+ان=تووان T û wan

لە ل(١٣)، بڕگەی (٤) دا هاتووە:

{٤- واوی کۆنسونانت (نەبزوێن (W)، ئەگەر لەپێشی یان لەپاشی تیپێکی بزوێنەوە هات، بە واوێکی بێ نیشان، یەك (و) دەنووسرێت، وەك: (داو،راو،پیاو) }

لە هەمان لاپەڕە دێڕی (٦) و دواتر نووسراوە:

{ (و-W)ی،سەرەتای وشە،خۆی لە بنچینەدا یەك (و) واو و سیمای نیمچە کۆنسونانتی هەیە،بۆیە کاتێك بە لاتینی دەنووسین، پێویستمان بە بزرۆکەیەك دەبێت، وەك:

وریا - wirya،ولات - wilat

ئەم نیمچە کۆنسونانتانە پێویستی بە یارمەتی ئەو بزرۆکە دەبێت، ئازادی دەرکەوتنی دەدرێتێ و گۆ دەگرێت}

ئاشکرایە وەك لە برگە (٣) باسمان کرد (بزرۆکە-i) فۆنیمێکی سەربەخۆیە و واتا گۆڕە بڕوانە (ژن - Jin،ژان - Jan،ژیان - Jiyan)

کەواتە بەهیچ جۆرێك (بزرۆکە) دەنگی یاریدەدەر نییە بۆ دەربڕینی (نیمچە کۆنسونانتی ) (و)، لێرەدا ناوی لە (و)ی وشەی (وریا،ولآت) نا (نیمچە کۆنسونانت)و وای دانا کە (بزرۆکە) یاریدەدەری دەربڕینی دەدات دیارە هەردوو بۆچوون هەڵە ن :

بڕوانە برگە {٧- واوی سەرەتای وشە، وەك: (ولآت،وریا،ورچ،وتی....) پێویستە بە یەك واو (و) بنووسرێت نەك دوو (وو)،چونکە لە زمانی کوردیدا، بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت، دیارە واوی سەرەتای ئەو وشانە، (W)ە، کە نەبزوێنە، وشەش لە زمانی کوردیدا بە بزوێن دەست پێناکات.} {ل١٣-١٤}

لێرەدا دەبینین ناوی ناوە (نەبزوێن) واتە (کۆنسونانت)ی تەواو نەك (نیمچە کۆنسونانت)، کامیان دەبێ لەبەر چاو بگیرێت!

(و-W) — واوی نەبزوێن (کۆنسونانت) پێویستە نیگاری تایبەتی خۆی هەبێت جیاواز لە نیگارەکانی دیکە.

١٠- (و-U)ی بزوێنی کورت، لە ل١٤ برگەی (٨) )

{٨- (و)ی بزوێن، وەك: (کوڕ،گورگ،گورج.....)

لە (و)ی نەبزوێن، وەك: (وەرە،چاو،راو....) بە شێوە جیا ناکرێنەوە.}

(و– u )ی بزوێنی کورت و (وو– û )ی بزوێنی درێژ دوو فۆنیمن، واتا گۆڕن

(کوڕ،کووڕ) (kur،kûr)

١١ـ لە ل١٤ بڕگەی (١٠) دەڵێت:

{١٠–تیپی (وو) لەم وشانەی خوارەوەدا:

| جۆری یەکەم | جۆری دووەم |
| --- | --- |
| ووتی | وتی |
| وورچ | ورچ |
| کاووڕ | کاوڕ |
| باووک | باوک |

بۆ نووسینی ئەم وشانەش دروستر وایە بە جۆری دووەم بنووسرێت،چونکە:

١ـ لە نموونەکانی – (ووتی،وورچ)دا، دەنگی (و)ی یەکەم، نیمچە ڤاوڵە و دەنگی دووەم بزرۆکەیە (ڤاوڵە)، کە لەم ئەلفوبێیەدا وێنەی نەکێشراوە،کەواتە وشەکانی (وتی،ورچ) لە یەک بڕگە پێکدێن، نەك دوو بڕگە،هەروەهاش لە ڕووی بڕگەی دەنگسازیەوە،(phonology)، بەم

شێوەی لێ دێت :



و(نیمچە ڤاوڵ)　　بزرۆکە(ڤاوڵ)　　رچ(هێشوو) }

١ـ دەڵێ: بزرۆکە (ڤاوڵ)ە.

١ـ /و/ لە وشەی (ورچ) دەڵێ (نیمچە ڤاوڵە) واتە کۆنسونانت نییە! خۆ لە سەرەتای وشە هاتووە!

گومان لەوەدا نییە کەوا دەنگی سەرەتای ئەو وشانە (وشە،وشك،وریا،ووتە....)، (W)ە، واتە کۆنسونانتی (W)

بەڵام دەنگی دووەم ئایا (U)ە یان (I)ە

مێجەر سۆن لە دوو کتێبی رێزماندا کە یەکێکیان لە ١٩١٣ دەرچووە :

E.B soane:Grammar of the Kurmanji or Kurdish language. London 1913.

ئەوی دیانی دوای شەڕ – واتە ١٩١٩

EB.Soane,Elementary Kurmanji Grammar,Baghdad 1919.

بڵاو کردۆتەوە سەرەتای بەشێك لەو جۆرە وشانەی بە (U،W) نووسیوە. بە وێنە لە کتێبی یەکەمدا، بڕوانە: (ت١٥٤،د٢٤–(wuti).

(ل١٨٤،د٢٩–(wushtir).

لە کتێبی دووەمدا، بڕوانە:

(ل٩١،د١–(wurdik)

لە کتێبی یەکەمدا (ل١٧٨،د٨–(wirch)

واتە گەر نیگار بۆ (و–W) هەبا جیای کاتەوە لە (و–U) ئەوسا ئەو گیروگرفتە نەدەما.

گەر ئەوە بسەلمێنین ئەوساکە وشەکانی (ورچ،وتی) (wurich-wirich)

لە هەردوو حاڵەتی نووسیندا دوو برگەن،(و+(i))+(ر+(i)+چ) واتە دوو برگەیە

وتی: (و+(i))+(تی) دوو برگەیە.

تێبینی:/ لە زمانی کوردیدا (گوتن–gutin)و (وتن–wetin) دەوترێ، گۆڕانی دەنگی (گ) بە (و–W) هەیە. لە (گوتن)دا بە ئاشکرا دیارە دووەم دەنگ کورتە بزوێنی (و–U)ە. جا بەو پێیە لە (وتن)یشدا هەر هەمان بزوێن بەدوا (و–W)داهاتووە.

لە وشەکانی (حوشتر–وشتر،هرچ–(hiric)،هشك(hisik)، هەمان دیاردە دەبینین.

لە (ل١٥ برگەی (٢) دەڵێت:

{٢– نموونەکانی (کاوور،باووك) لەگەڵ دوو نموونەکەی (ووتی،وورچ)دا جیاوازن، چونکە \او\ لەم نموونانەدا، تەنیا لە نیمچە ڤاوڵ پێکهاتوون و، لەگەڵ وشەکانی پاشە خۆیاندا هێشووە کۆنسونانتیان دروست کردووە، لەبەر ئەوە ئەم وشانە لە یەك برگە پێکهاتوون، نەك دوو برگە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

لوتکە

سەرەتا کۆتا

ک ا وڕ(هێشوو)

دیـارە،(کـاووڕ–kawir) دوو بڕگەیـە، وەک: (بـاووک – bawik)، (وورچ – wiriç یـان wuriç)، (ووتی – witi) .

٤ـ کۆنسونانتی (ی) (نەبزوێن، بێدەنگ) (ی–y)، وەک: یاد،یار،یاڵ.

لە ل١٥،بڕگەی گرفتی تیپی (ی) هاتووە:

{١– گرفتی تیپی (ی): ١– تیپی (ی)ی بێدەنگ واتە (y)، وەک :( یاد،یار،یاڵ....) لە زمانی کوردیدا، یەک فۆنیمە نەک دوو، هەرچەندە هەندێجار کورت و هەندێجاریش درێژ گـۆ دەکرێـت، بەڵام واتا ناگۆڕێت و فۆنیمی دی ناهێنێتە کایەوە، بۆیە پێویست بە نیگاری تر ناکات.

٢ــ تیپـی (ی)ی دەنگـدار(واتـە: î )لـە وشـەکانی، وەک: زەوی،پـەری،کانی،خانی..)یـەک فۆنیمە،هەندێجار کورت نەک دوو، هەرچەندە هەندێجار کورت و هەندێجاریش درێژگۆ دەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕێت و فۆنیمی تر ناهێنێتە کایـەوە و پێویسـت بـە نیگـاری تـر ناکات،ئـەم دوو دەنگی /ی/یە، بە تیپی عەرەبی بە یەک شێوە دەنووسرێت، بەڵام بە تیپـی لاتینـی جیـاوازن، کە (y)و(î)یە.}

ئەم دوو /ی/یە دوو فۆنیمن، کەواتە پێویستیان بە دوو نیگار هەیە، وەک (تیپـی لاتینـی)، کـە پیتەکانی عەرەبی یارمەتیدەر نین لەم باوە، دەبێ چارە بکرێت.

دەکرێ بەم شێو لە یەکیان جیا بکەینەوە :

١ـ (یی،ی) بۆ کۆنسونانت (نەبزوێن – بێدەنگ )

٢- ( یی ^،ی^) بۆ ڤاوڵ (بزوێن — دەنگدار )

لە لاپەڕە (٦) بڕگە (٩)داهاتووە :

{٩- هەر وشەیەك، بە تیپە بزوێنی (ی)و(ێ) یا هەر بزوێنێکی تر کۆتایی هاتبێت،هەر شتێکی بەدوا داهات، ناوگرێکی نەبزوێن (ی)یەکی نەبزوێنی دەخرێتە سەر و لەگەڵ وشەی یەکەمدا پێکەوە دەنووسێنرێن، وەك : (نوێیە،ماڵییە،هەرمێیە،سێیەم) نەك:(نوێ یە،ماڵی یە،هەرمێ یە،سێ یەم).}

دیارە بەکارهێنانی وشەی (ناوگر) بۆ (ی) لەم شوێنە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی پێناسەی ناوگر بەم شێوەیە !

(( ئەو جۆرە ئافێکسانەن کە لە ناوەندی رەگی وشە دادەندرێن))،مەگەر بە خوازە(مجاز) بڵێین دەشێ.

((١—) د.نەو رەحمانی حاجی مارف — وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد — بەغدا،١٩٧٧).

<u>(تێبینی:</u> ئافێکس (affix)، لە وشەی (affixus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە بەمانای ((گیر، چەسپاو)). ئەو مۆرفیمەیە کە واتای رێزمانی هەیە (گیرەك)یش پێ دەلێن.بەتەنیا بایەخی نییە، کە دەچێتە سەر وشە دەتوانێ دەوری دروست کردنی وشە ببینێ و واتابەخشێت.

((ناوگر — inffix)) لە وشەی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای (خستنەناو،تێ هەڵکێشان) هاتووە.

مەسعود محەمەد لە کتێبی (چەند حەشارگەیەکی رێزمانی کوردی،بەغدا،١٩٧٦ لە باسی ناوگردا (ل٧٧—٨٥) گەلێك رووی گرنگی ئەو کێشەیەی ساغ کردۆتەوە و (٢٢) نموونەی هێناوەتەوە:

- بواردن /ا/ لە (بوردن)ەوە هاتووەن ئەمیشیان دەنگێکی (ا) هاتۆتە نێوان (و،ر)و فیعلەکەی کردوە بە تێپەڕ.

- شەبەق /بە/ بە واتای (شەق بردنێکی گەورە)، لە وشەی (شەق) وەرگیراوە.

- برێشکە /ێ/ لە برژانەوە هاتووە، دەنگی (ێ) لە لاوە هاتووە بۆ ناوئاخنی وشەکە.)

کەواتە بەکارهێنانی وشەی ناوگر لەم حاڵەتە هەلەیە. ئەم کۆنسونانتە (نەبزوێنە)ی دێتە نێوانەوە بۆ مانەوەی هەردوو بزوێنە و (ناوگر) نییە.

١٢- لە ل(١٩) بڕگەی (٢):

دووەم چەند سەرنجێکی گرنگ:

{٢- یەکێك لەو رەخنانەی لە گشت شێوە رێنووسێکی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەگیرێت ئەوەیە، کە بزوێنی (و-u) لە کۆنسونانتی (و-W)و بزوێنی (ی-î) لە کۆنسونانتی (ی-y) لێك جیا نەکراونەتەوە.ئەو دوو دەنگە بزوێنە (و-u)،(ی-î) کە لە گۆ کردن و کاردا،لەگەڵ (و-W)،(ی-y)ی کۆنسونانت جیاوازن و، دەبوو لە رێنووسدا نیگگاگریگان، مۆرکی ئەو جیاوازییەی پێوە دیاربوایە}

ئەم دەقە بە دەستکاری کەمی سێ وشەی هاووتا لە (ل(٩٩)) بڕگەی دوو لە {گیروگرفتی(و-W)و (ی-y) کۆنسونانت} هاتووە.لە کتێبی (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی)دا هاتووە بێ ئاماژە پێدان و باسکردن.

چی لە دەقی ئەورەحمان گۆڕاوە:

| ئەو رەحمان | ئەکادیمیا |
|---|---|
| تەلەفوز | گۆ کردن |
| هەڵدەستێ | دەگیرێت |
| وەربگرتایە | پێوەدیاربوایە |
| رەنگی | مۆرکی |

لە چەند دەقێکی دیکەشدا ئەم دیاردەیە هەیە.
ل-٢٠/ لە بڕگەی /٢-/ لە وشەی {بڕوێتی (ی-)(أ) تا (هەڵەیە)}.

١٣ـ لە /ل٢٥/ ڕێبازی یەکەم هاتووە :

{١- ئەگەر یەکەم وشەی، وشە لێکدراوەکە بە (تیپە نەلکاو) کۆتایی هاتبێت، ئەوا بەبێ یارمەتی دەدرێتە دەم یەکتر و هیچ گرفتێك لە نووسیندا نییە،

وەك:

| وشەی سادە | وشەی لێکدراو |
|---|---|
| دار ، بەڕوو | داربەڕوو |
| چاو، کاڵ | چاوکاڵ |
| پەڕۆ، کۆ | پەڕۆکۆن |
| شا، توو | شاتوو |

٢ـ ئەگەر وشەیەوشە لێکدراوەکە بە (تیپە لکاو)کۆتایی هاتبێت، وەك (دڵ پاك)، ئەوا ئەم جۆرە وشە لێکدراوە ، هەندێ گیروگرفتی نووسینی تێدا دەبێت، چونکە دەشێت بە دوو شێوە بنووسرێت، یان دوو وشەکە پێکەوە بنووسرێن (دڵپاك)، یان بە جیا (دڵ پاك).
ئەوەشیان یەکێکە لەو گیروگرفتانەی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی پەیدا کردووە تۆ ناچاری لە (تۆپەڵە قوڕ، کلاّفە دەزوو، کۆتەرە دار)، بەجیا بیان نووسی ئەچی بێی (دڵتەڕ،چینچین،دەنگگر،نووکتیژ،ماسیگرە) بە یەکەوە بلکێنیت.واتا تایبەتمەندیی ڕێنووسی عەرەبیی گرفت بۆ ڕێنووسی کوردی دروست دەکات.
ئەلفوبێی کوردی بەم شێوە بنووسرێت:
(ئا،ئە،ئو، ئۆ،ئوو،ئێ،ئی،ئیی،ئێ،ب،پ،ت،ج،چ،ح،خ،
د،ر،ڕ،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ک،گ،ل،ڵ،م،ن،ه،و،ی)
ئا: ئاو،ئەو،ئێرە
ئە: ئەو،ئەمڕۆ،ئێوە

ئو: کورد،کوڕ،گورج

ئۆ: کۆ،تۆپ،دۆ

ئوو: پوور،کووڕ،مێژوو

ئیَ: ژێن،دێڵ

ئیّ: دیّ،زیّ،لێو

ب: با،باب،ببە

پ: پار،دەپ،پەپولە

ت: تار،هات،بتبینم

ج: جیّ،وەج

چ: چیا،چا،ورچ

ح: حەوت،پەحا

خ: خەو،ئاخ

د: دار،بەرد

ر:وەرە،دار،کەر

ڕ: ڕاو،کەڕ

س:سارد،داس

ش: شار،شەش

ع: عەرەب،باع

غ: غار،باغ

ف: دەف،فێل

ڤ: دەڤ،داڤ،ڤیان

ق: قاز،لەقلەق

ك: کورد،کاڵ

گ: گا،گۆریگ

ل: لا،لێو

ڵ: دڵ،لاڵ

م: میٚ،دەم

ن: ناو،نان

ه:هەتاو،ئاه

و: ویریا،وەرە،داو

ی: یار،دیار

تێبینی: پیتەکانی زمانی کوردی – عەرەبی دەسکاری کراو، بە پێی لکان و نەلکانی دواییەکانی دوو جۆرن:

ئەو پیتانەی دواییەکانیان بە پیتێکی دیکەوە دەلکێن، پیتە لکاوەکان ئەمانەن:

(ب،پ،ت،ج،چ،ح،خ،،ی،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ك،گ،،ل،ڵ،م،ن،ه)

ئەو پیتانەی دواییەکانیان بە پیتێکی دیکەوە نالکێن، پیتە نەلکاوەکان، ئەمانەن:

(ر، ڕ، ز، ژ، د، ا،ە، و، و، ۆ، ی، ی، ێ)

ئەم تایبەتمەندییەی پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی زیانی بە زمانی کوردی گەیاندووە، لە ڕووی ڕێنووسی و وشە ڕۆنانەوە.

بۆنموونە:

(زەوی، زەوییەکە،زەوی یەکە،بنچینە،بنچینەی یەکان،بنچینەییەکان،

سینی، سینییەکە، سینی یەکە، دڵ پاك، دڵپاك، نووك تیژ، نووکتیژ، دڵ تەڕ، دڵتەڕ، پێش نوێژ، پێشنوێژ، باوك مردوو، باوکمردوو، ئاسنگەر، ئاسن گەر) .




زمانناسی

13

چاپخانەی ڕۆژهەلات/هەولێر